تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

جەمال نەبەز

کۆبەرهەم
ژمارە (١)
بابەتی بیرکاری و پێتوری
ژمارە (١)

هێندێك لە کێشە بنەڕەتی یەکانی
قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم

بەرگی یەکەم

منتدى إقرأ الثقافي
للكتب (كوردي - عربي - فارسي)
www.iqra.ahlamontada.com

چاپی دووەم
هەولێر - کوردستان

2001

لە بلاوکراوەکانی ڕۆژنامەی [illegible] ژمارە (٢٠)

جەمال نەبەز

کۆبەرهەم
ژمارە (١)
بابەتی بیرکاری و پیتۆری
ژمارە (١)

هێندێك لە کێشە بنەڕەتی یەکانی قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم

بەرگی یەکەم

چاپی دووەم

هەولێر باشووری کوردستان
2001

* ناوی پەرتوك: هێندێك لە كێشە بنەڕەتی‌یەكانی قوتابخانەی كوردیی سۆسیالیزم.
* ناوی نووسەر: پرۆفیسۆر جەمال نەبەز.
* پیت چنین و نەخشەسازی: دەزگەی كۆمپیوتەری زادە.
* تیراژ: ١٠٠٠ دانە.
* چاپی یەكەم: بڵاوكراوەی ڕێكخراوی خوێندكارانی سۆسیالیستی كورد لە ئەورووپا (سۆكسە) لكی سوێد. چاپخانەی بنكەی چاپەمەنیی ئازاد / ستۆكهۆلم(سوێد) چاپكراوە، ستۆكهۆڵم سوێد ٢٥٩٦ك/١٩٨٤ف.
* چاپی دووەم: بڵاوكراوەی ڕۆژنامەی میدیا ژمارە (٢٠)، هەولێر ـ باشووری كوردستان ٢٧٠١ كوردی، ٢٠٠١ زایینی.
* مافی چاپكردنەوەو وەرگێڕانی هی نووسەرە.

چەند وشەیەك بۆ چاپی دووەم

پاش بڵاوبوونەوەی ئەم وتارانەی کە لە نێو ئەم بەرگەدا جێیان کراوەتەوە هەڤدە ساڵێك لەمەوبەر لە سوێد، خەڵکێکی یەکجار زۆر حەزیان بە خوێندنەوەی ئەم پەرتۆکە کرد، بە تایبەتی دوای دامەزراندنی "هەرێمی ئاسایش" و هاتنەکایەی دەسەڵاتی خۆیی لە بەشێك لە باشووری کوردستاندا؛ کە ڕێ بۆ ئەوە کرایەوە؛ هێندێك لە نووسینەکانم بە ژمارەیەکی کەم بگەنەوە کوردستان. بۆ دابینکردنی داخوازیی خوێنەران لە کوردستان، چەند کەسێك لە سلێمانی دوو ساڵێك لەمەوبەر، بە هۆی چاپخانەی ئۆفسێتی (سەفوەت)ەوە چەند سەت دانەیەکیان بە فۆتۆکۆپی لێ ڕاکێشابوو، کە ئەوەش هەر بە زوویەکی زوو لە بەردەستدا نەمابوو.

ئەوەی لێرەدا شایانی باسە ئەوەیە چاپی یەکەمی ئەم پەرتۆکە پڕە لە هەڵەی چاپی، کە کاتی خۆی هەموویم بۆ بڵاوکەرەوەکەی لە سوێد ڕاستکردبووەوە، بەڵام بە داخەوە، ئەو گوێی نەدابوو بە لابردنی هەڵەکان. ئەوجا دیارە ئەو برادەرانەی سلێمانیش کە لەبەر ئەو چاپەیان گرتبووەوە، ئەوانیش هەر بەو هەڵانەوە پێشکێشی خوێنەرەوەیان کردبوو. سەیر ئەوەیە ئەم بەڕێزانە هێندە زەحمەتیان نەدابووە بەر خۆیان تەماشایەکی بەرگی پەرتۆکەکە بکەن بۆ ئەوەی هیچ نەبێ بزانن نێوی نووسەرەکەی بە تیپی کوردیی لاتینی لەسەر بەرگەکە چۆن نووسراوە؛ تاکو ئەوانیش هەر وابینووسنەوە، بەڵکو ئەوەشیان هەر بە هەڵە و لەپاڵ وشەی ئینگلیزیدا نووسیبوو کە هیچ پێوەندییان بەو بەرگە کوردییەوە نەبوو. بێجگە لەوەش ساڵی ڕاکێشانیشی دیار نەکرابوو. لەبەر ئەوە ناچاربووم بۆ ئەم چاپە سەرلەنوێ هەڵەکان دەستنیشان بکەمەوە، هیوام وایە ئەمجارە بێ هەڵە بخرێتە بەردەم خوێنەرەوە.

بەڕاستی ئەز بۆ خۆم هەڵەی چاپیم وەك ئەوە دێتە بەرچاو کە تۆ ڕۆژێك بە درێژایی خەریکی چێشتلێنان بووبیت بۆ میوانێکی خۆشەویست، کەچی کە ئێواریێ چێشتەکەت تێ کردبێ بۆی، چەندمێشێك لە شلەکەدا مەلەیان کردبێ.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئەوە بێژم کە ئەم وتارانە دیرۆکی هاتنە کایەو نێوەرۆکی قوتابخانەیەکی سۆسیالیزم لە کوردستاندا دەخەنەڕوو، واتە قوتابخانەیەکی کوردی بۆ بیروبۆچوونی ڕێبازی سۆسیالیزم کە وەك بیرۆکەی ئازادی و یەکسانیی مرۆڤ بۆیەکەمینجار بە پێی ئەو بەڵگەنامانەی لە

بەردەستدان لە ئامانجە ئاشکراکراوەکانی شۆڕشی هەژار و رووتەو چەوساوەی کورددا خۆیان نواند کە بە سەرۆکایەتیی شۆڕشگێڕی نێوداری کورد پاپەکی خورەمدین لە نێوان ساڵانی ٨١٦/٨١٧-٨٣٧ و لە چیاکانی کوردستاندا گڕی سەند دژ بە ملهوڕیی خەلیفەی عەباسیی عارەب و سیستەمی فەرمانڕەوایی زۆردارانەی ئەو سەردەمە.

ئەم باسەی کە لەم بەرگەدا جێی گرتووە بەشێکە لە یەکێك لە زنجیرەکانی **کۆ بەرهەمەکانم** کە هیوام وایە بەرە بەرە هەموو، یان زۆربەی نووسینە چاپکراو و چاپنەکراوەکانم بگرێتە خۆی. جا لەبەر ئەوەی باسەکە لە سنووری بابەتی فەلسەفەدا دەگەڕێ؛ بۆ سەر نێوی ئەم زنجیرەیە وشەی (**بیرکاری**) و (**پیتۆری**)م بەکارهێنا، کە (**بیرکاری**) بەرامبەر (**فکری**)ی عارەبی و (**پیتۆری**)ش بۆ (**حکمة وفلسفة**) بە گونجاو دەزانم. (**پیتۆری**) وشەیەکی کوردیی خۆشناوەتی‌یە کە هێندێك کورد کردوویانە بە (**پیتۆڵی**)؛ وەك چۆن (وەرام) یان کردووە بە (**وەڵام**) و (**گەمار**) یان کردووە بە (**گەماڵ**) و (**کۆمەڵ**) یان لە جیاتی (**کۆمەر**) لە (**کۆمار**)ەوە دەرهێناوە و ئێستە لەسەرمان بووە بە (**ماڵ**)!، ئەمە لە کاتێکدا کە دەنگی "**ر**" (ر) لە زمانی کوردی‌دا کۆنترو رەسەنترە لە دەنگی (ڵ) و (ڵی).

جەمال نەبەز

٢٠٠١/٤/١٤ بەرلین

چەند وشەیەك لەجیاتی سەرەتا

مەبەست لەم چەند باسەی کە لەم بەرگەدا جیٚیان کراوەتەوە ئەوەیە؛ خویٚنەرەوە ئاشنایەتی‌یەك لەگەڵ سەرەتا بنەڕەتی‌یەکانی ئەو بیرەدا پەیدا بکات کە بە نیٚوی "**بیری ئازادی‌و یەکسانیی کوردی**، یان **قوتا بخانەی کوردیی سۆسیالیزم**"ەوە، ماوەی چارەکە چەرخیٚك لەمەو بەر لە کوردستاندا سەری هەڵدا، و بوو بە فەلسەفەی ریٚکخراوی "**کاژیك**"؛ واتە "**کۆمەڵەی ئازادی‌و ژیانەوە و یەکیٚتیی کورد**" کە لە ١٩٥٩/٤/١٤دا دامەزرا.

هاتنە کایەی "**بیری ئازادی و یەکسانی**" لە کوردستانیٚکی، لەباری نەریٚتی کۆمەڵایەتی‌یەوە دەرەبەگانەی پیاو فەرمانیی دواکەوتوو،و لەباری رژیٚمی سیاسی‌شەوە داگیرکراو و لەت لەت کراو و بیٚ داوودەزگەی دەوڵەتیی سەربەخۆی،و پیٚخوستی فەرمانڕەوایانی بیٚگانەی سەر بە بیری ناسیۆنالیزمی شۆڤیٚنیستانەی تۆتالیتاریستانەی عەرەب و ترك و فارس، شتیٚکی هەروا هاسان نەبوو. نەك هەر لەبەر ئەوەی کە ئەم فەرمانڕەوا ملهوڕانە پیٚیان بەسیٚبەری سەری هەموو ئازادبیریٚکی وەك سۆسیالیستە کوردەکاندا دەناو بەس، بەڵکو لەبەر ئەوەش بوو کە بەرەی هوردە بۆرژوای کوردیش، شان بەشانی داگیرکەرانی کوردستان بەرەبەرەکانیٚی ئەم بیرە تازەیەی دەکرد. هۆی هەڵویٚستی دوژمنانەی هوردە بۆرژوای گوایە رۆشنبیر ی کورد، بەتایبەتی سەبارەت بەوە بوو کە ئەم تویٚکەی، ئەو دەمە لە نیٚو کورددا بیٚ بنکەو جەماوەرە، هەر لە نیٚوەڕاستی چلەکانەوە، خۆی بە پاشکۆی ریٚبازی "**ئینتەرناسیونالیزمی کۆمۆنیستیٚتی**"یەوە بەستبووەوە، کە ئەوسا هەریەك سەرکردایەتی هەبوو، ئەوەش "**مۆسکۆ**" بوو. پەیتا پەیتاش پرۆپاگەندەی ئەوەی دەکرد، کە گوایە "**هەر مارکسیستە دەتوانیٚ لافی سۆسیالیزم لیٚ بدات و سۆسیالیزم وەك بیریٚکی زانستانە هەر لە مارکسیزم دا بەدی دەکریٚ و هەموو جۆرە سۆسیالیزمیٚکی دی خەیالی‌یە**". جا ئەمەش وەنەبیٚ هەر لە کوردستانادا وابوبیٚ، بەڵکو هەموو حیزبە کۆمۆنیستەکانی جیهان، و زۆر بەتایبەتی حیزبە کۆمۆنیستەکانی رۆژهەڵاتی نیٚوەڕاست، کە بە زۆری لە هوردە بۆرژوای گوایە "**رۆشنبیر**" پیٚك هاتبوون، پیٚیان وابوو هەر مارکسیستە دەتوانیٚ ببیٚتە سۆسیالیست. هەر "**نا مارکسیستیٚکیش**" باسی "**سۆسیالیزم**"ی بکردایە، گەلیٚك

نێوونەتورەی "**لاکردوو**" (منحرف) و "**ئۆتۆپی**" (خەیالی)، و ریڤیزیۆنیست (تحريفي) و "**سۆسیال شۆڤێنیست و هەلپەرست**" و هتدیان بە بالا دەبڕی.

دیارە ئەم وادانانە (فرضية)ی مارکسیستەکان، کە گوایە "**سۆسیالیزم، وەك بیرێکی زانستانە، هەر لە مارکسیزم دا بەدی دەکرێ**"، دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەك؛ کە یەکێکیان نەشارەزایی، یان خۆگێل کردنە لە مێژووی پەیدا بوون و دۆخگۆڕیی (تطور) بیری سۆسیالیزم،و یەکێکیشیان لەوەوە دێ کە مارکسیستەکان سەرەتای پەیدابوونی ئەوەی پێی دەبێژن "**سۆسیالیزمی زانستانە**"؛ بە بیری "**مەتریالیزمی مێژوویی**"یەوە گرێ دەدەن. جا لەبەر ئەوەیە مارکسیستەکان، هەموو ئەو بیرو رامانانە (تطورات)ی کە لە پێش پەیدابوونی مارکسێتیی‌یەوە لە سۆسیالیزم دوواون، بە "**سۆسیالیزمی خەیالی**" دەدەنە قەلەم.

تا ئەوەندەی مەسەلەکە پێوەندیی بە مێژووی سۆسیالیزمەوە هەیە، ئەوا وشەی "**سۆسیالیزم**" بۆ یەکەمجار لە سی‌یەکانی سەدەی نۆزدەدا لە ئەورووپا هاتە کایەوە، ئەوەش وەك بیرێکی پێچەوانە بە بیری سەرمایەداری، واتە بیرێك کە هەوڵ بدات بۆ لابردنی پێوەندیی سەرمایەدارانە لەبارەی **هی خۆییی تاکیی** (الملكية الفردية) هۆی بەرهەم هێنان،و گۆڕینەوەی بە پێوەندی‌یەکی نێوکۆ، واتە کردنی هۆی بەرهەم هێنان بەهی خۆییی دەوڵەت (ملكية الدولة)، یان بەهی خۆییی کۆمەڵگە (ملكية المجتمع)، یان بە هی خۆییی هەرەوەزگەکان (ملكية التعاونيات)، ئەم بیرە؛ کە تەنێ پێوەندی "**بە نێو کۆیی کردنی هۆی بەرهەم هێنانەوە**" هەیە و هەتا ئەمڕۆ لای گەلێك دەستەوبەرەی کە خۆیان بە "**سۆسیالیست**" دەزانن، هەر ماوە، بەلای "**بیری ئازادی و یەکسانیی کوردی**"یەوە؛ بەسەرنجێکی تەنگەبەرانە دەدرێتە قەڵەم لە مەیدانی سۆسیالیزمدا، وەك لە شوێنی خۆی دا باس دەکرێ. لەو کاتەشەوە هەتا ئەمڕۆ، تێگە (مفهوم)ی سۆسیالیزم گۆڕانکاری‌یەکی زۆری بەسەردا هاتووە جا ئەگەر مەبەست لە "**سۆسیالیزم**" نەهێشتنی دادۆشینی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە بێ؛ ئەوا هەوڵدان بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی وا؛ کە دادۆشینی مرۆڤی تێدا نەبێ؛ لە مێژووی پەیدابوونی وشەی "**سۆسیالیزم و مارکسیزم**" زۆر کۆنترە.

بۆ وێنە: لە "**کۆماری ئەفلاتوون**"دا باسی کۆمەڵگەیەکی پڕ لە داد پەروەری کراوە، "**ئاڤیستا و ئینجیل و قورئان**"، هەر یەکەیان لە باری سەرنجی خۆیەوە، باسی داد پەروەری کردووە، **عەلی کوڕی ئەبی تالب**، یەکەمین ئیمامی شیعەکان و چوارەمین خەلیفەی پاش پەیامبەر (٦٥٦-٦٦١) گوتویەتی: "**کاد الفقر ان يكون**

كفراً" (هەژاری هێندەی لە كفر نەگەڕاوەتەوە). هەروەها گوتوویەتی: "**لا یجمع مال الا من شح او حرام**" (**ماڵ كۆنابێتەوە، مەگەر لە پیسكەیەتی یان حەرام**). هێندەی مەسەلەكەش پێوەندی بە كوردەواری‌یەوە هەیە، ئەوا هەرچەندە وشەی "**سۆسیالیزم**" كوردی نی‌یەو لە زمانی كوردی‌دا تازە كوورەیە، بەلام "**سۆسیالیزم**" وەك بیرێك- لە كوردستاندا شتێكی تازە كوورە نی‌یە. **پاپەكی خورەمی**، لە كوردستانی نیوەی یەكەمی سەدەی نۆیەمدا ویستوویەتی "**كۆمەڵگەیەكی بێ چین**" دابمەزرێنێ، و لەم رووەشەوە شۆڕشێكی چەكدارانەی لە نێو خەڵكی رەشوڕووتی ئەو دەمەی كوردستاندا لە دژی خەلافەتی عەرەبیی ئیسلامی هەڵگیرساندووە. بیری پاپەك هێندە تەنیوەتەوە، تەنانەت كاری كردووەتە سەر **قولەڕەشەكانی بەسرە** و، وای كردووە لێیان، كە ئەوانیش شۆڕش هەڵ بگیرسێنن لە دژی خەلیفەی ئیسلام، و ئەوانیش بۆ "**كۆمەڵگەیەكی بێ چین**" هەوڵ بدەن.

ئەوانەی شارەزای مێژووی كوردن دەزانن كە **هی خۆییی خاك** (**ملكیة الارض**)، واتە **هی خۆییی كشتوكاڵی** (**الملكیة الزراعیة**) لە بەشێكی هەرە گەورەی كوردستاندا، تا نێوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم **هی خۆیی‌یەكی نێوكۆیی** (**ملكیة مشاعة**) بوو؛ زەویی كشتوكاڵ هی "**هۆز**" یان هی "**چەند هۆزێك**" بوو، **نەك هی تاقە كەسێك یان بنەماڵەیەك**. **هی خۆیەتیی تاكی** (**الملكیة الفردیة**) و "**تاپۆ**" لەلایەن سوڵتانەكانی عوسمانی‌یەوە داهێنران. بێجگە لەمانەش، لە ئەورووپا، لەسەتەكانی نێوەڕاست و لە سەتەی (١٥) بەدواوە گەلێك زاناو خێرخوازی وەك **تۆماس مۆرۆس** (١٤٨٣-١٥٣٥)و **كامپانیلا** (١٥٦٨-١٦٣٩) و **فۆریێ** (١٧٧٢-١٨٣٧)و **ژان ژاك رووسۆ** (١٧١٢-١٧٧٨)و **ئۆوون** (١٧٧١-١٨٥٨)و **پرودۆن** (١٨٠٩-١٨٦٥) هەبوون، كە ئەمانە لە پێش **كارل ماركس** (١٨١٨-١٨٨٣)و **فردریك ئێنگلس** (١٨٢٠-١٨٩٥)دا، نەخشەی دامەزراندنی كۆمەڵگەیەكی سۆسیالیستانەیان كێشاوە. ئەمە لە باری مێژووی بیری سۆسیالیزمەوە، خۆ ئەگەر مەبەستیش ئەوەبێ كە هەر بیری سۆسیالیزمی ماركسی‌یانە "**سۆسیالیزمێكی زانستانە**"یە، و ئەوانی دی "**زانستانە نین**"؛ ئەوا مەسەلەی "**زانستانە**" و "**نازانستانە**"ی بیرێكی سیاسی، یان رێبازێكی كۆمەڵایەتی، یەكەم؛ ئەو "**سەنگ و تەزاوو**" وە دەست نیشانی دەكات كە ئەو بیرە یان ئەو رێبازە كردوویەتی بە "**پێوانە**" ی خۆی، و دووەم: "**زانستانەیی**" یان

"**نازانستانەیی**"ی بیرێك، زۆرتر لە مەیدانی "**خستنە کردەوە**" و "**تاقی کردنەوە**"دا لە چەند شوێنێکی جیاوازو چەند کاتێکی جیاوازدا؛ دەردەکەوێ.

راستی‌یەکەی، ئەوەی تا ئێستە یارمەتی مارکسیستەکانی داوە، بۆ ئەوەی بتوانن ئەم لافە لێ بدەن، بەتایبەتی لە "**جیهانی سێیەم**" و "**جیهانی چوارەم**"دا، ئەوەیە جیهانی سەرمایەداریی رۆژاوا، زۆر بەتایبەتی، لە رۆژانی کارل مارکسەوە تا ئێستە، بەهۆی ناکۆکی‌یەکانی نێوخۆوە، کە دوو جەنگی جیهانیی ماڵوێرانکەری لێ پەیدابوو، و هەروەها لە رێی کۆلۆنیزە کردن و تاڵان کردنی ماڵ و سامانی وڵاتەکانی رۆژهەڵات، و دیل کردن و بندەست کردنی گەلەکانی‌یەوە، وێنەیەکی دێوەزنگانەی بۆ خۆی لە نێو گەلانی ژێر دەستەدا دروست کردووە، و لە هەمان کاتدا فەرمانڕەوایانی ئەو جیهانە سەرمایەدارە، بە هەموو جۆرێك بەربەرەکانێی بیری مارکسیزم و کۆمۆنیزمیان کردووە، و بەم بەربەرەکانی‌یەش، ناویستە (عن غیر قصد)، رێزو پیرۆزی‌یەکی زۆریان بۆ مارکسیزم و کۆمۆنیزم دروست کردووە، جا لەبەر ئەوەی بەشێك لە فەرمانڕەوایانی جیهانی سەرمایەداری، کە نێویان ناوە "**جیهانی ئازاد**"، لەوانە بوون و لەوانەن کە بە "**سۆسیال دیمۆکرات**" ناسراون؛ کە هێندێکشیان خۆیان بە "**سۆسیالیست**" یان "**دیمۆکرات سۆسیالیست نێو دەبەن، دیارە ئەمە پتر ئاوی بەسەر ئاشی "سۆسیالیستە مارکسی‌یەکان**"دا کردووە؛ چۆنکە ئەوەی هێندێك لەم هوردە بۆرژوا سۆسیال دیمۆکراتە ئەوروپایی‌یانە، بە کردەوە کردوویانەو دەیکەن بەرامبەر چینی کرێکار و هەژار و رووتەی وڵاتانی دواکەوتوو و گەلە بندەستەکانیان، لە رێی پەیمان بەستنەوە لەگەڵ رژێمە تۆتالیتێرو دیکتاتۆری‌یەکانی ئەو وڵاتانە، هیچ چەپی نی‌یە لە کردەوەی ئەو حیزب و کۆمەڵە کۆنزەرڤاتیڤانەی، کە راستەوخۆ و بێ پەردە بەربەرەکانێی هەموو بیرێکی سۆسیالیستانە دەکەن، و ئەمەش بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ بەڵگەو بیانووی دایە دەست مارکسیستەکان، کە هەتا پاش جەنگی جیهانیی دووەم هەر لە تاکە وڵاتێکدا، واتە هەر لە یەکێتیی سۆڤێتدا، فەرمانڕەوابوون و هێشتا لە هیچ وڵاتێکی دی‌دا نموونەی فەرمانڕەوایی‌یان نەبینرابوو، کە هەر خۆیان بە "**سۆسیالیستی راستەقینە**" و "**نوێنەری پرۆلیتاریا**"بزانن؛ بوونی شورەیەکی ئاسنین بە دەوری وڵاتی "**تاقانەی سۆسیالیست**" بۆ ئەوەی لە "**مەیدانی خستنە کار**"دا رەنگ و رووی دەرنەکەوێ بۆ خەڵکی. بەڵام دروست بوونی چەند دەوڵەتێکی مارکسیستانە بە نێوی "**دیمۆکراتی گەلێر**"ەوە پاش جەنگی

جیهانیی دووەم لە ئەورووپای رۆژهەڵاتدا، کە زۆربەی زۆریان بە یارمەتیی سوپای سۆڤێت دامەزران، ئەوجا مردنی **ستالین** لە ساڵی ١٩٥٣دا، و هاتنە سەرکاری چەند سەرکردەیەك بەتایبەتی (**خرۆشێف**) کە دەروازەی خڕداخراوی سۆڤێتیان لە پڕ کردەوە بەرووی جیهانی سەرمایەداریی ئەهلیی رۆژئاوادا، و کەوتنە بەستنی پێوەندیی بازاڕکاری بە نێوی "**پێکەوە ژیانی ئاشتی خوازانە**"وە، دوای ئەوەش؛ چاوگێڕانەوە بە سەنگ و تەرازووی مارکسیستانەی کلاسیکی دا، بەتایبەتی لابردنی "**دیکتاتۆرێتیی پرۆلیتاریا**"، بە کورتی سەرکەوتنی رێبازی "**دەستکاری کردن**" لە بیری مارکسێتیدا، زێتر رێی کردەوە بۆ گومان کردن لە "**زانستایەتیی**" بیری سۆسیالیزمی مارکسیستانە.

شایانی باسە، کە رەخنەگرتن لە بیری مارکسێتی لە کوردستاندا، بۆ یەکەمجار، لە نێوەڕاستی پەنجاکاندا دەستی پێ کرد، بەتایبەتی پاش مردنی **ستالین**. ئەو کوردانەی رەخنەیان لە بیری مارکسێتی دەگرت، لە پێشەوە، لە وتووێژی تیۆرییانەوە دەستیان پێ نەکرد، بەڵکو جاریٚ کارو کردەوەی سەرکردەکانی یەکێتیی سۆڤێتیان لەگەڵ رامانەکانی (تصورات) مارکسێتیدا بەراورد دەکرد، و لە تاقی کردنەوەی مێژووی کورد و گەلانی ژێردەستەی دییەوە لەگەڵ "**دەوڵەتی پرۆلیتاریا**"؛ وێنەی زیندوویان دەسختە بەرچاو. بۆ نموونە زۆر بە سادەیی، دەیانگوت: **دەبیٚ قسە و کردەوە وەك یەك بن**، واتە "**تیۆری**" و "**پراکتیك**" لەگەڵ یەك "**جووت بەرامبەر**" بن. ئەوجا دەیانگوت: جا ئەگەر ئەمە وایە؛ چۆن دەبیٚ ستالینێك کە لاف "**پشتگیریی هەموو گەلانی ژێردەستەی جیهان**" لیٚ دەدات لە دژی "**ئیمپریالیزم**" و "**دەستندە خۆرەکانی**"، هەر ئەم ستالینە بچیٚ پشت بکاتە گەلێکی ژێر دەستەی وەك کورد و کۆمارە گچکەکەی مەهاباد، و رێك بکەویٚ لەگەڵ دەوڵەتی شای ئێران، کە هەر بە رەئی ستالین و لایەنگرەکانی؛ نۆکەری ئیمپریالیزمی سەرمایەداری و نوێنەری چینی دەرەبەگ و کۆنەپەرستێتییە، و هەر بە پێی ئەو رێك کەوتنە لەشکر بکێشێتەوە لە کوردستان، لەبەر خاتری چنگ کەوتنی ئیمتیازی نەوت؟ یان ئەوەی، ستالین بچیٚ لە تاران لەگەڵ پیاوانی وەك **چەرچل و رۆزفلت**، بەیانی وا دەربکات وەك **بەیانی سیٚ قۆڵیی تاران** کە لە ١٩٤٣/١٢/١دا دەرکرا، بۆ رێزگرتن لە رژێمی شاهەنشاهی ئێران و لە دژی بەرژەوەندیی گەلانی ژێر دەستەی **ئازربایجان و کوردستان**، ئەمە لە کاتێکدا کە هەر ستالین خۆی؛ **چەرچل و رۆزفلت** بە نوێنەری سەرمایەداران و خوێنمژانی پرۆلیتاریای جیهان بداتە قەڵەم؟ ئایە

دەبێ بیرکردنەوە و ئامانجی "**سۆسیالیستێک**"ی وەک **ستالین**؛ هەروەک بیرکردنەوە و ئامانجی کابرایەکی سەرمایەدار بێ، واتە هەر بۆ سووت و قازانج هەوڵ بدات؟. سۆسیالیستە کوردەکان، ئەمجا نەختێک دەچوونە دواوە بۆ رابوردوو و دەیانگوت: چۆن دەبێ **لێنینێک** کە بە دامەزرێنەری یەکەمین "**دەوڵەتی پرۆلیتاریا**" دەدرێتە قەڵەم، بچێ، پشت بکاتە گەلێکی جۆتکاری هەژاری وەک کورد، و ببێ بە هاوڕێ و هاوکاری هوردە بۆرژوایەکی دیکتاتۆری فاشیستی وەک "**کەمال ئەتاترک** و **رەزا پەهلەوی**؟" ئەمجا جارێکی دی دەهاتنەوە پێشێ و دەیانگوت: چۆن دەبێ کابرایەکی وەک "**خرۆشێف** رێزی **جەمال عەبدولناسرێکی ناسیۆنالیستی عەرەبی**، **لە کۆمۆنیستێکی عەرەبی میسری یان سووریایی یان عێراقی**" لا بەرزتر و زێتر بێ؟ جا کاتێک کە ئەم رەخنانە دەگیران، ئەو پرسیارەی دەهاتە پێشەوە؛ ئەمە بوو: ئایە ئەم هەڵوێستانەی "**لێنین و ستالین و خرۆشێف**"، سەبارەت بەوەیە کە ئەم سەرکردانە بیروباوەڕی مارکسیێتی‌یان باش نەخستووەتە مەیدانی کارەوە، یان ئەوەتە بیروباوەڕی مارکسیێتی، خۆی لە خۆی‌دا، ناتەبایی‌یەکی لە نێوزگدایە، کە بیەوێ و نەیەوێ، هەر دەبێ بکەوێتە سەر ئەم رێیەی ئەمڕۆ پێی دا دەڕوا؟.

وتوویژ لەسەر ئەم پرسیارە و هەوڵدان بۆ وەرامدانەوەی، بەرە بەرە بوو بە رەخنەگرتن و گومان کردن لە بیری مارکسیزم خۆی، و لەو "**پیرۆزی**" و "**نەگۆڕی**"یەی کە "**سۆسیالیزمی مارکسیستانە**" لە کوردستاندا پەیدای کردبوو.

بنچینەی تیۆری بیری سۆسیالیستە کوردەکان، پشتی بە **کولتووری کۆنی کورد** بەستبوو، کە بەشێکی ئەمە لە "**یەکێتی**"ی سێ کوچکەی "**بیرو قسەو کردەوە**"ی **زەردەشتدا** دەبینرێ. پەیامبەرو رێپێشاندەری کورد و ئێرانی‌یە کۆنەکان، و فەیلەسووفی رۆژهەڵات؛ **زەردەشت**، بۆ وەدەست دانی ئامانجی ئاینەکەی خۆی، فەلسەفەیەکی سێ کوچکەی بنیات ناوە: "**بیری باش و وتەی باش و کردەوەی باش**". بە پێی ئەم فەلسەفەیە؛ هەموو "**بیرێکی باش**" ئەنجامێکی باشی نابێ، ئەگەر "**باش دەرنەبڕێ**" و "**باش نەخرێتە مەیدانی کار**"ەوە. دەلێرەدا "**بیرو وتە و کردەوە**"، دەبێ پڕ بەپڕی یەک بن و تەڤی یەک بگونجێن. جا ئەگەر ئێستە، وتوویژ لەسەر ئەوە پەیدا ببێ کە "**باش**" چی‌یە و "**ناباش**" چی‌یە، ئەوا هیچ کێشەو بەرەیەک نابێ لەسەر ئەوە پەیدا ببێ، کە بیرەکە خۆی، و دەربڕینی بیرەکە، و خستنە کاری بیرەکە، لەگەڵ یەک دەبێ کۆک بن، واتە بۆ نموونە ئەگەر بیرێک لاڤی ئەوەی لێدا کە بەرزترین بیری مرۆڤایەتی‌یە و لە خزمەتی هەژار و

رووته و زەحمەتكێش و بەشخوراو دایە، نابێ هەر بە "**وتە**" و "**لەسەر كاغەز**" وابێ، بەڵكو دەبێ ئەوە "**بەكردەوە**" ئیسپات بكات. جا هەڵگرانی "**بیری ئازادی و یەكسانیی كوردی**" بەم تەرازووە سێ تایی‌یە لە "**سۆسیالیزم**" كۆڵینەوە.

جارێ بەر لە هەموو شتێك، "**هاوبیرانی ئازادی و یەكسانی**" لە كوردستاندا، دەیان پرسی و دەیانگوت: ئایە "**سۆسیالیزم**" هەروەك دیانەتی (المسیحیة) و موسوڵمانەتی و جوولەكەیەتی و زەردەشتێتی، ئاینێكی پیرۆزە، كە لە ئاسمانەوە نێررابێ بۆ ئادەمزاد، و چۆن ئەوانەی باوەڕیان بە ئاینێكی ئاسمانی هەیەو، بێ رەخنە و رەخنەكاری، خۆیان دەخەنە خزمەتی ئاینەكەوە، و جاری واش هەیە؛ خۆیان دەدەن بە كوشت لەسەری، هەروەهاش دەبێ "**مرۆڤی سۆسیالیست**" بەو چاوە تەماشای سۆسیالیزم بكات، و بێ رەخنەو رەخنەكاری، و بێ قڕەو بڕە، خۆی فیدا بكات بۆی یان ئەوەتە سۆسیالیزم، خۆی لە خۆیدا، رێیەكە، و بیری مرۆڤ دۆزیویەتەوە بۆ هاسان كردنی ژیان، و دەبێ لە خزمەتی مرۆڤدا بێ، خۆ ئەگەر پیرۆزی "**قدسیة**" یەكیشی بۆ حسێب بكرێ، ئەوە هەر لەوەوە دێ كە خزمەتی مرۆڤ دەكات، چۆنكە هەرچی‌یەك مرۆڤ دروستی كردووە، ئەوا هەر ئەوەندە پیرۆزە تا لە خزمەتی مرۆڤدایە، و هەر كاتێك لە سنووری خزمەتی مرۆڤ چووە دەرەوە؛ "**پیرۆزی**" نامێنێ. بۆ نموونە: مێشكی مرۆڤ، هێزی ئەتۆمی دۆزیوەتەوە، و ئەتۆمیش هەر هێندە باشە كە خزمەتی مرۆڤ بكات، بەڵام كە بوو بە هۆیەك بۆ قڕكردنی مرۆڤ، دەبێتە شتێكی خراپ. بە كورتی، لەمەوە قوتابخانەیەكی بیری تازە لە كوردستاندا دروست بوو، بە نێوی "**قوتابخانەی ئازادی و یەكسانی**" یان "**قوتابخانەی كوردیی سۆسیالیزم**"ەوە. هەڵگرانی ئەم بیرە تازەیە هەر لە سەرەتاوە بەم جۆرەی خوارەوە بیریان لە "**سۆسیالیزم**" دەكردەوە و دەیانگوت:

ئەگەر باوەڕ بهێنین بەوەی كە خزمەت كردنی مرۆڤ ئامانجە، و بیری سۆسیالیزم هۆیەكە بۆ ئەو ئامانجە، دەبێ باوەڕ بەوەش بهێنین كە مرۆڤ نابێ ببێتە بەندە و كۆیلەی بیری سۆسیالیزم، بەڵكو دەبێ بیری سۆسیالیزم لە خزمەتی مرۆڤ دابێ. كە هاتینە سەر ئەمەش، دەبێ بێینە سەر ئەوەی، كە بیری سۆسیالیزم دەبێ بەر لە هەموو شتێك خۆماڵە سروشتی‌یەكانی مرۆڤ بگرێتە بەرچاو، و رێزیان لێ بنێ، و لە خزمەتی هێنانەدی ئەو مافە بنچینەیی‌یانەدا بێ كە لەو خۆماڵە سروشتی‌یانەوە پەیدا دەبن. دەیەكێك لەو خۆماڵە گشتی‌یە سروشتی‌یانەی ئادەمزاد "**ئازادی**"یە. **هەموو مرۆڤێك**

لێرەمەبەست لە مرۆڤ، تەنێ مرۆڤی ژیرە- ئازادە، لەو رۆژەوە کە لە دایك دەبێ، تا ئەو رۆژەی لە جیهان دەردەچێ. ئەوجا یەکێك لە تایبەتی‌یەکانی **مافی سروشتی "الحق الطبیعي"** ئەوەیە، کە ئەو مافە بەشێکە جیا ناکرێتەوە لەو **"شتە خۆی"**. بۆیە؛ نەدەبەخشرێ و نەدەکڕرێ و نەدەفرۆشرێ. لەبەر ئەوە، لەبارەی سەرنجی **"بیری ئازادی و یەکسانیی کوردی"**یەوە، دەبێ بیری سۆسیالیزم، هەر لە بنەڕەتەوە و بە کردەوە؛ خزمەتی سەرەتای **"ئازادیی مرۆڤ"** بکات، بۆیە هاوبیرانی **"بیری ئازادی و یەکسانیی کوردی"** دەیانگوت: "ئێمە یەك کەلێرەوە لە سەرەتای ئازادی‌یەوە- دەست پێ دەکەین، کەسێك ناتوانێ بێ و پێمان بسەلمێنێ؛ کە سۆسیالیزم هەر بریتی‌یە لە تێربوونی سك و بەجێ گەیاندنی پێویستی‌یە سەرەتایی‌یە ماددی‌یەکانی ژیان، وەك جلوبەرگ و خانوو و کەلوپەلی رابواردن. بە کورتی **"قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم" هەر زگ تێری و پارس نەکردن بە "سۆسیالیزم"** نازانێ. ئەمەش شتێکی رەوایە. چۆنکە رەنگە ئەوانەی کە لە هێندێك وڵاتی وادا دەژین، کە گەلەکانیان هەژار کراون، و هی وایان هەیە کە ساڵێ جارێکیش تێر بە زگی خۆیان ناخۆن، باوەڕ نەکەن کە سەگ لە هێندێك لە وڵاتەکانی رۆژئاوادا، هێندە بەڕێزن؛ هەموو رۆژێك گۆشتی تازەیان دەدرێتێ، و بەسابوون و دەرمان پاك و تەمیز دەشۆرێن، و زوو زوو دەبرێنە لای دوکتۆر، و بە شەو جێی گەرم و گوڕیان هەیە، بەڵام **"سەگ هەروەك سەگ"** تەماشا دەکرێن، واتە بە پێی هەوەس و ئارەزووی خاوەنەکانیان پەت دەکرێتە ملیان، و ئەگەر بە دڵی خاوەنەکانیان نەجووڵانەوە، ئەوا دەدرێنە بەر زللەو شەق، و دەبێ هەر بقروسکێنن بۆ خۆیان. هەر لە وڵاتی کوردەواریی خۆشماندا زۆر مەلی جوانی وەك بلبل و کەو هەن، هەموو رۆژێك ئاوودانی تەواویان دەدرێتێ، بەڵام جێیان هەر قەفەزەکەیە و لە چارچێوەی ئەو قەفەزە تەنگەدا نەبێ، بە دەگمەن دەتوانن ئازادانە بجووڵێنەوە. **"مرۆڤ"** چوار پێ و مەل نی‌یە، بەوە دابین بکرێ، کە بەڵێ، جۆرە رژێمێك هەیە زگت تێر دەکات، و نایەڵێ برسی بیت؛ تۆش دەبێ بەرامبەر بەوە واز لە ئازادیی خۆت بهێنیت، و ئازادیت بکەیتە قوربانی سکت و ئەوەش نێو بنێیت **"سۆسیالیزم"**. لە وڵاتەکانی ئەورووپای رۆژهەڵاتدا، کە بیری مارکسیزم بە کردەوە خراوەتە کار، ئەمە باوە. کە قسەش دەکەیت لەگەڵ ئەوانەی سەر بەو رژێمەن، و دەبێژیت بۆچی لەو وڵاتانەدا سەربەستی نی‌یە، و کەس ناتوانێ رەخنە بگرێ و کەس ناتوانێ بە سەربەستی بێتە دەرەوە لە وڵات و کەس ناتوانێ رێکخراوێکی سیاسیی جیا لە

ڕێکخراوی دەوڵەتی دروست بکات، دەستبەجێ وەرامت دەدەنەوە: "ئای! ئەوەتە هەموو خەڵك تێرو تەسەلن، و پێویستی‌یە سەرەتایی‌یەکانی ژیان، وەك نان و شیر و پەتاتە و هێلکە؛ هەرزانن، کرێی خانوو زۆر کەمە، بلیتی پاس و تراموای و شەمەنەفەر یەکجار هەرزانە". بەڵێ! ئەم قسەیە، ئەوەش تا هەندازەیەك، نەك بە تەواوی، ڕاستە. بەڵام ئەمە وەرامی ئەو پرسیارە نی‌یە کە دەبێژێ: **بۆچی دەبێ ئازادی بکرێ بە قوربانی زگ تێری؟**

جا هاوبیرانی "**قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم**" دەبێژن: کە ڕژێمێك وابێ، واتە ئەوانەی بە "**جەماوەری گەل**" دادەنرێن؛ لەبەر ئەوەی "**زگیان تێرە**"، ئیدی نابێ بەرامبەر کاربەدەستانی وڵاتەکەیان دەم بکەنەوە، مانای وایە "**دوو چین**" لە کۆمەڵگەدا هەیە، یەکێکیان چینی نانده‌ر، کە کاربەدەستانن، و یەکێکیشیان چینی نان وەرگر، کە گەلەکەیە، و لێرەدا "**چینی ناندەر**" مافی ئازادیی قسەکردن و بڕیاردان و هەڵسووڕاندنی کاروبار و نان‌دانی هەیە، و "**چینی نان وەرگر**"یش مافی ئازادیی قسەکردن و بڕیاردان و کارهەڵسووڕاندن و ناندانی نی‌یە. ئەوجا کە مەسەلە وابێ، و ئەمەش ئەنجامی خستنەکاری بیری سۆسیالیزمی مارکسی‌یانە بێ، گوایە دەبێ ڕژێمێکی وا چی لە ڕژێمی سەرمایەدارێتی باشتر بێ. لە ڕژێمی سەرمایەدارێتی‌دا، سەرمایەداران چۆنکە نانی ئەوانەیان بەدەستە کە سەرمایەی پارەو هۆی بەرهەم هێنانیان نی‌یە، هەر لەبەر ئەوەیە کە "**فەرمانڕەوان**"، بێ سەرمایەکانیش ئەوانەن کە فەرمان دەکرێ بەسەریاندا. بە کورتی: لەمەدا دەردەکەوێ، کە ئامانجی سۆسیالیزمی مارکسی، بە کردەوە؛ مسۆگەر کردنی نان و ژیانی ڕۆژانەیە، و مسۆگەر کردنی نانی ڕۆژانەش بە "**کۆمەڵگەی دادپەروەری**" دەداتە قەڵەم. هەر لەمەشەوە دەردەکەوێ کە مارکسیستەکان، واتە ئەوانەی خۆیان لەو باوەڕەدان کە "**پێوەندی‌یەکانی بەرهەم هێنان**" وەك "**ژێرخانێکی کۆمەڵگە**"، هەموو جۆرە پێوەندی‌یەکی "**سەرخانانە**" لە قانوون و نەرێت و ڕەوشتو خوو دەست نیشان دەکات، هەر خۆیان، بە کردەوە، لەو دەوڵەتانەدا کە دروستیان کردووە؛ ئەو پێوەندی‌یە کۆنەی بەرهەم هێنانیان، لە بنەڕەتەوە، وەك خۆی هێشتووەتەوە، ئەگەر چی لە "**دەستێکی ئەهلی**"یەوە داویانەتە "**دەستێکی دەوڵەتی**". هەر لەبەر ئەوەشە ئەو قانوون و نەرێت و ڕەوشتو خوو و بیرۆکراتیێتیی دەزگەی دەوڵەتی و چاو برسێتیی بازرگانانەیەی، کە لەژێر سایەی ڕژێمی سەرمایەداریی ئەهلی‌دا هەبوون، لە ژێر ڕژێمی "**سەرمایەداریی مۆنۆپۆلیستانەی دەوڵەتدا**"، هەر

وەك جاران ماونەتەوە، چۆنکە "**پێوەندییەکانی بەرهەم هێنان**"، تەنێ لە باری "**شێوە**"وە هاتوونەتە گۆڕان، نەك لە باری "**نێوئاخن**" و "**جەرگە**"وە.

"**مەسەلەی سۆسیالیزم**" بەلای هەڵگرانی "**بیری ئازادی و یەکسانیی کوردی**"یەوە، هەر مەسەلەی "**نان**" و پێداویستی‌یەکانی ژیانی رۆژانە، یان "**دۆزینەوەی کار**" نی‌یە بۆ هەموو کەسێك. **بە کورتی مەسەلە هەر مەسەلەی "ئابووری" نی‌یە**. مەسەلەکە گەورەترە لە مەسەلەی "**ئابووری**" و گەورەترە لە مەسەلەی "**پێوەندی‌یەکانی بەرهەم هێنان**". مەسەلە مەسەلەی "**ئازادی**"یە، کە "**مەسەلەی ئابووری و پێوەندی‌یەکانی بەرهەم هێنان**"، "**بەشێکن لە مەسەلەی ئازادی**" نەك "**هەموو ئازادی**".

هاوبیرانی "**قوتابخانەی ئازادی و یەکسانیی کوردی**"، کە "**سۆسیالیزم**" بە "**یەکسانیی لە ئازادی**"دا دەزانن، دیارە چارەسەرکردنی مەسەلەی ئابووری بەتەنێ، واتە، تەنێ کەم کردنەوەی جیاوازیی ئابووریی نێوان هەژارو دەوڵەمەند، بە "**سۆسیالیزم**" نازانن. واتە؛ ئەگەر بێتو تەنانەت کۆمەڵگەیەکیش دروست ببێ، چینی ئابووری تێدا نەمێنێ، بەمەرجێ جیاوازی‌یەکانی دی مابن، ئەوا ئەو کۆمەڵگەیە بە "**کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستی**" ناداتە قەڵەم. ئەو رژێمانەی کە جیاوازیی ئابووری کەم دەکەنەوە، بەڵام لە ئازادیی گەل دەگرنەوە، بە "**سۆسیال تۆتالیتێر**" نێو دەبات.

ئەم هەڵوێستەی کە هاوبیرانی "**قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم**" هەیانە بەرامبەر "**سۆسیالیزمی مارکسی**"، ئەوە ناگەیەنێ کە بەلای بیری سەرمایەداریتی‌دا دادەشکێنن. نەخێر. بۆچوونی ئەم قوتابخانەیە بەرامبەر سەرمایەداریتی زۆر رۆنەو بەم جۆرەی خوارەوەیە:

لەبەر ئەوەی جیهانی سەرمایەداری، و بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی دەوڵەتەکانیان لەسەر بیری لیبەرالیزم دەڕۆن بەڕێوە، لاف ئەوە لێ دەدەن کە خەڵکی هەموو ئازادن و ئەمەش بەوە پیشان دەدەن کە گوایە خەڵکی لەبەردەم قانوون و لەبارەی پەیمان بەستنەوە لەگەڵ یەکدی‌دا، ئازادن، و کەس نی‌یە زۆر لە کەس بکات و کارێك بسەپێنێ بەسەری‌دا کە بە دڵی نەبێ، و هەموو دانیشتووانی وڵاتێك بێ جیاوازیی زمان و رەگەزو توخم و ئاین و بیروباوەڕی سیاسی، لەبەردەم قانووندا وەك یەکن؛ لەبەر ئەوە هەر کەسە ئازادە کە کاربکات و پارە پەیدابکات و دەوڵەمەند ببێ، و ئەمەش وا لە رژێمی لیبەرالیزم دەکات کە بنەماکەی لەسەر بنچینەی "**هی خۆیی تاکی**" (الملکیة الفردیة

وەستاوە لاڤ ئەوەش لێ بدات کە "**سووت پەیداکردن**" هاندەرێکی بنچینەیی گرنگە بۆ کارکردن. چۆنکە وەك دەبێژێ- ئەگەر مرۆڤ، سووتی لە کاری خۆی دەست نەکەوێ، هاندەرێك نامێنێ بۆ کارپێکردنی. لێرەدا سەرمایەدارێتی مەسەلەی "**ئیندیڤیدوالیزم**" و "**دیمۆکراسی**" تێکەڵ بە مەسەلەی "**بازاڕی ئازاد**" دەکات، و دەیانکاتە یەك بە نێوی "**لیبرالیزم**"ەوە. بەڵام "**قوتابخانەی ئازادی و یەکسانیی کوردی**" دەبێژێ: راستە رژێمی سەرمایەدارێتی باسی ئازادی دەکات، بەڵام ئازادی لەچیدا؟ ئازادی لە بوونی ماف "**تەماع**"دا، و لە بوونی ماف "**رکەبەرایەتی**"دا لەگەڵ یەك بۆ گەیشتنە نێچیری قەڵەوتر و پارووی زلتر، بە کورتی سەرمایەدارێتی پارێزگاری لە ئازادیی مرۆڤ دەکات، بەڵام لە چ ئازادییەك؟ لە ئازادیی دژایەتی کردنی وەك یەکیدا. بە واتەیەکی دی: سەرمایەدارێتی ئازادی لە دژایەتی کردنی یەکسانیدا دەبینێ. جا لەبەر ئەوەی یەکسانی مانای ئازادییە و نایەکسانی مانای ناوەك یەکییە لە بوونی ئازادیدا (تەماشای وتاری "**ئازادی و دەسەلات**" بکە)، دیارە سەرمایەدارێتی؛ ئازادیی بەشێکی کەمی کۆمەڵگە؛ لە دژایەتی کردنی بەشێکی زۆری کۆمەڵگەدا دەبینێ. ئەمجا بەپێچەوانەی ئەو لێکدانەوەیە- "**بازاڕی ئازاد**" خستنە کاری بیری "**ئیندیڤیدوالیزم**" نییە. چۆنکە لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ: ئایا ئەو پێوەندی بەرهەم هێنانەی ئەو بازاڕەی هێناوەتە گۆڕێ، بەڕاستی پێوەندییەکی ئازاد بووە؟ **ئیندیڤیدوالیزم؛ مانای بەکارهێنانی ئازادییە بەو شێوەی ئەو کەسە بۆ خۆی بە پەسەندی دەزانێ، نەك بەکارهێنانی ئازادی لە دژی ئازادی.**

"**بیری ئازادی ویەکسانیی کوردی**"؛ "**ئازادی**" و "**یەکسانیی**" دەبەستێت بەیەکەوە، و وەك "**تەواوکەری یەك دی**" تەماشایان دەکات و دەبێژێ "**ئازادی بێ یەکسانی**" نابێ و "**یەکسانی بێ ئازادی**" نایەتە کایەو لەم بارەیەشەوە، بە دووای هۆکاری "**نایەکسانی**"دا دەگەڕێ، و لەو بیروڕایانە دەکۆڵێتەوە کە لەبارەی هۆکاری نایەکسانییەوە دەربڕاون. بۆ وێنە: کە تەماشای رەئی ژان ژاك رووسۆ دەکات بەتایبەتی لەوەدا کە لە ساڵی ١٧٥٥دا لە نامیلکەی "Discours Sr inegalite" "**وتار لەسەر نایەکسانی**"دا باسیکردووەو، پێی وایە: "**نا یەکسانی بەهۆی هی خۆییی تاکییەوە دێتە گۆڕێ**"؛ دەبێژێ: ئەمە هەموو کاتێك راست نییە. چۆنکە بەتاقی کردنەوە دەرکەوتووە کە لە هێندێك وڵاتدا، هی خۆییی تاکی نەماوە، و کراوە بە هی خۆییی دەوڵەت و، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا یەکسانی لە نێو کۆمەڵگەدا پەیدا نەبووە، و بگرە نایەکسانی لە جاران بەهێزتر

بووە. ئەمجا کە دێتە سەر ئەو هیپۆتیزەی فردریك ئەنگلس کە لە کتێبی **"دژی دیورینگ"** Anti-Duhringدا باسی دەکات و دەبێژێ **"دابەشکردنی کار دەبێتە هۆی دروست کردنی چین"**، ئەمەش بەراست نازانی چۆنکە دابەشکردنی کار لە هەموو کۆمەڵگەیەکی شارستانێتیدا بووە و هەیە و دەبێ و ، بەم پێیە دەبێ نایەکسانی هەتا هەتا هەر بمێنێ. **"قوتابخانەی بیری ئازادی و یەکسانیی کوردی"** پێی وایە، کە هۆی راستەقینەی نایەکسانی، لە هەموو روویەکەوە، چ ئابووری و چ نا ئابووری، دەگەڕێتەوە بۆ نایەکسانی لە بوونی دەسەڵاتدا. بە وتەیەکی دی: نایەکسانی، لە نەبوونی دەسەڵاتی وەك یەکەوە پەیدا دەبێ. واتە؛ ئەگەر دوو کەس یان دوو دەستەیە یان دوو بەرە یان دوو هێز یان دوو دەوڵەت؛ بەقەدیەك دەسەڵاتیان هەبێ، ئەوا ئەو دوو کەسە یان ئەو دوو دەستەیە یان ئەو دوو بەرەیە یان ئەو دوو دەوڵەتە دەبنە هاوشانی یەك، واتە **"یەکسان"** دەبن. جا وەك لە وتاری **"ئازادی و دەسەڵات"**دا رۆنمان کردووەتەوە، کە بوونی ئازادی؛ مانای بوونی دەسەڵاتە بەقەدەر ئەو ئازادییە، و بوونی دەسەڵاتیش، مانای ئازادییە بەقەدەر ئەو دەسەڵاتە کەواتە هەر بەم پێیە، بۆ ئەوەی مرۆڤی یەك کۆمەڵگە، وەك یەك ئازادبن، دەبێ دەسەڵاتی وەك یەکیشیان هەبێ. جا لەبەر ئەوەی لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا؛ رێی جیاوازیی دەسەڵات لە نێوان تاکە تاکەی کۆمەڵگەدا بەرەڵڵایە، دیارە کە لە کۆمەڵگەیەکدا دەسەڵاتی جۆر جۆر هەبوو، ئەوا پلەی ئازادیش جۆرجۆر دەبێ و وەك یەك نابێ؛ لەبەر ئەوە هەموو جۆرە باس کردنێکی مافی وەك یەك و ئازادیی وەك یەك **"لەبەردەم قانوون"**دا، گشتی درۆیە.

هەر بەم پێیە، **"قوتابخانەی بیری ئازادی و یەکسانیی کوردی"** لەو باوەڕەدایە کە ئازادی لە کۆمەڵگەیەکی نایەکساندا ناهێنرێتە دی. واتە ئازادی هەر لە کۆمەڵگەیەکی یەکساندا شێوا "قابل"ی بوونە. چۆنکە لە کۆمەڵگەیەکدا کە دەسەڵاتی جیا جیا هەبێ، دیارە پلەی ئازادیی تاکە تاکەی خەڵکەکە وەك یەك نییە. جا لەبەر ئەوەی ئازادیی مرۆڤ، کەموزۆری هەڵ ناگرێ، و هەر یەك هەندازەشی هەیە؛ دیارە هەموو مرۆڤێکی ژیر، مافی ئازادی وەك مرۆڤێکی ژیری دی هەیە، بێ کەمو زیاد. لەبەر ئەوە ئەوەی دەبێژێ مرۆڤێك یان گەلێك یان دەستەیەك، مافی ئازادییان دەبێ زۆرتربێ لە مرۆڤێك یان گەلێك یان دەستەیەکی دی، دیارە ئەو کەسە باوەڕی بە **"یەکسانیی مرۆڤ"** نییە. و هەر کەسێکیش باوەڕی بە یەکسانیی مرۆڤ نەبێ؛ باوەڕی بە ئازادیی مرۆڤ نییە.

ئازادی و یەکسانی بە پێی ئەم بیرە – وەك دوو دیوی پارچە پارەیەك وانە. پارەش ناچێ هەتا هەر دوو دیوەکەی نەخشی لەسەر نەبێ. کەواتە ئازادی بێ یەکسانی نابێ، و یەکسانیش بێ ئازادی بوونی نییە. چا ئەگەر بیری ئازادی بە تیۆری دابنێین، دەبێ یەکسانی دابنێین بە پراکتیك. واتە هەر کاتێك بیری ئازادیی لای مرۆڤ هاتە مەیدان، بە کردەوە خۆی لە یەکسانیی مرۆڤ دادەنوێنێ.

چا وەك لەمەوبەر گوتمان؛ دەسەڵات هەر "دەسەڵاتی ئابووری" نییە، بەڵکو هەر جارەی جۆرە هێزێکە. هی خۆیی ئابووری "بەرهەمێکی دەسەڵات"ە، نەك "هەموو دەسەڵات". بۆ وێنە ئەو هەزارە رەشوڕووتەی کێردێکی زلی بەدەستەوەیە، دەتوانێ لە کاتێکی تایبەتیدا، فەرمان بکات بەسەر ملیۆنێرێکدا کە بەدەستی رووت وەستابێ. پۆلیسێکی ترکی پانتۆڵ دڕاوی هەژار؛ دەتوانێ لە باکووری کوردستاندا، شەق لە ئاغایەکی کوردی خاوەن زەوی هەڵ بدات. کەواتە؛ هەر جیاوازیی لە دەسەڵاتی ئابووریدا، هەموو جۆرە دەسەڵاتێك نادات بە مرۆڤ و بە تەنێ نایەکسانی دروست ناکات. لێرەدا "قوتابخانەی بیری ئازادی و یەکسانیی کوردی" دەست بۆ جۆرە دەسەڵاتێکی دی رادەکێشێ، کە ئەویش "دەسەڵاتی رۆشنبیری"یە، و ئەم دەسەڵاتە دەبێتە هۆی دەست گرتن بەسەر دەزگەی بیرۆکراتی و تەکنیکی و بەڕێوەبەرێتی و لۆژستێکی کۆمەڵگەدا. هەر بە پێی ئەم بیرە، ئەوانەی رۆشنبیرن و سەرمایەی بیرکردنەوەیان هەیە، ئەوا لەرێی ئەو دەسەڵاتەوە کە هەیانە؛ دەبنە "چینێك" بۆ خۆیان. ئەمەش لە هەموو جیهاندا، و بەتایبەتی لە نێو ئەو کۆمەڵگانەدا کە رۆشنبیر زۆر کەمن و خوێندەوار دەگمەنن. ئەگەر تەماشایەکی مێژووی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و نێزیك لە چارەکە چەرخێکدا بکەین، دەبینین زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەی دەسەڵاتی رۆشنبیریی خۆیان بەکار هێناوە، و بوونەتە یەکەم خاوەن دەسەڵاتی وڵاتەکانیان؛ وەك جەمال عەبدولناسر، عەبدولکریم قاسم، موعەممەری قەززافی، و زیائولحەق و کێ و کێ، ئەمانە هەموو لە خێزانی هەژارو رووتە بوون. بەڵام پاش ئەوەی چوونە بەر خوێندن و بوون بە ئەکادێمیکەرو شوێنێکیان لە دەزگەی بیرۆکراتی و بەڕێوەبەرێتیی دەوڵەتدا وەرگرت، ئەو دەمە توانیان لەو رێیەوە دەسەڵات بگرنە دەست، و "چینێکی رۆشنبیر" بهێننە کایە، و لە دەوری خۆیان کۆی بکەنەوە. شایانی باس ئەوەیە؛ کە "رۆشنبیر" هەر لە کۆنەوە لە نێو

کۆمەڵگەی کوردەواری‌دا؛ جێ‌یەکی تایبەتی و بەڕێزی بووە و "**ڕۆشنبیرێتی**" نێوونیشانی" **خانەدانێتی**" بۆ ئەو کەسە دروست کردووە. بۆ وێنە: خوێندەوار لە نێو کورددا پێ‌یان گوتووە "**میرزا**"؛ واتە لە نەوەی "**میر**"، کە "**میر**" لە زمانی کوردی‌دا؛ بە مانای "**فەرمانڕەوا**" و "**گەورە**" دێ، و لە بنەڕەتدا لە وشەی "**میترا**"وە وەرگیراوە کە بە مانای "**خۆر**" و "**خودێ**" دێ. ئاشکراشە کە مەلاکانی کوردستان، کە کۆن تاقە دەستەیەکی خوێندەوارو ڕۆشنبیری کورد بوون، زۆربەی هەرەزۆریان، ژیانێکی سۆفیلکەیەتی‌یان بردووەتە سەرو بە زەحمەت شێوی شەوی خۆیان پەیدا کردووە، و ژیانیان هەر لە قوتابخانەو زانستگەکانیاندا بە دەرزگوتنەوەو کتێب نووسینەوە بردووتە سەر، بەڵام سوڵتانەکانی عوسمانی و شاکانی سەفەوی و قاجار لێیان ترساون و کڕنووشیان بردووە بۆیان. بنچینەی ئەم دەسەڵاتەشیان ئەو ڕۆشنبیری‌یە بووە کە هەیان بووە، و لە ڕێیی ئەوەوە توانیویانە کار بکەنە سەر جەماوەری کۆمەڵگەکەیان و "**دەسەڵات**" بۆ خۆیان پەیدا بکەن. "**ڕۆشنبیران**" بە پێی "**بیری ئازادی و یەکسانیی کوردی**" چینێکن بۆ خۆیان و بەرژەوەندی‌یەکی چینایەتی سەر بە چینەکەی خۆیان هەیەو هەموو کاتێك کوتەکی دەستی چینی بۆرژوای پیشەسان، یان بۆرژوای بازرگان نین.

یەکێك لەو کێشانەی کە "**قوتابخانەی بیری ئازادی و یەکسانیی کوردی**" هەڵوێستێکی ڕۆنی لە بارەیەوە پێشان داوە، مەسەلەی هی **خۆییی تاکی (الملکیة الفردیة)** و پێوەندیی بە "**کار**"ەوەیە. ئەم قوتابخانەیە بەر لە هەموو شتێك؛ باوەڕی بەوەیە کە تەنێ "**کار**" دەبێتە هۆی ئەوەی "**مافی خاوەنێتی**" بدات بەو کەسەی کە کارەکەی کردووە. بەڵام ئەو "**ماف خاوەنێتی**" یە تەنێ لە "کارەکە"دا دەبێ، نەك لەو شتەدا کە کارەکەی تێدا کراوە. بۆ ئەمەش دەبێژێ:

"ئەگەر باوەڕمان هێنا بەوەی کە تەنێ "**کارکردن**"ە "**ماف**" دەدات بە مرۆڤ کە خۆی بە "**خێو**" (خاوەن) بزانێ، دیارە دەبێ دان بەوەشدا بنێین؛ کە هەر شتێك بەبێ کارکردنی مرۆڤ هاتبووە بەرهەم، ماڵی هیچ مرۆڤێك نی‌یە. جا لەبەر ئەوەی هەموو شتێك لە کەرەسەی خاو دروست دەکرێ، و کەرەسەی خاو (**سەرەتایی**)یش هی هیچ کەسێك نی‌یە، و خۆی لە جیهاندا هەبووەو هەیە، و کەسیش ناتوانێ کەرەسەی خاو دروست بکات، چۆنکە ماددە دروست ناکرێ؛ دیارە هەرچی‌یەك لەم کەرەسە خاوە دروست بکرێ، هەر ئەو بەشەی دەبێتە

ماڵی مرۆڤ که لەرێیی کارەوە هێنراوەتە بەرهەم، واتە "هەموو شتەکە" نابێتە ماڵی مرۆڤ. بۆ وێنە: ئەگەر هاتوو یەکێك دوکانێکی دروست کرد، بە بەردوخشت و گەچ و دار، و بەدەستی خۆی، ئەوا دیارە نە زەوی‌یەکە دەبێتە ماڵی ئەو، و نە ئەو کەرەسەیەی بەکاری هێناوە دەبێتە ماڵی وی، بەڵکو ئەو کارەی کە کردوویەتی دەبێتە ماڵی وی. جا لەبەر ئەوەی ئەو کەسە "**خاوەنی کارەکە**"یە و "**خاوەنی کەرەسەکە**" نی‌یە، دیارە تەنێ "**ماف**"ی ئەوەی هەیە، دوکانەکە بخاتە خزمەتی خۆیەوە، واتە دوکانەکەی "**بەدەستەوە بێ**"، نەك بیکاتە "**ماڵی خۆی**". کەواتە دەبێ، بەپێی ئەم بیرە ماف "**هی خۆیی**" (التملك) بگۆڕرێ بە ماف "**بەدەستەوەبوون**" (**الاستحواذ، التصرف**) و سووت لێ وەرگرتن. بە کورتی ئەو سامانانەی لە جیهاندان و بە زەحمەتی کەس دروست نەکراون، وەك زەوی و کەرەسەی خاو و ئاو و هەوا و دارستان، نابێتە ماڵی کەس، بەڵکو هەموو تاکێکی کۆمەڵگە ماف سووت لێ وەرگرتنی وەك یەکی هەیە لێیان. هەر لەبەر ئەوەشە کە ئەو شتانە بۆ قازانج دەسکەوتن، ناکڕرێن و نافرۆشرێن. لەمەشەوە ئاشکرا دەبێ کە ئاڵوگۆڕ کردن لە کۆمەڵگەدا، دەبێ هەر لەسەر بنچینەی ئاڵوگۆڕکردنی "کار" دابمەزرێ.

جا لەبەر ئەوەی ئەو سامانە و کەرەسە خاوانەی لە جیهاندان "**هی خۆیی**" هیچ کەسێکی تێدا نی‌یە. لەبەر ئەوە هیچ کەسێك "**لەتاکە تاکەی خەڵك و دەزگەی دەوڵەتی**" ماف ئەوەی نی‌یە، ئەو سامان و کەرەسانە خراپ بکات. بۆ وێنە زەوی و ئاو و هەوا و دارستان واڵێ بکات کە بە کەڵکی بەکارهێنان نەمێنن. بەمەدا دەردەکەوی کە "**قوتابخانەی بیری ئازادی و یەکسانیی کوردی**" چارەکە چەرخێك لەمەوبەر بە تەنگ **پاراستنی دەوروبەر** (بیئة)ەوە دەهات.

کێشەیەکی دی کە بەلای "**قوتابخانەی بیری ئازادی و یەکسانی**"یەوە زۆر گرنگە، کێشەی "**دەوڵەت**"ە. "**دەوڵەت**" بەپێی **بۆچوونی تیۆروانە بۆرژواکان**؛ دەزگەیەکی بێ لایەنەو "**لەسەروو کۆمەڵگە**"وە دەوەستێ، و نایەڵێ چین و دەستە جۆرجۆرەکانی نێو کۆمەڵگە بچن بەگژیەکدا. بە کورتی " **دەزگەیەکی یەك خستن و گونجاندن**"ە. بەلام "**دەوڵەت**" بەلای مارکسیستەکانەوە؛ دەزگەیەکی سەرکوت کەرەو هەردەمە بەدەست چینێکەوەیە بۆ چەوساندنەوەی چینەکانی دی. هەر بە پێی مارکسیستەکان پرۆلیتاریا؛ پێویستە شۆرش بکات و دەزگەی دەوڵەتی لە دەست چینی سەرمایەدار دەربهێنێ و بیشکێنێ و لە جیاتی ئەوە

"دیکتاتۆرێتیی پرۆلیتاریا" بخاتە کارو **"دەوڵەتی چینی پرۆلیتاریا"** دابمەزرێنێ.

هەرچی بیری ئازادی و یەکسانیشە، ئەوا وەك مارکسیستەکان و بە پێچەوانەی بۆرژواکانەوە، پێی وانیە کە **"دەوڵەت"** دەزگەیەکی بێ لایەنە، بەڵکو بە دەزگەیەکی لایەنگری دەزانێ. چۆنکە **"دەوڵەت"** فریشتە نییە و لە ئاسمانەوە کەوتبێتە خوارێ؛ بەڵکو بریتییە لە دەسەڵاتی بەشێك لە کۆمەڵگە. بەڵام بە پێچەوانەی مارکسیستەکانەوە، کە **"دەوڵەت"** بە دەزگەیەکی چینایەتی دادەنێن، ئەم هەموو کاتێك، دەوڵەت بە دەزگەی چینایەتیدانانێ، بەڵکو دەبێژێ: جاری وا هەیە دەوڵەت دەوڵەتی تاکە دیکتاتۆرێکە، جاری وا هەیە دەوڵەت دەوڵەتی بنەماڵەیەکە، جاری واش هەیە دەوڵەت دەوڵەتی دەستەیەك رۆشنبیرە، جاری واش هەیە دەوڵەت دەوڵەتی کەمایەتییەکی ئایینییە کە ژمارەیان لە کۆمەڵگەدا یەکجار کەمە، و هتد. بەڵام **"دەوڵەت"** لە هەموو دۆخێك لەم دۆخانەدا؛ هەر لایەنگرەو بێ لایەن نییە، و ئەمەش هەر بەم جۆرە دەمێنێ هەتا **"کۆمەڵگەیەکی یەکسان"** دروست دەبێ. کەی کۆمەڵگەی یەکسان، دروست بوو، ئەوسا دوورییە ژیارییەکانی **"دەوڵەت"**، لەگەڵ دوورییە ژیارییەکانی **"کۆمەڵگە"** وەك یەکیان لێ دێ و **"دەوڵەت"** ئەو دەمە هەرچەندە لە نێوناچی و نامرێ بەڵام، **"کۆمەڵگە"** خۆی دەبێتە" **دەوڵەتی خۆی"**. هەر بەپێی ئەم بیرە، نە شۆرشی بۆرژوازی و نە شۆرشی پرۆلیتاریا؛ هیچیان ناتوانن ئەو **"کۆمەڵگە یەکسان"**ە دروست بکەن؛ چۆنکە چ بۆرژواکان و چ مارکسیستەکان؛ نایەکسانیی کۆمەڵگە وەك خۆی دەهێڵنەوە. شۆرشی بۆرژوازی دەزگەی دەوڵەت دەداتە دەست چینی بۆرژوا، و شۆرشی پرۆلیتاریاش دەزگەی دەوڵەت دەداتە دەست چینی پرۆلیتاریا. بەڵام پاش ئەوەی چینی پرۆلیتاریا هاتە سەرکار و **"دەسەڵاتی"** گرتە دەست؛ ئیدی ئەوسا لە **"پرۆلیتاریایەتی"** دەکەوێ، دەبێتە **"فەرمانرەوا"** بەسەر تەواوی گەلدا. جا ئەو دەمە ئەوانەی کە نوێنەری ئەو چینەن؛ هیچ هۆیەك نییە بۆ ئەوەی بچن **"دەسەڵاتی خۆیان"** لەگەڵ ئەو بەشەی کۆمەڵگە؛ کە لەوان نین؛ بەش بکەن. لەبەر ئەوە بەپێیی قوتابخانەی **"بیری ئازادی و یەکسانیی کوردی"**، "دەوڵەتی هەموو گەل" هەر تەنێ لە کۆمەڵگەیەکی **"ئازادو یەکسان"**دا شێوای پێك هاتنە، چۆنکە هیچ **"بەشێك لەگەڵ"** **(چینێك)** ناتوانێ ببێتە نوێنەری **"هەموو گەل"**، مەگەر ئەوەی هەموو گەلەکە یەکسان بکات، ئەو دەمەش پێویست بە **"نوێنەرێتی"** نامێنێ.

له کۆتاییی ئەم چەند وشەیەدا کە لە جیاتی سەرەتایەك بۆ ئەم نامیلکەیە نووسراوە، هیوام وایە کە بەم کارەم خزمەتێکی گچکەی کولتووری سیاسی و فەلسەفیی کورد و رۆژهەلاتم کردبێ، و مەبەستیشم هەر ئەوە بوو، ئەو راپەڕینە رۆشنبیری‌یەی کە پتر لە چارەکە چەرخێك لەمەوبەر لە کوردستاندا سەری هەڵدا و ڕێبازێکی نوێی لە بیرکردنەوەی سیاسی و کۆمەلایەتیی کورددا هێنایە بوون؛ بێ پێچوپەنا و بێ گوێ دانە دڵی ئەم و ئەو، بخەمە بەرچاوی نەوەی ئەمڕۆ و بۆ رۆژگار تۆماری بکەم. هەر بەم بۆنەشەوە سوپاسێکی یەکجار گەرمی **"دەزگەی چاپەمەنیی ئازاد"** دەکەم بۆ ئەو ئەرك و زەحمەتە زۆرەی کە لە پێناوی چاپکردن و بلاوکردنەوەی بیری ئازاددا دەیکێشێ، بێگومان هیچ رەنجێك نی‌یە کە لە پێناوی ئازادی و یەکسانیی مرۆڤایەتی‌دا بدرێ و بە فیڕۆ بڕوات.

جەمال نەبەز

بەرلین ١٩٨٤/١١/١١

ئازادی و دەسەڵات

ئازادی بەنرخترین و هێژاترین سەرمایەیەکی ژیانە کە دەسەڵاتی هێنەرە بوو (خالق) داوێتی بە مرۆڤ. ئەو مرۆڤانەی ئازاد نین؛ واتە پێبەندی مرۆڤی دیکەن؛ هەست بە تامو چێژی راستەقینەی ژیان ناکەن. خۆ ئەگەر گەیشتبنەتە پلەی هۆشیاریی سیاسی؛ ئەوا خۆیان زۆر بە نزم دێتە بەرچاو. بە کورتی "ئازادی" **خۆماڵیکی "خاصیة" بنچینەییی مرۆڤە**، و ئەو مرۆڤەی ئازاد نییە؛ مرۆڤی تەواو نییە.

ئازادی وەك تەندروستی وایە؛ نە بەدیاری دەدرێ بە کەس و نە دەکڕدرێ و نەدەفرۆشرێ. لەبەر ئەوە یان دەبێ ئەو کەسە هەر لە رۆژی لەدایك بوونییەوە خۆی تەندروست بێ، و ئەوجا بە درێژاییی ژیانی؛ خۆی لە نەخۆشی و دەردو دوو بپارێزێ و خۆی تەندروست بهێڵێتەوە، یان ئەوەتە ئەگەر هاتو هەر لەزارۆیی‌یەوە بە نەخۆشی و لەش بە باری لەدایك بوو بوو، ئەوا دەبێ لەڕێی وەرزین و جووڵانەوە و ئاگا لە خۆبوونەوە؛ خۆی تەندروست و بەهێز بکات. ئازادیش هەروەك تەندروستی وایە، سا یان ئەوەتە تۆ هەر لە زارۆیی‌یەوە لە کۆمەڵگەیەکی ئازاددا لە دایك دەبیت و دەبێ ئازادیی خۆت تا مردن رابگریت، یان ئەوەتە لە کۆمەڵگەیەکی دیلدا لە دایك دەبیت و دەبێ هەلومەرج بۆ ئازاد بوونی خۆت برەخسێنیت.

جا بۆ ئەوەی بتوانیت "ئازاد" بیت، دەبێ بەر لە هەر شتێك "دەسەڵات"ت هەبێ. ئەو مرۆڤەی "بێ دەسەڵاتە"؛ ئەوا "ئازادیش"نییە"، و ئەوی "ئازاد" نییە؛ "دەسەڵاتیشی" نییە؛ واتە "ئازادی" و "دەسەڵات"؛ دوو دیوی پارچە پارەیەکن بێیەکدی نابن. جا بۆ ئەوەی ئەمە رۆن بکەینەوە؛ دەبێ جارێ چەند وێنەیەك پێشان بدەین و بپرسین بزانین:

بۆچی جوتکارێك زەوی و زاری نییە و هەر دەبێ بچێ لە خاوەن زەوییەك زەوی ئیجارە بکات؟ چونکە جوتکارەکە "**دەسەڵات**"ی نییە پارچە زەوییەك بکا بەماڵی خۆی. یان بۆچی کرێکارێك فابریقەیەکی نییە و دەبێ بە کرێی رۆژانە بۆ خاوەن فابریقەیەك کاربکا؟ چونکە کرێکارەکە "**دەسەڵات**"ی نییە بچێ فابریقەیەك بکڕێ و ببێتە خاوەنی. یان بۆچی کوردێك دەوڵەتی خۆی نییە؟. چونکە کورد "**دەسەڵات**"ی ئەوەی نییە داگیرکەران لە وڵاتەکەی دەربپەڕێنێ و ببێتە خاوەنی کوردستانەکەی خۆی. یان بۆچی ژنێك ناتوانێ بڵێ پیاو چ دەکا

و چۆن دەژی، منیش دەمەوێ وا بکەم و وابژیم؟ چۆنکە ژنەکە "**دەسەڵات**"ی نییە لە رووی پیاودا وەربگەرێتەوە، کۆمەڵگە کۆمەڵگەیەکی پیاو فەرمانییە.

<u>بە کورتی: سەرچاوەی هەموو جۆرە "**ئازادی**" یەك "**دەسەڵات**"ە.</u> جا تۆیش تا دەسەڵاتت زێتر بێ، ئەوا پلەی ئازادیت بەرزتر دەبێتەوە و بەرەکەشی فراوانتر دەبێت و تا دەسەڵاتیشت کەمتر بێ، ئەوا پلەی ئازادیت نزمتر دەبێتەوە و بەرەکەشی تەنگتر دەبێتەوە.

<u>دەسەڵاتیش جۆر جۆرە: وەك دەسەڵاتی لەش، دەسەڵاتی پارە، دەسەڵاتی چەك، دەسەڵاتی چالاکی و رێکخستن، دەسەڵاتی بەرێوەبردن و رۆشنبیری هتد</u>، کە هەریەکەیان جۆرە ئازادییەك پێك دێنن. جا کە تۆیش ویستت "**ئازادیی سیاسی**"ت دەستبکەوێ؛ کە دایکی هەموو ئازادییەکانی دیکەیە؛ ئەوا دەبێ بەر لە هەموو شتێك "**دەسەڵاتی سیاسی**" پەیدا بکەیت.

"**ئازادیی سیاسی**"، وەك هەموو ئازادییەکی دی؛ ناکڕێ و نافرۆشرێ و بە دیاری نادرێ بەکەس و، وەك گوێزەبانە بەسەر دەرو دراوسێدا نابەشرێتەوە، بەڵکو دەبێ پەیدای بکەیت، واتە دەبێ خۆت لێ هاتوو بیت بۆ وەدەست خستنی. کە دەستیشت کەوت؛ دەبێ ئەوەندەشت لە دەست بێ کە هەموو کاتێك بیپارێزیت لەوانەی دەیانەوێ لێت بڕن. هەر لەبەر ئەمەیە ئەوانەی پێیان وایە کە لە هێزێکی دیکەوە، بۆ وێنە لە مرۆڤێکی دەست رۆیشتووی ئازادەوە، یان لە حیزبێکی بەهێزی ئازادەوە، یان لە دەوڵەتێکی بەهێزی ئازادەوە، دەتوانن "**ئازادی**"ی خۆیان وەربگرن، یان لەو باوەڕەدان کە هێزێکی ئازاد دەتوانێ ئازادیی بەبێ دەسەڵاتێك ببەخشێ، یان فشە ئازادییەکی کەم دەسەڵاتێك بپارێزێ، بێگومان بە؛ ئەوانە بە هەڵەچوون. تۆ کە خۆت نەخۆش و لەش بە بار و لاواز بوویت؛ دەبێ خۆت خەریکی خۆت بیت و لە رێی وەرزین (ریاضة) و دەرمان کردن و خواردەمەنیی باش و خۆ بەهێز کردنەوە؛ خۆت تەندروست بکەیت. خۆ ئەگەر چوویتە لای دوکتۆرێك، ئەوا بزانە کە ئەو دوکتۆرە تەنێ دەتوانێ رێیەك پێشان بدا و چەند پێشنیازێك بکات، بەڵام ئەو کەسەی کە ئەو رێیە دەگرێ و پێشنیازەکانی دوکتۆرەکە دەخاتە کار، ئەو کەسە تەنێ خۆتیت، و هەر خۆتیت کە دەبێ هەوڵ بدەیت کە "**گۆران**"ێك لە لەشی خۆتدا رووبدات، ئەگەنا هەزاران دوکتۆر ناتوانن تەندروستی و لەش ساغی ببەخشن پێت.

ده "ئـازادی"یش هەروایە و لـە خۆتـەوە دەسـت پـێ دەکـات. کـە ویسـتت "**ئازادیی سیاسی**"ت دەست بکەوێ؛ دەبێ خۆت هەوڵ بدەیت "**دەسەڵاتی سیاسی**" بخەیتـە دەسـت خـۆت و، هـەر خۆشـت ئـەوەت لـەبار دابـێ کـە بتوانیـت ئـەو "**ئازادی**"یە بپارێزیت و ئەوەش لە ڕێی پاراستنی "**دەسەڵات**"ەکەتەوە. هەر لەبەر ئەوەشـە کـە یـەکێك لـە دەسـتووره بنچینەییـیـەکانی "قوتابخانـەی کوردیـی سۆسیالیزم" دەستووری "پشت بەخۆبەستنە"؛ بە "خۆ وبەس" وەك هۆنـەر دەڵێ:

هیوام بەخۆمە ؛ کەی بەتامای تۆم
کێیە بۆم بگری، لە پاش خۆم، وەك خۆم

ئەمجا بۆ ئەوەی "**دەسـەڵاتی سیاسـی**" پەیدا بکەیت؛ دەبێ لـە ژیـاندا ڕێ و شوێنێکی سیاسییانە بگریت و پرۆگرام و پێڕۆیەکی سیاسیت ببێ و لەسەری بڕۆیت بـەڕێوە. ئەوانـەی بـێ پرۆگـرام و بـێ ڕێ و شـوێنن؛ سـەر لێ شـێواو و چەواشە و سەرکوێر و شەپرێون. مرۆڤی سەر لێ شێواو و چەواشـەو سـەرکوێر و شەپرێو؛ ناتوانن بیری خۆیان لە دەوری شتێك کۆبکەنەوە؛ لەبەر ئەوەشـە کـە ناتوانن تێکۆشانی خۆیان ئاڕاستەی ئامانجێکی دیاری کراو بکـەن، و بە زۆری تووشـی ڕێڕێیـی و دوو دڵـی و سـەرمەوقولات دان دەبـن و لـە ئـەنجامدا دەسەڵاتیان دەست ناکەوێ.

بە کورتی بە پێی ئەم بیرە: یەکەمین هەنگاوت بەرەو پەیداکردنی "دەسەڵاتی سیاسی" ئەوەیە کە خەریکی سیاسـەت بیت و خـۆت لـە سیاسـەت نەدزیتـەوە. کەواتە نابێ بڵێیت "**دەخلم چییە بەسەر سیاسەتەوە**" یان "**دەست دەگرم بـە کـڵاوی خۆمـدا بـا نـەبیا**" چۆنکە جارێ تۆ ناتوانیت بڵێیت "**دەخلـم چییـە بەسـەر سیاسـەتەوە**". هـەروەها هیـچ کەسـێکی دی ئـەم جیهانـە نـاتوانێ خـۆی لـە "**سیاسەت**" جیا بکاتەوە. "**سیاسەت**" مانای "**ژیـان**"ە و هـەموو لایـەنێکی ژیانی گرتووەتەوە. جا ئایە دەتوانیت بڵێیت: "**خۆم لـە ژیـان دووره و پـەرێز دەگـرم**"؟. نـەخێر ناتوانیت. چۆنکە ئەگـەر وات گوت؛ دەبـێ مـاڵاوایی لـە ژیـان بکـەیت و خۆت بکوژیت و ئەوەش کاتێك دەبێ کە تێکچوویت و مێشکت لەکار کەوتبێ و لە ژیان بێ هیـوا بوویت. خـۆ ئەگـەر مـاڵاواییت لە ژیـان نـەکردو وویسـتت بژیت؛ ئەوا بزانە کە "**سیاسەت**" بەرۆکت بەرنادا و ئەوەش بزانە کە تۆ ناتوانیت هەموو کاتێك دەست بە کڵاوەکەی خۆتەوە بگریت لە ترسی با و باکەش واز لە "**کڵاو**"ە کەت ناهێنێ. جا لەبەر ئەوە تۆ هەزار جار بڵێیت سیاسـەت ناکەم و

دەخلم بەسەر سیاسەتەوە نىيە و بتەوێ لە **سیاسەت** دوور بکەوبتەوە، ئەوە بزانە کە **"سیاسەت"** وازت لێ ناهێنێ. چۆنکە تۆ بە هەر بارێکدا لێکی بدەیتەوە؛ **هەر تاکێکیت لە کۆمەڵگە**. جا کە کۆمەڵگە نەیتوانی لە **"سیاسەت"** دوور بکەوێتەوە؛ کە ناشتوانێ، ئایە تۆیەك کە ئەندامێکی ئەو کۆمەڵگەیەیت، دەتوانیت خۆت لە **"سیاسەت"** بدزیتەوە؟ بێگومان نەء. بۆ وێنە: تۆ کە ویستت لە ماڵەوە بچیت بۆ بازێڕ؛ دەبێ هەموو لەشت بکەوێتە رێ بەرەو بازێڕ. خۆ ناتوانیت بڵێیت هەر قاچم یان دەستم دەنێرم بۆ بازێڕ و با سەر سەلامەت بێ. مەگەر ئەوەی قاچت یان دەستت لە لەشت بکەیتەوە.

جا کە کۆمەڵگە کەوتە بزووتن و، ئەوەش بزانە کە کۆمەڵگە لە هەموو چرکەیەکی ژیاندا لە بزووتندایە و وەستان نىيە بۆی، ئەوسا تۆیش ناتوانیت بڵێیت خۆم لە کۆمەڵگەدا دەبڕم، کە وات گوت؛ دەبێ ببیتە ئەو نینۆکەی لەبەر پیسی دەیکەن و فڕێی دەدەن، یان ببیتە ئەو دانە کرمۆڵەی لە ترسی نەخۆشی دەری دەکێشن و تووڕی هەڵ دەدەن.

جا کە تۆش گوتت: **"بابە سیاسەت ناکەم و خۆم لە کۆمەڵگە جیادەکەمەوە"**، ئەمە مانای وایە کە تۆ خۆت، واز لە **"ئازادیی خۆت"** دەهێنیت و ریشی خۆت دەدەیتە دەستی ئەم و ئەو یاری پێ بکەن و ئەو دەمەش ناچار دەبیت لەبەر بێ دەسەڵاتی خۆت؛ ببیتە کەر و پشت بۆ هەموو **"بەدەسەڵاتێك"** دابنەوێنیت کۆپانی بخاتە سەر. جا ئایە تۆ بەم جۆرە ژیانە رازی دەبیت؟

بێجگە لەوەش؛ کە تۆ بێیت و ئازادیی خۆت بەکار نەهێنیت؛ واتە لەدژی ئازادیی خۆت کار بکەیت، لەمەدا دەردەکەوێ کە تۆ دژی ئازادیت، با ئازادییەکەش پێوەندیی بە خۆتەوە بێت و پێوەندیی بە یەکێکی دییەوە نەبێ، ئەوە هەریەکە. چۆنکە ئەو کەسەی کە دەچێ خۆی دەکوژێ، خۆ ئەو کەسە دەست درێژ ناکا بۆ ئازادیی هیچ کەسێك لە ئازادیی خۆی زێتر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کەسە، وەك هەموو بکوژێکی دی، هەر بکوژو تاوانبارە؛ با هەر خۆشی بکوژێ و یەکێکی دی نەکوژێ. چۆنکە ئەو کارەی ئەو دەیکا؛ دەست درێژییە بۆ سەر **"ئازادیی بوونی ژیان"**ێك. **"ژیان"** چرایەکی کردگارە و هیچ کەسێك بە دیاری بەکەسی نەداوە، تا مافی ئەوەی ببێ لێی بسێنێتەوە. تۆیش کە **"چرای ژیان"**ت بە خۆت نەبەخشیوە، مافی ئەوەت نىيە بیکوژێنیتەوە. راستییەکەشی ئەوەیە کە هەموو خۆکوژێك لە ئەنجامی ون کردنی هۆش و تێکچوونی مێشك و هێزی بیرکردنەوەدا؛ وای لێ دێ کە لەو کاتەدا **"دەسەڵات"**ی

بەسەر خۆیدا نەمێنێ. جا وەك لەمەوبەر گوتمان: "**بێ دەسەڵاتی**" مانای نەبوونی "**ئازادی**"یە، هەر لەبەر ئەوەشە کە ئەو "**خۆکوژ**"ە "**دەسەڵات**"ی ئەوەی نامێنێ "**ئازادی**"ی "**ژیان**"ی خۆی رابگرێ و ئەوجا دەستی دەچێتە خۆی و "**خۆی دەکوژێ**". جا وەك چۆن ئێمە کە باوەڕمان بە "**ئازادی**" هەیەو رێت نادەینێ "**خۆت**" بکوژیت، دیارە لێشت ناگەڕێین لە "**دژی ئازادیی خۆت**" کار بکەیت. "**ئازادی**" مافی خۆتە و دەبێ واز نەهێنیت لێی. لەبەر ئەوە دەبێ خەریکی "**سیاسەت**" بیت.

ئێستە دوور نییە بیانوویەك بهێنیتەوە و بڵێیت: "لەبەر ئەوەی چەند کۆمەڵێکی سیاسەت کەر هەن و هەموویان لە دژی یەکن و منیش نامەوێ شەڕی دژایەتیی نێوانیان خۆش بکەم بەوەی بچمە سەر لایەکیان، لەبەر ئەوە بێ لایەنیم بە خۆم ڕەوا دیوە". دوور نییە ئەم بیانووە لەسەرەتاوە بە قسەیەکی بەجێ بێتە بەردڵی هێندێ لەوانەی ساویلکانە لەشت دەکوڵنەوە. بەڵام ئەگەر مرۆڤ تۆزێك بە هوردی سەرنجی ئەم قسەیە بدات: دەبینێ لە بنەڕەتدا لە "**هەڵپەرستی**"یەك کە ئەنجامەکەی بە "**دوژمنایەتیی ئازادی**" تەواو دەبێ؛ هیچی دی نییە. چۆنکە ئەگەر وادابنێین کە چوار کۆمەڵی سیاسی لەو وڵاتەی تۆدا هەن، سا یان ئەوەتە ئەو چوارە؛ هەموویان بۆ ئازادیی کۆمەڵگە هەوڵ دەدەن؛ یان هێندێکیان هەوڵ دەدەن بۆ ئازادیی کۆمەڵگە و هێندێکیشیان هەر بۆ ئازادیی خۆیان هەوڵ دەدەن، یان هەر یەکەیان بۆ ئازادیی خۆی هەوڵ دەدا. لەمە پتر "**ئیحتیمالێك**"ی دی نییە. جا با دەمەتەقێیەك لەگەڵ ئەم "**ئیحتیمالانە**"دا بکەین.

ئەگەر لەو وڵاتەدا کە تۆ تێیدا دەژیت، چەند کۆمەڵێکی سیاسی هەبوون و هێندێکیان بۆ ئازادیی کۆمەڵگە هەوڵیاندا و، هێندێکشان بۆ ئازادیی خۆیان، ئەوا تۆ دەبێ بچیت لەگەڵ ئەوانەدا کاربکەیت کە بۆ ئازادیی کۆمەڵگە هەوڵ دەدەن. خۆ ئەگەر زانیت هەموو ئەو کۆمەڵانە هەریەکەیان تەنێ بۆ ئازادیی خۆی هەوڵ دەدا؛ ئەوا دەبێ بزانیت کە ئەمانە هەموو "**دژی ئازادیی کۆمەڵگە**"ن.

لەم بارەدا پێویستیی سەرشانی تۆ ئەوەیە بچیت هەموو ئەم کۆمەڵانە لە نێو کۆمەڵگەدا بە پەند بکەیت، بەوەی تۆ "**خۆت**" خەریکی "**سیاسەت**" بیت. خەریك بوونی سیاسەت پێویستیی بەوە نییە کە تۆ هەر دەبێ لە حیزبێکدا کار بکەیت، دەتوانیت بەتاقی تەنیاش بیکەیت. ئەو کارە تەنیایییەی تۆ بەرەبەرە لە نێو کۆمەڵگەدا کاری خۆی دەکا و چەندایەتی پەیدا دەکا.

خۆ ئەگەر خۆت لە سیاسەت دزی‌یەوە؛ مانای وایە؛ ڕێ بۆ ئەوانە چۆڵ دەکەیت کە دژی "**ئازادیی کۆمەڵگە**"ن. ئەمجا ئەگەر هاتوو یەکێك لەو کۆمەڵە سیاسی‌یانە بۆ "**ئازادیی کۆمەڵگە**"هەوڵی‌دا؛ ئەوا تۆ دەبێ مەردانە لەگەڵ ئەو کۆمەڵەدا کار بکەیت کە بۆ "**ئازادیی کۆمەڵگە**" تێ دەکۆشێ، با بە ژمارەش کەمترینی کۆمەڵەکان بێ، ڕاستی و هەق بە ژمارە نی‌یە. چۆنکە تۆ ئەگەر یارمەتیی ئەو کۆمەڵە نەدەیت کە بۆ "**ئازادیی کۆمەڵگە**" خەبات دەکا لە دژی ڕژێمێکی فەرمانڕەوای دیکتاتۆر، یان چەند کۆمەڵێکی سیاسی کە هەریەکەیان تەنێ بۆ ئازادیی خۆی و دژی ئازادیی کۆمەڵگە هەوڵ دەدا، ئەوا دیارە ئەم "**بێ دەنگی**"یەی تۆ خزمەتێکی ناڕاستەوخۆی گەورەیە بە دوژمنانی ئازادیی کۆمەڵگە. چۆنکە بەشدار نەبوونی تۆ لە کاری سیاسی‌دا لە "**هێز**"ی ئازادی خوازانی نێو کۆمەڵگە کەم دەکاتەوە؛ بەڵام لە "**هێز**"ی بەربەرەکانیی ئەوانەی لە دژی ئازادیی کۆمەڵگەن هیچ کەم ناکاتەوە و وەك خۆی دەیهێڵێتەوە. ئەمەش مانای وایە کە تۆ لەم دۆخەدا دژی ئازادیی کۆمەڵگە کار دەکەیت و لەو ڕێیەشەوە لە دژی ئازادیی خۆشت دەوەستیت کە تاکێکیت لە "**کۆمەڵگە**".

کەواتە تۆ ئەگەر ئازادیخوازیت و دەتەوێ کۆمەڵگە ئازاد بێت؛ دەبێ یەکەم خۆت لە سیاسەت دوور نەخەیتەوە؛ چۆنکە دوورکەوتنەوەت لە سیاسەت مانای خراپەکاری‌یە لە دژی ئازادیی کۆمەڵگە و ئازادیی خۆت، و دووەمیش دەبێ، ئەگەر بەرەیەکی سیاسی هەبوو بۆ ئازادیی کۆمەڵگە کاری کرد، لەگەڵ ئەو بەرەیدا کاربکەیت. ڕاستە تۆ دەتوانیت بە تەنیا سیاسەت بکەیت و هەوڵ بدەیت و بۆ ئازادیی کۆمەڵگە تێ بکۆشیت؛ بەڵام ئەوە بزانە کە تۆ ناتوانیت بە تەنیا باڵ کۆمەڵگە ئازاد بکەیت. چۆنکە ئازادکردنی کۆمەڵگەیەك وەك ئەوە نی‌یە تۆ بچیت بڵێیت بەتەنێ کاردەکەم بۆ خۆم و دەبمە پارەدارو دەوڵەمەند. بەڵێ لەوانەیە بەتەنیا باڵ بکەویتە کار و هەوڵ دان و ببیتە سەرمایەدارێکی زۆر گەورە. بەڵام بەتەنیا باڵ ناتوانیت ئازادیی بۆ کۆمەڵگەیەك بسێنیت. لەبەر ئەوە دەبێ کۆمەڵگە بجووڵێنیت و بهەژێنیت کە بتوانێ خۆی خۆی ئازاد بکات لەڕێی یەکگرتنی ئەو تاکانەیەوە کە بۆ ئازادیی کۆمەڵگە هەوڵ دەدەن. جا لەبەر ئەوەیە کە دەبێ تۆ لەگەڵ ئەو جۆرە تاکانەدا کاری خۆت یەك بخەیت؛ واتە لەگەڵ کۆمەڵێکی سیاسی‌دا کاربکەیت کە بۆ ئازادیی کۆمەڵگە هەوڵ دەدات، نەك بۆ ئازادیی کۆمەڵەکەی خۆی، یان حیزبەکەی خۆی بەتەنیا. چۆنکە ئەو حیزبەی کە تەنیا بۆ ئازادیی خۆی هەوڵ دەدا، هەر دەیەوێ "**خۆی**" بگەیەنێتە

ئازادی، نەك **"کۆمەڵگە"** بگەیەنێتە ئازادی. جا وەك چۆن مرۆڤ ئەگەر تەنێ بۆ ئازادیی خۆی هەوڵی‌دا، ئەوا هەر بۆ دەسەڵات پەیداکردنی خۆی هەوڵ دەدا، هەر ئاواش ئەو حیزب و کۆمەڵە سیاسی‌یانەی تەنێ بۆ ئازادیی خۆیان، هەوڵ دەدەن، دەیانەوێ جارێ دەسەڵات بخەنە دەست خۆیان، ئەوجا **"دەسەڵات"** لە حیزبەکان و کەرتەکانی دیکەی کۆمەڵگە ببڕن و لە ئەنجامی ئەوەدا **"بێ ئازادی"** بیان هێڵنەوە. لێرەدا دەبێ بەر لە هەموو شتێك بزانیت کە هێچ هێزێکی دڕندەی فاشیستانە و خوێنڕێژانە و دیکتاتۆرانە لە جیهاندا نەبووەو نی‌یە و نابێ کە دژی **"ئازادی"** بێ؛ وەك **"بنچینە"**یەك. خوێنڕێژترین و ملهوڕترین سیاسەتگەرانی مێژوو، و دڕندەترین و دیکتاتۆرترین کۆمەڵە و حیزبی ئەم جیهانە، چ لەرابووردوو و چ لە ئێستەدا، هەموویان باسی **"ئازادی"**یان کردووە و دەیکەن و هەوڵیان بۆ **"ئازادی"** داوە و دەیدەن. بەڵام ئەو پرسیارەی کە دەبێ بکرێ ئەوەیە: ئایا ئەمانە **"ئازادی"**یان بۆ کێ ویستووە و لەبەر چی ویستوویانە **"ئازاد"** بن؟ ئێمە دەزانین کە **دەوڵەتی عوسمانی** کاتێ ساڵ دەری دوانزەی مانگی لە شەڕدا بوو لە دژی ئەوانەی کە گوایە **"کافر"** بوون و هەوڵی دەدا وڵاتی دیانەکان داگیر و کاول بکات و دەسەڵاتی گەلەکانی نەهێڵێ تاکو **"ئازادی"** یان نەمێنێ، ئەمە بۆ ئەوەبوو کە **"ئازادیی خۆی"** و **"ئازادی"** تەنێ هەر **"بۆ خۆی"** بپارێزێ. سوڵتانەکانی عوسمانی دەیانگوت **"ئێمە خوا فەرمانی داوە پێمان کە دوژمنانی خوا ملکەچ بکەین"**. بە ملکەچکردنی **"دوژمنەکانی خوا"**؛ دەچوون **"ئازادی"**ی **"ژێردەست کردن و کە نەفت کردن"**ی بەشێکیان لە مرۆڤایەتی بۆ خۆیان دەپچڕی. ئەگەر نا ئەم سوڵتانە ترکانە دوژمنی **"ئازادیی خۆیان"** نەبوون. بەڵکو **"ئازادیی خۆیان"** لە **"دیلیتیی خەڵك"**دا دەدی. ئەو ترکە لاوانەی کە بە **"ژۆن ترك"** نێویان رۆیوە، بزووتنەوەکەیان لە ژێر ئالای **"ئازادی"** و **"دادخوازی"** و **"وەك یەکی"**دا دەست پێ کرد. کە هاتنە سەر کار؛ دەرکەوت کە مەبەستیان لە **"ئازادی"** تەنێ **"ئازادیی خۆیان"** بوو؛ چۆنکە هەر زوو رێی ئازادی‌یان لە خەڵکی دی گرت.

هیتلەرو نازی‌یەکانی هاوڕێی کە چەند ملوێنێك جوولەکەو رووس و فەرەنسەیی و ئەڵمان و ئەورووپاییی دیکەیان لە نێوبرد؛ بە ئاشکرا دەیانگوت **"ئێمە بۆ ئازادیی رەگەزی ئاریایی هەوڵ دەدەین کە پێشکەوتووترین رەگەزی جیهانە و لە بەر ئەوە دەبێ رەگەزە نزمەکان بەژێر دەستەیی بژین"** . ئەوان نەیان دەگوت **"ئێمە دژی ئازادین"** و راستی‌یەکەشی دژی ئازادیی خۆیان نەبوون، دژی ئەوە

بوون كه خەڵكى دى، واته ئەوانەى لەوان نەبوون "**ئـازاد**" بن. سەددام و بەعسىيەكانى هاوڕێى هيچ كاتێك نەيانگوتووه و ناڵێن "**ئێمـه دژى ئـازادين**" و ئەوەته يەكێك له ستراتيژه سىٚ كوچكەكەيان "**ئـازادى**" يه (**وحدة-حرية-اشتراكية**). ئەوان كه "**دەسەڵات**" له هەموو حيزب و دەستەيەك كه له خۆيان نەبىٚ دەستێننەوه و "**دەسەڵات**" دەخەنه دەست خۆيان؛ تەنىٚ لەبەر ئەوەيه كه ئەوان "**ئازادى**"يان هەر بۆ "**خۆيان**" دەوىٚ. جا وەك كورد گوتوويەتى: "**سەگ له كولێره راناكات**"، دڕندەترين چوار پىٚ كه گۆشت ببينىٚ راناكا لێى و فڕێى نادا، بەڵكو پەلامارى دەداو بۆ "**خۆى**" داگيرى دەكا. "**ئازادى**"ش وايه؛ دڕندەترين كۆمەڵه و حيزب و تاكى سياسى ئەم جيهانه رانكالێى و دژى ناوەستى؛ بەڵكو بۆ "**خۆيى دەوىٚ و دەيكا بەماڵى خۆى**".

ئەمجا بۆ ئەوەى مرۆڤێكى ژير له دڕندەيەكى كێوى جيا بكەينەوه؛ دەبىٚ ئەوه بهێنينه بەرچاومان كه "**مرۆڤى ژير نابىٚ ئازادى هەر بۆ خۆى بوىٚ**". واته ئەو نانەى كه دێته سەر "**خوان**"؛ نابىٚ يەكێك بىٚ و وەك دڕنده قەپ بكا به هەمووىدا و لرفىبدا؛ بەڵكو دەبىٚ هەموو خێزانەكه لێى بخواو بۆ تاكه "**يەكێك**" يان چەند كەسێكى ئەو خێزانه نەبىٚ. كەواته "**ئـازادى**" كه "**ملكێكى گشـتى**"ى هەموو "**مرۆڤايەتى**"يە؛ نابىٚ تەنىٚ بۆ يەك كەس و يەك كۆمەڵ و يەك حيزب و يەك دەوڵەت و يەك رەگەز و يەك ئاين و يەك نەتەوه بىٚ، بەڵكو دەبىٚ بۆ سەرجەمى تەواوى "**كۆمەڵگەى ئادەمزاد**" بىٚ "**بىٚ جياوازى**".

كوێرەوەريى كۆمەڵگەى ئادەمزاد تا ئێسته لەوەدا بووه و لەوەدايه كه هەر بەشێك لەوانەى ئازادىيان بۆ خۆيان ويستووه، يان ئازادىيان بۆ خۆيان دەوىٚ، هاتوون به نێوى شتێكەوه يان به بيانووى شتێكەوه مافيان داوەته دەست خۆيان كه هەر خۆيان ئازاد بن و رێى ئازادىيان لەوانى ديكه گرتووه و دەيگرن. جا بۆ ئەوەى ئەم "**ئازادى**"يه بۆ "**خۆيـان**" مسۆگەر بكەن و "**ئـازادى**" لەوانەى دى بگرن، دەچن رىٚ و شوێنێكى سياسى دەگرن و له ژێر ئاڵايەكى به رووالەت "**ژيربێژانه**"دا دەچن بەڕێوه؛ واى پێشان دەدەن كه "**هەق**" هەر بەلاى "**خۆيان**"ەوەيه و بەلاى كەسى ديكەوه نىيه. جا لەبەر ئەوەى "**هەق**" هەر بەلاى ئەوانەوەيه؛ دەبىٚ ئەوانەى لەسەر "**ناهەق**"ن نەمێنن و له نێو بچن. جا هەر لەم بيره تەسكوتروسك و دوژمن به "**ئازاديى كۆمەڵگه**"يەوه؛ بيرى "**حيزبى پێشـڕەو**" و "**سەركردەى تاقانەى گەل**" و "**رێبەرى بىٚ هاوتا**" و "**وەكيلى خـوا**" و ئەم جۆره بڕوبيانووانه دێنه كايەوه و كاريش دەكەنه سەر نەزان و بيرنەكەرەوه و تىٚ

نەگەیشتوو و، لە هەمان کاتدا ئەوانەی خۆبژێن و هەلپەرست و کوڕی ڕۆژ و خوێڕی و چڵکاو خۆرن؛ لە دەوری کۆدەبنەوە و گڕی ئاگرەکەی خۆش دەکەن و لە ئەنجامدا هەر بە نێوی "ئازادی"یەوە "ئازادی" سەردەبڕدرێ.

جیاوازیی "**هاوبیرانی قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم**" لە کۆمەڵانی دی لەوەدا نییە کە هاوبیرانی ئەم قوتابخانەیە خۆیان بەڕاست نازانن و بیروباوەڕی خۆیان بە هەق نازانن، یان بیروباوەڕی دی بەراستتر و هەقتر لە هی خۆیان دەزانن و لەبەر ئەوەیە "ئازادی" بە خەڵکی دیکەش ڕەوا دەبینن. نەخێر وانییە. هاوبیرانی ئەم قوتابخانەیە خۆیان بەڕاست و بیروباوەڕەکەیان بە هەق دەزانن. دیارە لە چاو بیروباوەڕو ڕێی خۆیاندا، هەموو بیروباوەڕەکانی دی بە ناهەق و ڕێیەکانی دی بە ناڕاست یان لاڕێ دەزانن، بەڵام ئەوەی هاوبیران لە گەلێك خەڵکی دی جیادەکاتەوە ئەوەیە، هاوبیران "ئازادی" بە مافێکی بنچینەیی و سروشتیی مرۆڤ دادەنێن کە هیچ مرۆڤێکی دی مافی دەست بۆ بردنی نییە. هەر لەبەر ئەوەش هاوبیران خۆیان بە "**سەرکردەی تاقانەی گەل**" و "**گەورەی کۆمەڵگە**" و "**تاکە دەمڕاست**" و "**وەکیلی خوا**" نازانن؛ و بێ پێچو پەنا دەبێژن: ئێمە بیروباوەڕەکەمان بە "**بیروباوەڕێکی پێشڕەوانە**" دەزانین؛ نەك تاکە تاکەی خۆمان. ئێمە "**خۆمان**"مان وەك هەموو مرۆڤێکی دی ئەم جیهانە دێتە بەرچاو کە هیچ کاتێ لە ناتەواوی و خەوش (**عیب**) و هەڵە و کەموکورتی بە دوور نییە و نابێ. ئێمە نە "**گەورەی کەسین**" و نە لە "**گەورەیەتی**" و "**زلێتی**" دەگەڕێین. ئێمە "**کوتەك بەدەست**" نین؛ بەڵکو "**چرا بەدەست**" و "**ڕێ پێشاندەر**"ین. ئەوی "**چرا بەدەست**" و "**ڕێ پێشاندەر**"ە؛ ناچارە لە پێش کۆمەڵەوە بڕوا و چراکە ڕاگرێ بۆیان، چۆنکە ئەگەر لە پشتیانەوە بڕوا؛ ئەو دەمە بەردەمیان ڕۆناك نابێتەوە. "**چرا بەدەست**" هەر چەندە لە پێش کۆمەڵەوە دەڕوا؛ بەڵام هیچ کاتێك سواری قەڵاندۆشکانی ئەوانە نابێ کەرێ ڕۆناك دەکاتەوە بۆیان و هیچ کاتێك بە قامچی تێیان بەرنابێ و، وەك شوانی مێگەلە مەڕ لێیان ناخوڕێ. ئێمەش چرایەکمان گرتووە بەدەستمانەوە، هەر کەسێ دێتە بەری بەخێر بێ و ئەوی نایەتە بەری، با چرایەکی دی بۆ خۆی بدۆزێتەوە؛ بەڵام دەبێ چرایەك بۆ خۆی بدۆزێتەوە، هەر چرایەك دەبێ پیرۆزی بێ. بەڵام نابێ لە تاریکیدا بمێنێتەوە. ئەوی لە تاریکیدا بمێنێتەوە؛ ئێمە لێی بە گومان دەبین. ڕێ بە هیچ کەسێك نادەین بەنێوی "**بێ لایەنیی دروزنە**"وە لە تاریکیدا بوەستێ و بەرد بگرێتە چراکەمان.

ئێمە پێمان وایە و لە نێو جەرگەی بیرکردنەوەیەکی ژێر بێژانە (منطقي)ی قووڵەوە پێمان وایە کە چراکەمان لە چرای هەموو لایەك بەهێزترە. جا لەبەر ئەوەی لە تیشکی بەهێزی چرای خۆمان دڵنیاین، دەزانین رۆژێ لە رۆژان، زوو یان درەنگ، خەڵکی واز لە چرای دیکە دێنن و خۆیان بۆ ئەم چرایەی ئێمە دەکوتن. لەبەر ئەوەیە ئێمە چرای کەس ناشکێنین و بەخیلی بەکەسیش نابەین.

هەر لەبەر ئەوەشە ئێمە دژی **"ئـازادی"**ی هیچ کەس و هیچ کۆمەڵ و هیچ لایەك نین و دەمانەوێ هەموو **"لا"**یەك **"ئازاد"** بن؛ واتە **"دەسـەڵات"** بە هەموو **"لا"**یەك رەوا دەبینین، لە یەك باردا نەبێ؛ ئەوەش ئەوەیە ئەو **"کەسە"** یان ئەو **"کۆمەڵە"** یان ئەو **"دەوڵەتە"** یان ئەو **"دەزگە"**یە؛ هەوڵ تەنیا بۆ **"ئازادیی خۆی"** بدا؛ واتە **"دەسەڵات"**ی خۆی بەکاربهێنێ بۆ رێگرتن و برینی **"دەسـەڵات"**؛ واتە **"ئـازادی"**ی لەلایەنەکانی دی. لەو کاتەشدا ئێمە ئەگەر پێمان کرا هەر تـەنێ **"دەسەڵات"** لەو **"هێز"**ە یان ئەو **"لایەن"**ە دەسێنینەوە؛ بەڵام خۆی، **"وەك خۆی"** لە نێو نابەین. ئێمە لە بنەڕەتەوە نامانەوێ **"مار"** بکوژین، بەڵکو دەمانەوێ دانی دەربکێشین و وای لێ بکەین بە خەڵکەوە نەدا.

کەواتە ئێمە بۆ **"ئـازادیی کۆمەڵگـە"** تـێ دەکۆشین، بۆ **"ئـازادیی کۆمەڵگـەی مرۆڤـایەتـی"** و، لە سەرەتاوە لە جێی خۆمانەوە واتە لە **"کۆمەڵگـەی خۆمـان"**ەوە دەست پێ دەکەین. تۆیەکیش کە دەتەوێ **"ئازاد"** بیت **"وەك تـاکێکی کۆمەڵگـە"**؛ پێویستە شان بەشانی ئێمە بۆ **"ئـازادیی کۆمەڵگـە"** تـێ بکۆشیت، واتە پاش ئەوەی قسەکانمانت بیست و کردەوەکانمانت دی و هەردووکیانت بەدڵ بوو، ئەوجا پێویستە بێیتە ریزەکانی ئێمەوە. چۆنکە تا ریزەکانمان بەهێزتر و پڕو چڕتر بێ، ئەوا هێزەکەمان زووتر دەتوانێ ئازادی بۆ کۆمەڵگە وەدەست بهێنێ و هەر چیش بژی دەبینێ.

بەم پێیە یەکێك لە بنچینەکانی **"قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم"** **"ئازادی"**یە و ئەو رژێمانەی دژی **"ئـازادی"**ن، با خۆشیان بە **"رژێمـی سۆسیالیسـتی"** بدەنە قەڵەم؛ بەڵام لەلایەن هاوبیرانی ئەم قوتابخانەیەوە بە **"رژێمـی دژی سۆسـیالیزم"** دێنـە ناسـین. لەبـەر ئـەوە هـەموو رژێمێکـی دیکتاتۆرانـە و فاشسـتانە و ئۆتۆریتێرانـەو ئێتاتیسـتانە و تۆتالیتێرانـە بـەپێی بـیری ئـەم قوتابخانـە کوردییە- رژێمی سۆسیالیستانە نین، چۆنکە دژی ئازادین.

یەکسانکردنی کۆمەڵگە، نەك دانی مافی وەك یەك بە تاکە تاکەی کۆمەڵگەی نایەکسان

کاربەدەستان و فەرمانڕەوایانی زۆربەی زۆری دەوڵەتەکانی ئەم جیهانە، بە دێموکراتی و تۆتالیتێر و ئۆتۆکراتی و ئۆتۆریتێر و ئێلیتێر و لیبەرالەوە، لاف پێدانی **"مافی وەك یەك"** بە هاووڵاتە فەرمانە بەسەردا کراوەکانیاندا لێ دەدەن، و هێندێکیشیان بە کردەوە لە قانوونە بنچینەیی‌یەکانیاندا دەنووسن کە **"هەموو هاووڵاتان، بێ گوێ دانە جیاوازیی ڕەگەزو زمان و ئاین و ڕەنگی پێست و بیروباوەڕ و شوێنی کۆمەڵایەتی و..هتدیان؛ لەبەردەم قانووندا وەك یەکن"**.

مەبەستیشیان لەمە ئەوەیە؛ کە ئەم **"هاووڵاتانە"** هەموو بە یەك چاو لەلایەن دەوڵەت و دەزگەکانی‌یەوە تەماشا دەکرێن. واتە ئەگەر یەکێك **"دەوڵەمەند"** و یەکێك **"هەژار"** بوو، یان یەکێك **"پێستی ڕەش"** و یەکێك **"پێستی سپی"** بوو، یان یەکێك **"پیاو"** بوو و یەکێك **"ژن"** بوو، یان یەکێك **"خوێندەوار"** بوو، یەکێك **"نەخوێندەوار"** بوو، یان یەکێك **"بەکوردی قسەی کرد"** و یەکێك **"بە ترکی"**؛ ئەوا قانوون بە **"دەوڵەمەندەکە"** و **"سپی پێستەکە"** و **"پیاوەکە"** و **"خوێندەوارەکە"** و **"ترکەکە"**؛ مافی زێتر نادا لە **"هەژارەکە"** و **"ڕەش پێستەکە"** و **"ژنەکە"** و **"نەخوێندەوارەکە"** و **"کوردەکە"** و ئەمەش بە نیشانەی ڕاستەقینەی **"وەك یەکیی ماف"** و **دێموکراسی و داد پەروەریی ڕژێمی** ئەو دەوڵەتە دەدەنە قەڵەم.

ئێستە ئەگەر کەمێك بە هوردی و بابەتانە لە کێشەکە بکۆڵینەوە، دەبینین ئەم لاف لێ دانەی سەرەوە **"هەموو هاووڵاتان لەبەردەم قانوون‌دا وەك یەکن"** کە گوایە نیشانەی **"مافی وەك یەك"**ە لە قسەیەکی بێ سەروپێ بەولاوە هیچی دی نی‌یە، ڕاستی‌یەکەی ئەوانەی وەك یەك نین–واتا هاوشان و هاوکێشی یەك نین–، بە پێی سروشت و ژیربێژیی شتەکە خۆی، ناشتوانن **"مافی وەك یەك"**یشیان هەبێ. دوو کەس یان دوو کۆمەڵ، تەنێ دەتوانن بڵێن **"مافی وەك یەکمان هەیە"** کە ئەگەر هاتوو ئەو دوو کەسە یان ئەو دوو کۆمەڵە؛ **"هاوشان و هاوکێشی یەك"**بن؛ واتە **"یەکسان"** بن، **"یەکسانی"** مانای **"<u>یەکسانی نی‌یە لە بوونی مافدا"</u> <u>بەڵکو مانای "یەکسانی‌یە لە مافی بەکارهێنانی ماف" و "یەکسانی لە سووت وەرگرتن لەو بەکارهێنانە"دا</u>**. چۆنکە **"ماف"**، کاتێك سووتی دەبێ، کە بتوانرێ

بەکاربهێنرێ و هیچ مافێك سووتی نابێ ئەگەر بەکار نەهێنرێ، یان نەتوانرێ بەکار بهێنرێ. لەبەر ئەوە ئەگەر تۆ نەتتوانی مافێك کە هەتە بەکاری بهێنیت، ئەوا وەك نەتبووبێ وایە، بۆ وێنە: ئەگەر تۆ بە ملوێن پارەت لە بانکدا هەبێ، بەڵام نەتوانیت؛ واتە ماڤ ئەوەت نەبی دەری بهێنیت و خەرجی بکەیت؛ ئەوا وەك نەت بووبێ وایە. کەواتە "**ماف نابێتە ماف**" هەتا "**دەسەڵاتی بەکارهێنان**"یت نەبێ. بەڵام کە دوو کەس، یان دوو کۆمەڵ "**دەسەڵات**"یان لە لەبەکارهێنانی "**ماف**"ێکدا هەبوو، مانای وانی‌یە ئەنجامی بەکارهێنانی ئەو مافە هەر وەك یەك دەردەچێ. چۆنکە **چەندایەتی** و **چۆنایەتیی** ئەو ئەنجامە لەسەر رادەی توانستی سووت وەرگرتن لەبەکارهێنانی ئەو مافە وەستاوە.

جا لەبەر ئەوە و بۆ ئەوەی دوو کەس "**مافی وەك یەك**"یان هەبێ؛ دەبێ یەکەم: هەردووکیان "**دەسەڵات**"یان لە "بەکارهێنانی ئەو مافە هەبێ و دووەم: دەبێ هەردووکیان "**دەسەڵات**"یان لە "**سووت وەرگرتن لەو مافە**"دا وەك یەك بێ. واتە دەبێ ئەو دوو کەسە ببنە "**هاوشان**" و "**هاوکێش**"ی یەك تا ببنە خاوەنی "**مافی وەك یەك**".

بۆ وێنە: کە دوو قوتابی دێنە قوتابخانە؛ یەکێکیان زاڕۆی خێزانێکی هەژار و ئەوی دی زاڕۆی خێزانێکی دەوڵەمەند، یەکەمیان بە زگی برسی و جلکی دڕاو و شەرمێکی زۆری هەڤاڵ کەمی‌یەوە دێتە بەردەم مامۆستا، و ئەوی دی‌یان بە زگی تێر و جلکی جوان و کەشوفشێکی دەست ڕۆیشتووانەوە دێتە بەردەم مامۆستا، ئەم دووانە؛ ناتوانن وەك یەك لەگەڵ مامۆستاکەیان وتووێژ بکەن و سووت وەربگرن لێی؛ با قوتابخانەکە و مامۆستاکانیش لە بنچینەوە بە یەکچاو تەماشای زاڕۆی هەژار و زاڕۆی دەوڵەمەند بکەن و بە هەردووکیان ماڤ وەك یەك ڕەوا ببینن. بەڵام زاڕۆ هەژارەکە بەو حاڵەی کە لە سەرەوە باسکرا؛ ناتوانێ سووت لە ماڤ خۆی وەربگرێ وەك زاڕۆ دەوڵەمەندەکە؛ چۆنکە "**هاوشان و هاوکێشی**"ی زاڕۆ دەوڵەمەندەکە نی‌یە و ئەوەندەی ئەو دەستی ناڕوا و دەسەڵاتی نی‌یە.

هەروەها کە ژن و پیاوێك شەڕێکیان دەبێ و دێنە بەردەمی حاکمێك لە وڵاتێکی دواکەوتووی پیاو فەرمانی‌دا، پیاوەکە بە دەسەڵات و دەم هەراش و دەنگ دلێر و لە خۆ دڵنیا، و ژنەکەش بێ دەسەڵات و دەنگ خنکێنراو و شەرمن و کەنفت کراو، ئەوا ناتوانن وەك یەك مەسەلەکەیان لە حاکمەکە بگەیەنن. با حاکمەکەش هەردووکیان لە بنچینەوە بەیەك چاو تەماش بکات و ماڤ وەك یەك

ڕەوا ببینێ پێیان. ژنەکە بەو حاڵەی باسکرا، ناتوانێ سووت لە مافی خۆی وەربگرێ وەك پیاوەکە، چۆنکە ژنەکە "**هاوشــان و هاوکێشــی**"ی پیاوەکە نی‌یە. واتە ئەوەندەی پیاوەکە دەستی ناڕوا و ئەوەندەی ئەو دەسەڵاتی نی‌یە.

بە کورتی: "**مـافی وەك یـەك**" کاتێك دەبێتە واقعێکی هەست پێکراو کە ئەوانەی ئەو مافە ڕەوا دیتراوە پێیان؛ یان خۆیان بتوانن؛ یان دەسەڵات پەیدا کرێ پێیان؛ تاکو ئەو مافە وەك یەك بەکار بهێنن و وەك یەك سووت وەربگرن لە بەکارهێنانی. کەواتە بەکارهێنانی وەك یەکیی ماف و سووت وەرگرتنی وەك یەك لێی؛ پێویستی‌یان بە بوونی دەسەڵاتی وەك یـەك هەیـە، دەسـەڵاتی وەك یەکیش کاتێك دەبێتە کردار، کە ئەوانەی ئەو دەسەڵاتە بەکار دەهێنن هاوکێش و هاوشانی یەکبن؛ واتە "**یەکسان**"بن.

کەواتە کاتێك دەتوانرێ باسی "**وەك یەکیی ماف**" لە کۆمەڵگەدا بکرێ، کە ئەو کۆمەڵگەیە "**یەکسان**" بێ. کۆمەڵگەیەك کە لە ڕووی ئابووری و ڕۆشنبیری‌یەوە لە چەند چینێك و دەستەیەك وتوێکێکی جیاواز پێك هاتبێ، دیارە ئەندامەکانی هاوشان و هاکێشی‌یەك نابن، لەبەر ئەوە دەسەڵاتیشیان لەبەرکارهێنانی ماف و سووت وەرگرتن لەو بەکارهێنانە، وەك یەك نابێ، لەبەر ئەوە هەزاران قانوون و نەرێت دروست ببێ بۆ پشتگیریی دانی مافی وەك یەك بە ئەندامەکانی ئەو کۆمەڵگەیە؛ هیچ سووتێکی نابێ و لە وشەی سەر کاغەز بەو لاوە چی دی نابێ.

بۆ وێنە: لە هێندێ لە دەوڵەتەکانی ئەورووپای ڕۆژاوادا قانوونی زۆر دێمۆکراتانە و ئازادیخوازانە هەن؛ کە مافی وەك یەك بە ئەندامانی کۆمەڵگەی ئەو وڵاتانە ڕەوا دەبینن، بەڵام تاك و چین و توێك و دەستە جۆرجۆرەکانی کۆمەڵگە کەڵك لەو قانوون و مافانە، وەك یەك، وەرناگرن. بۆ نموونە: یەکێك لە بنچینە سەرەتایی‌یەکانی سیستەمی لیبەراڵی "**ئازادیی پەیمان بەستن**"ە. واتە کرێکارێك مافی ئەوەی هەیە لای ئەم خاوەن فابریقەیە کار نەکات، بەڵکو لە لای ئەو خاوەن فابریقەیە کاربکات؛ بە کورتی کرێکارەکە ئازادە لەگەڵ چ کارپێ دەرێکدا بیەوێ؛ دەتوانێ پەیمانی کارکردن ببەستێ. بەڵام ئەگەر تۆزێك بە هوردی لەمە بکۆڵینەوە؛ دەبینین کە کرێکار لەم پەیمان بەستنەدا لەگەڵ سەرمایەدار "**ئازاد**" نی‌یە، وەك قانوون دەڵێ. چۆنکە کرێکارێك کە ناچارە هێزی لەشی بە پارە بفرۆشێ، ناتوانێ بە ئارەزووی دڵی خۆی پلەی کرێ و جۆری کار و کارپێدەر بۆ خۆی هەڵ بژێرێ. چۆنکە ئەو کەسەی کرێکارەکە بە پارە ڕادەگرێ سەرمایەدارەکەیە، و کرێکارەکە ناتوانێ ماوەیەکی زۆر بێ کار بمێنێتەوە؛

چۆنکه لەبرساندا دەمرێ. بەڵام سەرمایەدارەکە دەتوانێ بەهۆی پارەکەیەوە، ئەگەر هاتو کۆمەڵە کرێکارێك مانیان گرت لێی و کاریان نەکرد بۆی، ئەوا رابوەستێ و چاوەڕوان بکات، تا کرێکارەکان ناچار دەکات بە مەرجەکانی رازی بن. بە کورتی ئەو "**دەسەڵات**"ەی سەرمایەدارێك هەیەتی، کرێکارێك نی‌یەتی. کەواتە ئەو پەیمانەی لە نێوان پارەدارێك "**بەدەسەڵاتێك**" و "**بێ دەسەڵاتێك**"دا دێتە بەرهەم؛ پەیمانێك نی‌یە کە لە نێوان دوو کەسی هاوکێش و هاوشاندا هاتبێتە بەرهەم، لەبەر ئەوە با قانوونیش هەردووکیان وەك یەك تەماشا بکات، لەگەڵ ئەمەشدا سەرمایەدار باشتر دەتوانێ کەڵك لە "**مافی ئازادیی پەیمان بەستن**" وەربگری وەك لە کرێکار. ئەمجا با چەند وێنەیەکی کەمێك هاسانتر بهێنینەوە:

کاتێك پارەدارێك لەگەڵ هەژارێکدا لەسەر شتێك ناکۆکی دەکەوێتە نێوانیان و دۆزەکە دەگاتە دادگە، پارەدارەکە بەهۆی دەسەڵاتی پارەکەیەوە دەتوانێ لە باتی پارێزکارێك (محامی) چەند پارێزکارێکی زۆر شارەزا رابگرێ و لە کابرای هەژاری دەستکورتی لە قانوون نەزان؛ گەلێك باشتر سووت لە پێچ و پەناکانی قانوون و مافەکانی خۆی وەربگرێ و کێشەیەك کە بە ماوەیەکی کورت تەواو ببێ؛ وای دوور بخاتەوە و وای سەخت بکا؛ کە پرزە و هەناسە لەبەر هەژارە دەستکورتەکە ببڕێ و لە ئەنجامدا کوڵ بە هەژارەکە بدات و دۆزەکە بباتەوە، با هەژارەکەش لەسەر هەق بێ و قانوونیش پشتی بگرێ. هەروەها کابرایەکی خوێندەواری ئەکادیمیکەری شارەزای تێکنۆکراتی؛ باشتر دەتوانێ کەڵك لە قانوون و مافی خۆی وەربگرێ وەك لە یەکێك کە خوێندنێکی بەرزی زانستگەیی تەواو نەکردبێ و شارەزای کاروباری بێرۆکراتی و پێچو پەنای قانوون نەبێ.

جا هەرچەندە بەپێی قانوونی رژێمە لیبەراڵی‌یەکان خەڵك ئازادن لە دەربڕینی بیروباوەڕدا و مافی ئەوەیان هەیە بە سەربەستی بیروباوەڕی خۆیان دەربڕن؛ بەڵام ئەو خەڵکە هەموویان دەسەڵاتی ئەوەیان نی‌یە ئەم مافە وەك یەك بەکاربهێنن. ئەوانەی هەژارو دەستکورت و بێ سەرمایەن؛ لەوە زێتر کە بیروڕای خۆیان بە چەند کەسێکی دەوروپشتی خۆیان رابگەیەنن، یان لە سنوورێکی زۆر تەنگدا بڵاوی بکەنەوە؛ ماوەی دیکەیان نی‌یە. بەڵام ئەو کۆنسێرنانەی کەوا دەستاوێژی چاپ و چاپەمەنی‌یان بەدەستەوە هەیە، و هەموو رۆژێك بە ملوێن دانە رۆژنامە و گۆڤار و پەخشنامە بڵاودەکەنەوە؛ زۆر چاك دەتوانن بەهۆی ئەو

ڕۆژنامە و گۆڤار و پەخشنامانەوە کە دەری دەکەن؛ کاربکەنە سەر بیروڕای گشتیی خەڵك و سەرنجیان بگۆڕن و چەواشەیان بکەن و هەق بکەن بە ناهەق و ناهەق بکەن بە هەق لێیان، کە ئەم کارە لە دەسەڵاتی ئەوانەدا نییە کە خاوەنی کۆنسێرن و چاپخانە و داودەزگەی ڕۆژنامەگەری و پەخشکاری نین، با لەسەر هەقیش بن و قانوونیش پشتیان بگرێ.

لە چارەکە چەرخی ڕابوردوودا؛ هێندێ لە وڵاتەکانی جیهانی سێیەم بەنێوی **"ریفۆرم"** اصلاحات- ەوە هێندێ **"اجراءاتیان"** نواند؛ وەك دەرکردنی قانوونی چارەسەرکردنی زەوی و زار و قانوونی (**احوالی شخصی**) بۆ ماف ژنان. بەپێی قانوونی یەکەم دەوڵەت هێندێك زەوی و زاری لە خاوەن زەوییە گەورەکان کڕی و بەسەر جۆتکارەکاندا دابەشی کرد. بە پێی قانوونی دووەمیش هێندێ ماف سەرەتایی بە ژنان ڕەوا بینرا. بەڵام نە جۆتکارەکان سووتیان لە ماف **"خاوەن زەوێتی"** وەرگرت و نە ژنانیش سووتیان لە ماف **"وەك یەکی"** لەگەڵ پیاودا وەرگرت. ئێران باشترین نموونەیە کە بۆ ئەم قسەیە.

ئەو خاوەن زەوییە گەورانەی زەوییەکانیان بە پارەیەکی یەکجار زۆر لێ کڕا، چوون هەر بەو پارەیە ملکی دیکەیان کڕی و دەوڵەمەنتر و دەسەڵاتدارتر بوون. جۆتکارە هەژارە بێ پارە و نەخوێندەوار و بێ پشتو پەنا و بێ دەسەڵاتەکانیش؛ چۆنکە توانستی بەڕێوەبردنی زەوییەکانیان نەبوو، پاش ماوەیەك ناچار بوون زەوییەکانیان بەجێ بهێڵن و وەك کرێکارێکی ڕۆژانە بە نانەسکی لە شارە گەورەکاندا کاربکەن و لە جاران هەژارتر بن. ئەو ژنانەش کە دڵی خۆیان بەوە خۆش کردبوو کە خۆیان بەرامبەر پیاو ڕاست بکەنەوە؛ هەر زوو زانیان کە نالوێ بۆیان. کۆمەڵگە بەرامبەریان وەستاو، بە چاوی سووك تەماشایان کرا. چۆنکە ژنەکان دەسەڵاتی ئەوەیان نەبوو بەرامبەر کۆمەڵگەیەکی پیس و پیاو فەرمانی خۆیان ڕابگرن و ناچار بوون سەر بۆ هەزاران قسەی ساردو سووك شۆڕبکەن و لە ئەنجامدا نەك سووتیان لەو فشە مافانە وەرنەگرت؛ بەڵکو بەزیانیشیان تەواو بوو.

کەواتە تۆ کاتێك دەتوانیت باسی **"مافی وەك یەك"** بکەیت؛ کە **"دەسەڵاتی وەك یەك"**ت مسۆگەر کردبێ بۆ ئەو لایەنانەی **"ماف"** ڕەوا دەبینی پێیان. مەبەستیش لە **"دەسەڵات"** دەسەڵاتە لە هەموو ڕوویەکەوە: دەسەڵاتی ئابووری، دەسەڵاتی ڕۆشنبیری، دەسەڵاتی چالاکی نواندن، دەسەڵاتی ڕادەربڕین و..هتد.

جا كە تۆ بتەوێت دەسەلاتی وەك یەك لە هەموو روویەكەوە بۆ كۆمەڵگەیەك پێك بهێنیت؛ ئەوكاتە ناچاریت و هەردەبێ **"كۆمەڵگەیەكی یەكسان"** پێك بهێنیت.

بە كورتی: بۆ ئەوەی ماف تاكە تاكەی كۆمەڵگە؛ بەڕاستی وەك یەك بێ، دەبێ **"دەسەلات"**ی تاكە تاكەی كۆمەڵگە لە هەموو روویەكەوە وەك یەك؛ واتە هاوكێشی یەك بێ. بوونی **"دەسەلات"** مانای بوونی **"ئازادی"**یە (بگەڕێرەوە بۆ وتاری ئازادی و دەسەلات)، نەبوونی "دەسەلات"یش مانای نەبوونی "ئازادی"یە. دیارە ئەوانەی دەسەلاتیان وەك یەك نییە، وەك یەكیش "ئازاد" نین.

لەبەر ئەوە دەبێ تاكە تاكەی كۆمەڵگە وەك یەك دەسەلاتیان هەبێ؛ تاكو بتوانن وەك یەك ئازاد بن لە بەكارهێنانی مافیاندا. جا لەبەر ئەوەی تاكە تاكەی هیچ كۆمەڵگەیەكی ئەم جیهانە ناتوانێ **"ئازاد"** واتە **"دەسەلات"** بۆ خۆی مسۆگەر بكات، ئەگەر بێتو لە كۆمەڵگەیەكی ئازادی بە دەسەلاتدا نەژی، پێویستە تاكە تاكەی كۆمەڵگە بەرێككەوتن تەڤییەك و پشتگیری كردنی هەق، هەوڵی "ئازاد" و **"دەسەلات"** بۆ كۆمەڵگە بدەن، **"ئازادی و دەسەلات"** بۆ كۆمەڵگە، نەك هەر بۆ تاكە تاكەی خۆیان؛ چۆنكە ئەو كەسەی هەر بۆ ئازادی و دەسەلاتی خۆی هەوڵ دەدات لە كۆمەڵگەیەكی نایەكساندا؛ دەبێ هەموو كاتێك چاوی لەوە بێ كە بە حوكمی سروشتی نایەكسانیی كۆمەڵگە كە، بەربەرەكانێكەر و نەیاری وا پەیدا دەبن بۆی كە لە ئازادی و دەسەلاتی كەم دەكەنەوە و هێندێ جاریش بە جارێ پێشێلی دەكەن. لەبەر ئەوە هیچ كەسێك ناتوانێ بە تەنێ لە كۆمەڵگەیەكی نائازاددا ئازادبێ و دەسەلاتی هەبێ و ئازادی و دەسەلاتەكەشی تاسەر مسۆگەر بكات. تەنانەت ئەوانەی كە زۆر دەست رۆیشتوو پارەدار و ملهوڕن، دەبێ هەمیشە هەر خەریكی ئەوە بن خۆیان بپارێزن و سەر گەرمی بەربەرەكانێ بن تا ئازادی و دەسەلاتیان بە جارێك لە دەست نەچێ. لەبەر ئەوە تەنێ كۆمەڵگەی یەكسانە كە زامنی ئازادی و دەسەلاتە هەتا سەر بۆ هەموو تاكێكی كۆمەڵگە و هیچ تاكێك نامێنێ كە لە دەست دانی ئازادی و دەسەلاتی خۆی بترسێ. دیارە ئەو دەمە هیچ تاكێك ئازادی و دەسەلاتی لە تاكێكی دی زێتر نابێ.

لە كۆمەڵگەیەكی وادا كە ئازادی و یەكسانی هاوكێش و تەواوكەری یەك بن؛ دیارە ئەو كۆمەڵگەیە ناتوانێ بە دەوڵەتێك رازی بێ كە ئەو دەوڵەتە نوێنەری چینێكی تایبەتی یان دەستەیەكی تایبەتی یان توێكێكی تایبەتی یان

کەسێکی تایبەتی بێ. چۆنکە هەموو فەرمانڕەوایی‌یەکی چینایەتی یان دەستەیەتی یان توێکایەتی یان کەسایەتی؛ نایەکسانی دەگەیەنێ. هەروەها ناتوانێ بە دەوڵەتێك رازی بێ کە لاف ئەوە لێ بدا کە سەر بە هیچ چینێك و دەستەیەك و توێکێك و کەسێك نی‌یە؛ بەڵکو هێزێکی بێ لایەنە بۆ یەکخستن و نێو بژی کردنی چین و دەستە و توێکە جۆرجۆرەکانی کۆمەڵگە؛ چۆنکە دەوڵەت نابێ خۆی لە کۆمەڵگە جیا بکاتەوە و لە بۆشایی ئاسماندا بسووڕێتەوە. هەروەها نێوبژی کردنی نێوانی بە دەسەلاتێك و بێ دەسەلاتێك، مانای هێشتنەوەی بە دەسەلاتی و بێ دەسەلاتی‌یە وەك خۆی. دەوڵەت دەبێ لە کۆمەڵگە خۆی بێ و بۆ کۆمەڵگە خۆی بێ؛ واتە نە لە سەروو کۆمەڵگەوە بوەستێ و قامچی بەدەستەوە بگرێ لێیان، و نە لە نێوەڕاستیاندا بوەستێ و بە درۆ نێوبژی‌یان بکات و کەچی بە کردەوەش لەگەڵ لایەکیان بێ. بە کورتی دەوڵەت دەبێ کۆمەڵگەکە خۆی بێ، بێ کەمو زیاد. ئا لەم جۆرە دەوڵەتەدایە کە کەلەگایی و ترسی پاشەڕۆژ و زوڵمو زۆر نامێنێ. شایانی باسە لێرەدا کە لە کۆمەڵگەیەکی یەکسانی وادا دەوڵەت لە نێو ناچێ و نامرێ، بەڵکو کۆمەڵگە خۆی دەبێتە دەوڵەت. واتە "**ئازادیی کۆمەڵگە**" دەبێتە "**دەسەلاتی دەوڵەت**". بە کورتی کۆمەڵگەی ئازادی یەکسان؛ دەسەلاتی خۆی لە شێوەی دەوڵەتدا دەردەبڕێ.

ئەوسا دەوڵەت و کۆمەڵگە وەك پارچە پارەیەکیان لێ دێ کە دیوێکی پارەکە ئازادی‌یە و دیوێکی دەسەلاتە و ئەو دەمەش "**دەوڵەت وەك دەوڵەت**" پێویست نامێنێ.

بیروباوەڕی سیاسی لە نێوان ستراتیژو تاکتیکدا

"سیاسەت" لەباری سەرنجی هاوبیرانی قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزمەوە، بریتی‌یە لە زانست و هونەری گۆڕینی کۆمەڵگەیەك لە بارێکەوە بۆ بارێکی دی. گۆڕینیش؛ بەشێوەیەکی گشتی، دوو جۆرە: یەکەمیان - گۆڕینێکی رووالەتە و پێوەندیی بە دیوی دەرەوەی کۆمەڵگەوە هەیە. بۆ وێنە: گۆڕینی داوودەزگەی میری لە وڵاتێکدا؛ بەوەی ئەوانەی کاربەدەستن لایان ببەیت و هێندێکی دیی هەروەك ئەوان، بخەیتە جی‌یان. بۆ نموونە: دەستەیەك بکەونە یەك و ئاژاوەیەك بنێنەوە و شایەك کە لەسەر تەختە لای ببەن و سەرەك کۆمارێك دابنێن لە جێی وی؛ بێ ئەوەی سیستەمی فەرمانڕەواییی وولات لە بنەڕەتەوە بگۆڕن. یان ئەوەی چەند ئەفسەرێك کودەتایەك چێ بکەن و دەستبەجێ، هێندێ ریفۆرمی (اصلاحات) سەر پێیی (سطحي) بخەنە کار؛ وەك ئەوەی نرخی بژێو (ارزاق) ببڕن و، هەر کەسێك گرانتری فرۆشت؛ سزای بدەن و، مانگانەی مووچە خۆران بەرز بکەنەوە؛ ئەمە بێ ئەوەی دەسکاری سیستەمی ئابووری‌یان کردبێ. یان ئەوەی فەرمانڕەوایەك لە کۆمەڵگەیەکی پیاو فەرمانی‌دا فەرمان دەربکا و بڵێ هیچ ژنێك نابێ پەچەبگرێتەوە و گوایە ئەمە بە **"یەکسانیی پیــاو و ژن"** بزانێت، یان ئەوەی کاربەدەستان لە کۆمەڵگەیەکی دەرەبەگی و خاوەن زەوی و زاردا هێندێ زەوی و زار لە دەرەبەگەکان بسێننەوە، یان لێیان بکڕن و دابەشی بکەن بەسەر جۆتکارە بێ زەوی‌یەکاندا؛ بێ ئەوەی دەسەڵاتی ماددی و مانایی بدەن پی‌یان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیان. یان ئەوەی هەوڵ بدرێ گەلێکی پارچە کراوی نیشتمان بەشکراوی فەرهەنگ پی‌شێل کراو کە داوای مافی چارەنووس و قەوارەی ناسیۆنالی خۆی دەکا؛ بەکردنەوەی چەند قوتابخانەیەك بە زمانی ئەو گەلە و دەرکردنی یەك دوو گۆڤار و رۆژنامە بەو زمانە؛ دابین بکرێ و ئەمەش بە نیشانەی **"برایەتی"**ی گەلی داگیر کراو و گەلی داگیرکەر دابنرێ.

ئەمانەی لەسەرەوە باسمان کردن هەموو وێنەی جۆرجۆری گۆڕینی رووالەت و دیوی دەرەوەی کێشەکەن و هاوبیران پی‌یان رازی نابن.

گۆڕینی دووەم گۆڕینێکی بنچینەیی‌یە؛ واتە گۆڕینی باری ویستاو (الوضع الراهن) لە رەگوبنجەوە. دە هاوبیران لەگەڵ ئەم جۆرە گۆڕینەدان؛ بەڵام دیارە

لەباری سەرنجی بیروباوەڕی خۆیانەوە. لەم رووەوە هاوبیران چەند نموویەك دێننەوە: (کە لێمان بپرسن: دەوڵەتی کۆماریتان بەدڵە یان دەوڵەتی شا رژێمی؟ دەڵێین: ئێمە جاریێ بەر لە هەموو شتێك تەماشای نێو و نیشانە و دیوی دەرەوە و توێکلی هیچ دەوڵەتێك ناکەین؛ بەڵکو تەماشای دیوی نێوەوە و نێوەڕۆکی ئەو دەوڵەتە دەکەین. ئێمە دەوڵەتێکمان بەدڵە کە نوێنەری راستەقینەی ئەو مرۆڤانە بێ کە لە چارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا دەژین، دەوڵەتێك کە دانیشتووانی نێو سنوورەکەی لە قووڵاییی هەستی هۆشیارانەی خۆیانەوە بەوپەڕی ئازادی بڕیاریان لەسەر دامەزراندنی دابێ و هەر کاتێك کە خەڵکە ئازادەکەی؛ حکوومەت و دەزگەی بەڕێوەبەرێتیی "ئەو دەوڵەتەیان بەدڵ نەبوو؛ ئەوا بتوانن دەستبەجێ لای ببەن و بیهێننە خوارێ. دەوڵەتێك کە فەرمانڕەواکانی داردەستی گەلە هۆشیارە ئازادەکەی بن؛ نەك گەلەکە داردەستی ئەوان بێ.

دەوڵەتێك کە وەزیفەی بنچینەیی ئەوە بێ "**کۆمەڵگەیەکی یەکسان**" لە رێی فراوانکردن و پڕوچڕ کردن و تەواو کردن و پاراستنی ئازادییە تایبەتییەکان و گشتییەکانەوە بهێنێتە دی و نەتوانێ خۆی بکات بە ملهوڕی کۆمەڵگە؛ بەڵکو خۆی و کۆمەڵگە بکاتە یەك. ئا ئێمە ئەو جۆرە دەوڵەتەمان دەوێ. ئەگەرنا تۆ بچیت بە چوار پێنج ئەفسەر لە شەوێکی تاریکدا شایەك بهێنیتە خوارێ لەسەر تەخت و بەنێوی ئەوەوە کە زۆرداربووەو خۆی و خاووخێزانی بەسەر ورگی گەلێکی بێ چارەوە زەلاونەتەوە و، سەر کۆمارێك بخەیتە جێی وی کە ئەویش هەر وەك شاکە دیکتاتۆر و ملهوڕبێ و ئەویش چەند ساڵێك خۆی و خێزان و داروودەستەی لەسەر ورگی هەژار و رووتەی ئەو گەلە بلەوەڕێن، دەبێ جیاوازیی ئەم دوو جۆرە دەوڵەتە چی بێ لە نێو زێتر؟. کابرایەکی دز و جەردە بابڵێین نێوی "**بلە**" بێ؛ تۆ بچیت نێوەکەی بگۆڕیت بە "**جلە**"؛ ئەمە هەر ئەو کابرایەیە؛ واتە هەر "**بلە**"کەیەو نەگۆڕاوە. جا ئەگەر مەلیکێك رووتت بکاتەوە، یان سەر کۆمارێك؛ ئەوە بۆ تۆ هەریەکە. وەك کوردەکە دەڵێ: "**بۆ کوردی هەژار، چ گورگ و چ سوار**". **شا فەیسەڵ** دیلت بکا، یان **ژەنەراڵ قاسم**، **سەرکۆمار عارف**، یان **سەرۆکی فەرماندە سەددام**؛ ئەوە بۆ تۆ هەریەکە. دیلی هەر دیلییە. کەواتە **خەلیفە** و **سوڵتانی ترکی عوسمانی** دیلت بکا و دات بدۆشی، یان **ئەتاترك** و **گویرسەل** و **ئیڤرەن**؛ کە هەریەکەیان **ژەنەراڵ و سەرکۆمار** بوون؛ ئەوە بۆ تۆ هەر یەکە؛ دیلی هەر دیلییە. بە کورتی: کەرەکە هەر کەرەکەی جارانە، تەنێ کورتانەکەی

گۆڕاوه. ده ئێمه بهم جۆره گۆڕینه له فهرمانڕهوایی‌دا دڵ خۆش ناکه‌ین، چۆنکه بهمه کێشه‌ی فهرمانڕهوایی، له بنچینه‌وه، چارهسهر نه‌کراوه. به‌ڵێ راسته؛ ئێمه له بنه‌ڕه‌ته‌وه دژی رژێمی شایه‌تین، له کاتێکدا له بنه‌ڕه‌ته‌وه دژی رژێمی کۆماری نین. چۆنکه رژێمی شایه‌تی مافێك ده‌داته ده‌ست خێزانێك که پشتاو پشت به‌کاری بهێنێ و له باوکه‌وه بۆ کوڕه‌که‌ی بمێنێته‌وه. به‌ڵام هه‌رچی ئێمه‌ین پێمان وایه هیچ مافێك به (وراثة) نی‌یه؛ به‌ڵکو هه‌موو مافێك ده‌بێ له‌سه‌ر بنچینه‌ی لێ وه‌شاوه‌یی ئه‌و که‌سه خۆی بێ. ئێمه باوه‌ڕمان به‌وه نی‌یه که ئه‌گه‌ر تۆ دانسازێکی باش بوویت؛ کوڕه‌که‌شت هه‌ر دانسازێکی باش ده‌ربچێ، یا هونه‌ری دانسازیش بخوێنێ.

با بڵێین گه‌لێك ده‌نگ ده‌دا به یه‌کێك که ببێته شا و ئه‌م ده‌نگه‌ش به هه‌ق ده‌دا؛ له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا مه‌رج نی‌یه کوڕی ئه‌و شایه وه‌ك باوکی لێ هاتووبێ. به کورتی ئێمه، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی باوه‌ڕمان به هیچ مافێکی پشتاوپشتی و خێزانی نی‌یه؛ رژێمی شایه‌تی به‌رژێمێکی دژ به ئازادیی مرۆڤ داده‌نێین و له دژین. ئه‌مه‌وا و خۆ ئه‌گه‌ر سه‌رکۆمارێکیش هه‌ر وه‌ك شایه‌ك دیکتاتۆرو زۆردار بوو؛ ئه‌وا بۆ ئێمه هه‌ردووکیان وه‌ك یه‌کن.

وێنه‌یه‌کی دی: با بڵێین چه‌ند ئه‌فسه‌رێك بچن کوده‌تایه‌ك چێ بکه‌ن له وڵاتێکی دوواکه‌وتووی گه‌ل برسی‌دا که ئاژاوه و پشێویی تێ که‌وتبێ و خه‌ڵکه‌که‌ی دژی رژێمی فه‌رمانڕه‌وایی راست بووبنه‌وه، ئه‌مجا ئه‌م چه‌ند ئه‌فسه‌ره بۆ خۆشه‌ویستکردنی خۆیان؛ ده‌ستبه‌جێ بکه‌ونه نرخ برینی شتومه‌ك و هه‌رزانکردنی که‌لوپه‌ل، وه‌ك ئه‌وه‌ی له ساڵی ۱۹۵۲دا **ژه‌نه‌ڕاڵ نووره‌دین مه‌حموود له عێراق** کردی، که چوو نرخی تووروو گێزه‌رو شێلمی بڕی؛ هه‌ر ئه‌و رۆژه‌ی که به فه‌رمانی شا فه‌یسه‌ڵ هاته سه‌رکار و ئه‌مه‌ش له ئه‌نجامی ئه‌وه‌دا که کۆمه‌ڵانی خه‌ڵك هاتنه سه‌رجاده‌و داوای نان و کارو ئازادی‌یان ده‌کرد، و دژی ئیمپریالیزمی به‌ریتانیایی درۆشمی به‌ربه‌ره‌کانێ‌یان به‌رزکردبووه‌وه، بووبوونه هۆی رووخاندنی حکوومه‌تی ئه‌وکاته. ده ئێمه گاڵته‌مان به‌م جۆره گۆڕینه دێ و هه‌زار ئافه‌رم له‌و کابرا مه‌رده ده‌که‌ین که ئازایانه هه‌ر پاش بڵاوکردنه‌وه‌ی برینی ئه‌م نرخانه، بۆ پێکه‌نین ته‌ڵگۆرافێکی بۆ **نووره‌دین مه‌حموود** لێ دابوو و نووسیبوی "**تسعيركم الشلغمَ أثلَجَ صدورنا. سيروا على بركة الله والشعبُ من ورائكم**". ئێمه که به گۆڕینی له‌م بابه‌ته گاڵته‌مان دێ؛ له‌به‌ر ئه‌وه‌یه که ئه‌م گۆڕینه گۆڕینێکی بنچینه‌یی ژیانی ئابووری نی‌یه. چۆنکه گران بوونی

شتوومەك لە بنەڕەتەوە، بەدەست چەند بەقاڵ و سەوزەفرۆش و میوە فرۆشێك نی‌یە. گران بوونی بژێو و پێداویستەكانی ژیان، هۆكار (عامل)ی قووڵتری هەیە كە پێوەندیی بە سیستەمی ئابووری و سیاسی‌یەوەیە. لەبەر ئەوە هەموو نرخ برینێكی دەستكرد و بەزۆر؛ دەبێتە هۆی شاردنەوەی كەلوپەل و بژێو و كووتاڵ و بەتایبەتی جۆرە باشەكانی و فرۆشتنیان بە دزی‌یەوە و ئەوجا بە نرخێكی یەكجار گرانتر لە نرخە كۆنەكەی و، بێ بەشكردنی زۆربەی زۆری گەل لێی. كەواتە مرۆڤ بەم هەرزان كردن و نرخ بڕینە كوتوپڕ و زۆردارەكی‌یە؛ هیچ كارێكی باشی نەكردووە، واتە كێشەكەی لە بنچینەوە چارەسەر نەكردووە. هەروەها بەرزكردنەوەی مووچەی فەرمانبەران؛ بێ بەرز كردنەوەی رادەی ژیانی ئابووریی گەل؛ دەبێتە هۆی گران بوونەوەی نرخی شتومەك و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی زۆربەی زۆری گەل كە فەرمانبەر نین و لە چینی زەحمەتكێشن بكەونە تەنگاوی‌یەوە.

هەروەها لابردنی پێچەی سەر رووی ژنان بە فەرمانێكی كوتوپڕی كاربەدەستان، وەك ئەوەی رەزاخان لە ئێران و ئەتاترك لە دەوڵەتی تركیا كردیان و ئەمەش لە دوو كۆمەڵگەی پیاو فەرمانی و دوواكەوتوودا؛ كارێكی رووالەتە. ژن لە هەموو ولاتێكی جیهاندا، تەنانەت لەو جی‌یانەدا كە زۆر خۆیان بە پێشكەوتوو دادەنێن؛ ماف وەك ماڤ پیاو نی‌یەو سا بە جۆرێك لە جۆران بەشخوراو و چەوساوەیە. تۆیەك كە پێچە لە رووی ژن بەزۆر دادەگریت و ئەوەش لە كۆمەڵگەیەكدا كە هەزاران ساڵە كۆمەڵگەی پیاو فەرمانی‌یە؛ بێ ئەوەی پێش ئەوە هیچ كارێكت كردبێ كە لەو رێیەوە شێوەی پەروەركردنی پیاوت گۆڕیبێ كە بە یەكسانی و وەك یەكی خۆی و ژن رازی بێ و بێ ئەوەی ژنیشت والێ كردبێ ئەوەندەی زات پەیداكردبێ كە بتوانێ لەسەر ماڤ خۆی هەڵبداتێ و بێ ئەوەی كۆمەڵگەت والێ كردبێ كە پشتی ژن بگرێ و لەسەر مافەكانی بەدەنگبێ؛ دیارە ئەو دەمە بەلابردنی پێچە هەر كوێرەوەری و بەڵات بۆ ژنی بەسزمان دروست كردووە و هیچی دی. لەبەر ئەوە كە لە ئێمە بپرسن "ژن پێچە بگرێتەوە یان بە زۆر پێی لابرێ؟" دەڵێین: لای ئێمە كێشەكە بەم رووالەتە نی‌یە و بنچینەیی‌یە. لای ئێمە ژن و پیاو نی‌یە لای ئێمە تەنیا مرۆڤ هەیە و بەس. ژنیش مرۆڤێكە وەك پیاو، دەبێ هەر وەك پیاو بڕیاری چارەنووسی خۆی بەدەست خۆی بێ. هەرچی‌یەك لە كۆمەڵگەیەكی ئازادی یەكساندا بۆ پیاو باشەو بە پیاو رەوایە؛ دەبێ بۆ ژنیش باش بێ و پێی رەوابێ

و ئەوەی بۆ ژن خراپەو ناڕەوایە؛ دەبێ بۆ پیاویش خراپ بێ و ناڕەوابێ. نە بۆ پیاو هەیە ببێتە زۆردار و کەڵەگای ژن و نەبۆ ژنیش هەیە ببێتە زۆردار و چەوسێنەرەوەی پیاو. ئێمە باوەڕمان بە کۆمەڵگەیەکی یەکسانە و هەر بۆ ئەوەش تێ دەکۆشین.

ئێمە ناڵێین **"ژن و پیاو"**، بەڵکو دەڵێین **"کۆمەڵگە"**. **"کۆمەڵگە"** ژن و پیاو و زیاتریش لە ژن و پیاو دەگرێتەوە. بۆ وێنە "زارۆ"یش هەیە کە ماف ئەویش دەبێ بپارێزرێ؛ ئەویش هەر بەشێکە لە کۆمەڵگە. ئێمە کۆمەڵگە بە یەکە (وحدة) یەکی تەواوی لە پارچە پارچەکردن نەهاتوو دادەنێین. کەواتە کێشەی ژن بەلای ئێمەوە کێشەی بەزۆرە ملێ هەڵگرتن یان بەزۆر پێ داگرتنی پێچە نییە، بەڵکو کێشەیەکی بنچینەییە کە کێشەی یەکسانیی ژن و پیاوە لە کۆمەڵگەیەکی یەکساندا. لەبەر ئەوە ئێمە دڵ بەو جۆرە گۆڕینە رووالەتانە خۆش ناکەین.

هەروەها کە دێینە سەر باسی نەتەوەیەك کە هێشتا بە سەربەخۆیی خۆی نەگەیشتووە و لێمان دەپرسن دەبێ بەو گەلە **"ئۆتۆنۆمی"** بدرێ یان **"سەربەخۆیی"**؟. ئێمە دەڵێین: دۆزەکە بەلای ئێمەوە دۆزی شێوەی قالب و چوارچێوە نییە؛ بەڵکو دۆزەکە بەلای ئێمەوە دۆزێکی بنچینەییە. ئێمە لە ئازادییەوە دەست پێ دەکەین کە ئەمە سەرەتایەکەو لێوەی دەردەچین. جا ئەوکەسەی کە ئەم پرسیارە لە ئێمە دەکات؛ یان ئەوەتە باوەڕی بە ئازادیی مرۆڤ نییە، یان ئەوەتە باوەڕی بە ئازادیی مرۆڤ هەیە. جا ئەگەر باوەڕی بە ئازادیی مرۆڤ نییە؛ ئەوا ئێمە لێرەدا دەمەتەقێمان نامێنێ لەگەڵی. خۆ ئەگەر باوەڕی بە ئازادیی مرۆڤ هەیە؛ دەبێ باوەڕی بە ئازادیی مرۆڤ هەبێ؛ بێ چەند و چۆن. چۆنکە بە لای ئێمەوە هیچ مرۆڤێك ماف ئەوەی نییە ئازادی بدا بە مرۆڤێکی دی. هەر مرۆڤێك تا ئێستە لە دایك بوون؛ یان لەوە دوواوە لە دایك دەبن؛ هەموو وەك یەك بە رووت و قووتی هاتوونەتە جیهانەوەو هەمووش وەك یەك مردوون و دەمرن.

لەبەر ئەوە ئازادی بە هەریەکێکیان وەك ئەوی دییان ڕەوایە بێ زیادو کەم. هەر لەبەر ئەوەشە کە هیچ گەلێك ماف ئەوەی نییە ئازادی بدا بە گەلێکی دی، یان ڕێی ئازادی بگرێ لێی. چۆنکە گەلانی جیهان ماف ئازادییان لەو ڕۆژەوە دەست پێ دەکا کە پەیدا دەبن. جا چۆن دۆزی ئازادیی مرۆڤێك **"چەندوچۆن"** هەڵ ناگرێ؛ هەروەها دۆزی ئازادیی گەلێکیش **"چەند و چۆن"** هەڵ ناگرێ. بۆ

وێنە: ئەگەر لە تۆیان پرسی **"ژنەکەت زگی پڕە یان نا؟"** تۆ تەنیا دەتوانیت بڵێیت **"زگی پڕە"** یان **"زگی پڕ نییە"**. ئەگەر گوتت **"کەمێك زکی پڕە"** یان **"تا هەندازەیەك زگی پڕە"** قسەی قۆڕە، ئەوا هەر بەم جۆرە ناتوانیت بڵێیت **"مرۆڤێك"** دەبێ **"تا هەندازەیەك"** ئازادبێ، یان **"گەلێك"** دەبێ **"تاهەندازەیەك"** ئازادبێ. گەلان بریتین لە کۆمەڵە مرۆڤ و دەبێ یان **"ئازاد"** بن یان **"ئازاد"** نەبن. جا کە تۆ گوتت فلانە **"مرۆڤ"** یان فیسارە **"گەل"** تا **"فلانە هەندازە"** یان **"فیسارە پلە"** مافی بەکارهێنانی ئازادیی خۆی هەیەو بەس، مانای وایە کە تۆ بۆ **"ئازادی"** کە مافێکی **"مطلق"**ەو **"چەند و چۆن"**ی لەسەر نییە و بۆ هەموو مرۆڤ و گەلێك وەك یەکە، سنوور دادەنێیت؛ بە کورتی تۆ لە ڕێزو ماف و قەدەری مرۆڤ؛ دێنیتە خوارێ، ئەمە لە کاتێکدا کە خۆشت مرۆڤێکیت و خودێ نیت. جا لەبەر ئەوەی ئێمە هیچ مرۆڤێك لە مرۆڤێکی دی لە بنەڕەتەوە زێتر نابینین؛ دیارە دەڵێین دەبێ دان بنرێ بەوەدا کە گەلی کورد هیچی لە گەلەکانی دیکەی جیهان نەکەمترە و نەزێترە، لەبەر ئەوە دەبێ دان بنرێ بەوەدا کە گەلی کورد بە **"ئازادی"** مافی ئازادیی خۆی بەکاربهێنێ. واتە بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدا. چۆنکە ئێمە کاتێك باوەڕمان بەوە هێنا کە گەلانی جیهان هەموو وەك یەك ئازادن، واتە مافی ئازادییان هەیە، ئەوسا هیچ گەلێك و هیچ کەسێك نامێنێ کە مافی ئەوەی هەبێ دەست بخاتە جۆری ژیان و چارەنووسی گەلێکی دییەوە. مەبەستیشمان لە درۆشمی بڕیاری چارەنووس کە هەڵمان گرتووە؛ ئەم **"ئازادی"**یەیە کە باسمان کردو بە کوردی ڕەوا دەبینین و دەمانەوێ کە کورد خۆی بڵێ چۆن دەیەوێ بژی. جا ئەوەی دان بەم مافەدا نەنێ، مانای وایە دەڵێ **"کورد مافی ئەوەی نییە ئەوەندەی گەلێکی دی (ئازاد) بێ"** واتە دەڵێ **"کورد کەمترە لە گەلەکانی دی کە ئازادن"**. جا لەبەر ئەوەی ئێمە باوەڕمان بەوەیە مرۆڤ، هەموو، لەلایەن یەك هێنەرە بوو (خالق)ەوە دروستکراون کە خاوەنی ئەم گەردوونەیە، ئەوەی بەم مافی ئازادیو وەك یەکیی مرۆڤە باوەڕی نەبێ؛ دیارە دژی سروشتی گەردوون و دوژمنی مرۆڤایەتییە. دیسان ئەوەش دەبێ بڵێین کە ئێمە **"ئازادی"** بە جۆرێك تێ دەگەین کە **"ئازادی"** لە **"دژی ئازادی"** بەکار نەهێنرێ. بۆ وێنە: بەلای ئێمەوە هیچ **"مرۆڤێك"** و **"کۆمەڵێك"** و **"گەلێك"** لەوەدا **"ئازاد"** نییە کە **"ڕێی ئازادی"** لە **"مرۆڤێك"** یان **"کۆمەڵێك"** یان **"گەلێك"**ی دیکە بگرێ، هەروەها لەوەدا **"ئازاد"** نییە کە لە **"دژی ئازادیی خۆی"** کاربکات. بۆ وێنە: ئەگەر کابرایەکت لەسەر جاددە دی و خەریك بوو خۆی

بکوژیٚ تۆ دەستبەجیٚ پەلاماری دەدەیت و دەستی دەگریت و نایەڵیت خۆی بکوژیٚ. بۆچی؟ چۆنکە ئەو کەسە دەیەویٚ **"ئازادیی خــۆی"** بەکاربهیٚنیٚ لە دژی ژیانی خۆی کە دەبیٚ "ئازاد" بیٚ و لە زۆر لیٚ کردن بپاریٚزریٚ و ئازادانە بمیٚنیٚ. هەر لەبەر ئەوەشە کە هیٚندیٚك لە ئاینە ئاسمانی‌یەکان و قانوونە دانراوەکان سزایان داناوە بۆ ئەوانەی خۆیان دەکوژن. ئەو کەسەی کە خۆشی دەکوژیٚ؛ دیارە هۆشی بە خۆی نی‌یە، یان میٚشکی تەواو نی‌یە.

خۆ ئەگەر ئەو کەسە بەڵگەکەی ئەوە بیٚ بڵیٚ **"ئــازادم، چــی لــە خــۆم دەکــەم دەیکــەم"**، ئــەوا بەڵگەکــەی نــا بەجیٚ‌یــە و لیٚــی وەرناگیریٚ. جا ئەگــەر هــاتوو "گەل"یٚکیش لە هەڵخڵەتاویی خۆیەوە، یان لەسەر لیٚ تیٚکچوونەوە، یان لەبەر هەر هۆیەکی دی؛ چوو لە **"دژی ئازادیی خۆی"** بڕیاریٚکی‌دا؛ ئەوا ئیٚمە لەگەڵ ئەو بڕیارەدانین. چۆنکە ئیٚمە بڕیاریٚك بە ڕەواو هەق دەزانین کە لە ناخی هۆش و بیرکردنەوە و لیٚکدانەوەیەکی ئازادانەوە هاتبیٚ؛ واتە لە **"دژی ئازادی"** نەبیٚ. ئەو کەسەی کە بڕیاری کوشتنی خۆی دەداو ئیٚمە دژی بڕیارەکەی دەوەستین؛ لەبەر ئەوەیە چۆنکە بڕیارەکەی لە هۆشەوە نەهاتووە، هەر بەم پیٚ‌یەش دژی هەموو بڕیاریٚك دەوەستین کە کۆمەڵیٚك یان گەلیٚك لە دژی ئازادیی خۆی بیدا. چۆنکە هەر بڕیاریٚك کە لە **"دژی ئــازادیی خــۆ"** بدریٚ؛ دیارە لە هۆش و بیرکردنەوەی تەندروستانەوە نەهاتووە و نایەت. جا ئەگەر گەلەکەی ئیٚمەش هاتو ڕۆژیٚك لە ڕۆژان بە دیلی ڕازی بوو؛ واتە **"لە دژی ئازادیی خــۆی"** دەنگی‌دا؛ ئەوا ئیٚمە بەو بڕیــارە ڕازی نــابین و لــە دژی دەوەســتین؛ چۆنکــە بڕیــاری وا لــە هــۆش و بیرکردنەوەی تەندروستانەوە نایەت. هەر لەبەر ئەوەشە کە ئیٚمە بە هیچ جۆرە حکوومــەتیٚکی فاشیســتی و دیکتــاتۆری و ملــهوڕی ڕازی نــابین و لــە دژی دەوەستین، تەنانەت ئەگەر بیٚتو زۆربەی زۆری گەل یان هەموو گەلیش دەنگ بدا بۆی. چۆنکە دەنگدان بۆ حکوومەتی لەو جۆرە؛ دەنگدانە لە **"دژی ئــازادی"** و دەنگدانیــش لــە دژی ئازادی لــە هــۆش و بــیری تەندروســتانە و تیٚگەیشــتن و هەستی مرۆڤایەتی‌یەوە نەهاتووە و نایەت و بە هەڵەچوونە و ئیٚمەش پشــتی هەڵە ناگرین؛ با هەموو جیهانیش لەگەڵی بیٚ.

هەروەها ئەگەر لیٚمان بپرسن و بڵیٚن: **"سۆسیالیزمی زانستانەتان لا باشــە یــان سۆســیالیزمی خــەیالی؟"**. ئیٚمە دەڵیٚین: بــیرو شــیٚوەی زانســتانە بــەلای ئیٚمــەوە ئەوەیە؛ بابەتانە بیٚ؛ واتە لە بابەتەکە خۆیەوە وەرگیرابیٚ. کە کیمیاگەریٚك دیٚ و باسی پارچە مسیٚك دەکا؛ دەبیٚ لە پارچە مسەکە خۆیەوە دەست پیٚ بکات و

بیکێشیٚ و بیشکێنیٚ و بیتوێنێتەوە و..هتد. کە زانایەکی زانستی کۆمەڵاتیش دیٚ و باسی کۆمەڵگەیەکی تایبەتی دەکات؛ دەبیٚ لەو کۆمەڵگەیە خۆیەوە دەست پیٚ بکات و لەو کۆمەڵگەیە خۆی بکۆڵێتەوە و هوردبێتەوە؛ ئەوجا دەتوانیٚ کۆمەڵگە بگۆڕیٚ. خۆ ئەگەر هاتو لە کۆمەڵگەکەی خۆیەوە دەستی پیٚ کرد و واقیعی کۆمەڵگەکەی خۆی بە هەموو رابوردوویەکی مێژوویی‌یەوە نەهێنایە بەرچاو و لەو واقیعەوە قانوونەکانی کۆمەڵایەتی بۆ ئەو کۆمەڵگەیە دەرنەهێنا و چوو یەکسەر و پێشەکی و لەبەر بوورە پەنای بردە بەر قانوون و نەرێتی واقیعی کۆمەڵگەیکی دی و ویستی بیچەسپێنیٚ بەسەر کۆمەڵکەی خۆی‌دا، دیارە ئەو کەسە وەك ئەو کیمیاگەرە وایە کە ئەو ئاسنەی باسی دەکات؛ نەیخستبێتە تەرازوو و نەیکێشابیٚ و نەیتواندبێتەوە و هیچ جۆرە تاقیکردنەوەیەکی لەسەر نەکردبیٚ؛ بەڵکو چەند ئەنجام و سەرنجێك کە لە پارچە ئاسنێکی دی‌یەوە دەستی کەوتبیٚ، بهێنیٚ و کوتومت بەسەر پارچە ئاسنە نەکێشراو و نەتواوەکەی خۆی دابسەپێنیٚ. جا چۆن بەو کەسە ناگوتریٚ "**کیمیاگەر**" و "**زانا**"، بەڵکو "**سەرلیٚشێواو**" و "**ریٚ هەڵەکردوو**"؛ ئەوا بەو کەسەش کە کۆمەڵگەیەك بە تەرازوو و پێوانەی کۆمەڵگەیەکی دیکە دەپێویٚ و پێی دەڵیٚ "**زانستانە**"؛ هەر نەك ناگوتریٚ "**زانا**"، بەڵکو پێی دەگوتریٚ "**ریٚ بە خەڵك هەڵەکەر**" و "**سەر لیٚ شێوێن**" و "**قومار باز**".

دە ئێمە رێی بیرکردنەوە و بۆچوون و لێکۆڵینەوەمان لە کۆمەڵگەی کورد؛ ریٚیەکی زانستانەیە؛ چۆنکە لە کۆمەڵگەی کورد خۆیەوە دەست پیٚ دەکەین و ئەو ئەنجامانەی لە پاش شی کردنەوە و هورد کردنەوەی واقیعی کۆمەڵگەکەمان دەستمان کەوتووە، زانستانەیە؛ لەبەر ئەوە ئەو چارەسەرانەی دای دەنێین بۆ گۆڕینی باری کۆمەڵگە پڕ بەپێستی پێویستی‌یەکان و مەرجەکانی گۆڕینێتی. بەڵام ئەوانەی کە لە واقیعی کۆمەڵگەی خۆیان لایان داوە و چوون ئەو بیرانەی لە هوردکردنەوەی واقیع و زرووف کۆمەڵگەیەکی دی‌یەوە پەیدا بوون، دەهێنن و دەیانەویٚ بە زۆری زۆردارەکی بە بالای گەلەکەمان بیگرن؛ ئەوانە خەیاڵین. چۆنکە؛ با هیچ دوور نەڕۆین؛ رانکوچۆخەیەك کە بۆ تۆ دوورابیٚ، هیچ مەرج نی‌یە بە بەریەکێکی دی بکا. خۆ ئەگەر کردی، ئەوا ئەمە رێکەوتە و هیچی دی و نابێتە یاساو دەستوور و نەرێتێکی گشتی.

ئەمە واو بێجگە لەمەش ئێمە بەو پرسیارە رازی نابین کە بڵێن "**سۆسیالیزم باشە یان نە؟**" چۆنکە ئەم پرسیارە بەلای ئێمەوە تەواو نییە. راستییەکەی ئەوەی لە سەرەوە باسمان کرد پرسیاری "**سۆسیالیزم چییە**" و "**چ جۆرە سۆسیالیزمێك؟**" دێنێتە گۆڕێ. جا وەك چۆن ناتوانیت بپرسیت: "**جلوبەرگ و پێڵاو باشە یان نا؟**" بەڵکو دەبێ بڵێیت: "**چ جۆرە پێڵاوێك؟**". چۆنکە ئەگەر جلو بەرگ و پێڵاوێك بە بەرت نەکات؛ سووتێکی نییە بۆ تۆ. خۆ ئەگەر هاتو پێڵاوێك پێتی گوشی و برینداری کرد؛ ئەوا بێ پێڵاوی چێترە. هەر لەبەر ئەمەشە ئەگەر سۆسیالیزمێکیش پڕ بە پێستی کۆمەڵگەکەت نەبوو و لە واقیعی کۆمەڵگەکەی خۆت و پێویستییەکانییەوە سەری هەڵ نەدابوو و قۆپێی ئەم و ئەو بوو و لەم لاو لەو لا خواسترابوو، ئەوا ئەو سۆسیالیزمە نەبوونی چێترە، وەك پێڵاوە تەنگەکە، جا لەبەر ئەوەی سۆسیالیزمەکەی ئێمە لەسەر بنچینەی واقیعی کۆمەڵگەکەمان دامەزراوە و لە تاقیکردنەوەی ژیانی زەحمەتکێشانی ئەو گەلانە کەڵکی وەرگرتووە کە لە هێندێ لایەنەوە لە هی کورد دەچێ و ئازادیی مرۆڤ و مرۆڤایەتی کردووە بە ئامانجی؛ ئەوا نێوەرۆك و شێوەیەکی تایبەتی بۆ خۆی گرتووە و هەر لەبەر ئەوەشە ئێمە بە سۆسیالیزمەکەی خۆمان دەڵێین "**سۆسیالیزمی قوتابخانەی کوردی**".

ئەمانەی سەرەوە هەموو وێنە بوون بۆ سیاسەتی ئێمە کە لە بیروباوەڕێکەوە هەڵدەقوڵێ بابەتانەو بنچینەیییە و بە هیچ جۆرێك سەرنجێکی سەرپێیی و کارێکی رووالەت و قۆپێی ئەم بیر و ئەو بیر نییە. هەر لەبەر ئەوەشە ئێمە هەر بە دوای چارەسەری بنچینەییدا دەگەڕێین و بە پینەو پەڕۆ و چارەسەری رووەکی نابابەتانە و کاتی رازی نابین. بەڵام ئێستە دەبێ بپرسین بزانین ئایە ئەم سیاسەتە لە مەیدانی کردەوەدا چۆنە؟ بۆ وەرامی ئەمە دەبێ دوو شت رۆن بکەینەوە؛ یەکەمیان "**ستراتیژ**" و دووەمیان "**تاکتیك**".

هەموو بزوتنەوەیەك بریتییە لە کردەوەیەك و هەموو کردەوەیەکیش دەبێ لە بیرێکەوە هەڵقولابێ. جا ئێدی ئەو کردەوەیە کورت خایەن بێ یان درێژخایەن بێ؛ وەك یەکە و لە هەردوو بارەکەدا دەبێ لە بنەڕەتدا لە بیرێکەوە پەیدا بووبێ؛ سا ئێدی بیرەکە قووڵ و فەیلەسووفانە بێ، یان سەرزاری و ساویلکانە و زاڕۆیانە بێ؛ ئەوە هەریەکە. لەبەر ئەوە هەموو کردەوەیەکی سیاسی کە دەربڕینی بزووتنەوەیەکی سیاسییە؛ دەبێ لە بنەڕەتدا لە بیرێکی سیاسییەوە سەری هەڵدا بێ کە بەو بیرە هێندێ جار دەگوترێ **بیروباوەڕ** یان

فەلسەفە یان ئیدیۆلۆژی. وەزیفەی بیروباوەڕی سیاسیش ئەوەیە کە بزووتنەوەیەکی سیاسی بهێنێتە بوون بۆ هێنانە دی ئامانجەکانی. جا لێرەدا ئەگەر بیروباوەڕ بە "کەرەسە" (مادة) دابنێین؛ دەبێ "بزووتنەوە" بەو "وزە"یە (طاقة) دابنێین کە لە ماددەکەوە پەیدا دەبێ. "بزووتنەوە" واتە "وزە" لە کاتی کەوتنەکاردا دەبێ بەرەو ئامانجێك بکەوێتە رێ کە بەو ئامانجە دەبێژرێ "ستراتیژ". جا بۆ ئەوەی "بزووتنەوە" بگاتە ئامانجی خۆی، واتە بگاتە "ستراتیژ"، دەبێ بکەوێتە رێ. ئەگەرنا ئەگەر بوەستێ پێی ناگوترێ "بزووتنەوە". دیارە ئەو "رێ" یەی "بزووتنەوە" بەرەو "ئامانج" دەیگرێتە بەر؛ هەموو جارێك لەسەر هێلێکی تایبەتی نابێ و هێندێ جار دێتە گۆڕان. بۆ وێنە ئەگەر ویستت لەبارەگەی (س)ەوە بچیت بۆ بارەگەی (ن) (تەماشای ئێسکی تەنشیت بکە)، هەموو جارێ هەر بەسەر هێڵی (س ن) دا کە کورتترین رێیە ناڕۆیت؛ بەڵکو جاری وا هەیە ناچار دەبیت کە رێ بگۆڕیت و بە پنتی (نقطة) (ل)دا بچیتە (ن) یان بە پنتی (م) و (ت) و (ج)دا خۆت بگەیێنیتە (ن). ئەم رێیانەی دەیانگریت و ئەو پنتانەی پێیاندا تێ دەپەڕیت بۆ گەیشتنە (ن)؛ لە سیاسەتدا پێیان دەگوترێ "تاکتیك". جا کە تۆ لە (س)ەوە دەچیت بۆ (ن): لەسەر رێی (س ن) بڕۆیت و بگەیتە (ن)؛ واتە کورتترین رێ بگریت؛ یان ناچار ببی لەرێی (س ل)ەوە بگەیتە (ن) ئەوە هەریەکە؛ چۆنکە ئامانج هەر (ن)ە و بەمە تەنیا تاکتیکت گۆڕاوە؛ لە کاتێکدا "ستراتیژ"ت هەروەك خۆی ماوە. لەم دۆخەدا تاکتیك هەرچەند گۆڕاوە؛ بەڵام لە هەر سێ بارەکەدا هەر لە خزمەتی "ستراتیژ" دایە، ئەوەندە هەیە جۆری بەکارهێنانی "تاکتیك" و کاتی گەیشتنە "ستراتیژ"ت جیاوازن لەگەڵ یەك. لە هەمان کاتدا "ئامانج" لە بەکارهێنان و گۆڕینی "تاکتیك" هەروەك خۆی ماوە. لەم دۆخەدا تۆ بە هیچ جۆرێك لە "ستراتیژ"ی خۆت لات نەداوە، هەرچەندە لە هێندێ باردا درەنگت بەسەر چووە. درەنگ بەسەرچوون ئەگەر لە تەمەڵی و خوازەلۆکی، یان بڕو بیانووی بێ جێ، یان نەزانی نەبێ؛ بەڵکو لەبەر مەترسیی رێ و بان و خۆپاراستن بێ؛ شتێکی راست و دروست و پێویستە. مرۆڤی



خاوەن باوەڕی ئامانج لەبەر چاوی دڵ بینا؛ لەسەر خۆ و بە ئارام و هەناسە درێژ و بەتاقەتە.

ئەوانەی کورت بین و هەڵەشە و کەم چیکڵدانە و بێ ئارامن؛ با ژیرەکەیش بن؛ زوو دەکەونە جرتوفرت و ئامانج لەبەر چاویان ون دەبێ و پێیان هەڵ دەخلیسکێ و دەبنە هۆی لە نێوچوونی خۆیان. کەواتە دواکەوتن لە گەیشتنە ئامانج لەبەر خاتری تاکتیك؛ کارێکی بەجێ و ڕەوایە. ئەمە تا ئێرە وایە. بەڵام ئەگەر هاتوو تۆ لە (س)ەوە کەوتیتە ڕێ و جارێ نەگەیشتیتە (ن) بەڵکو گەیشتیتە پنتی (ی) کەوا لەسەر ڕێی (س ن)ە و ئەوجا لات دا بۆ پنتی (پ) و لە (پ)دا وەستایتەوەو بەجارێ مایتەوە، یان لەوێوە چوویتە جێیەکی دی کە (ن) نە بوو و لەوێدا بەجارێ مایتەوە، ئەوا بەوە "ستراتیژ"ت گۆڕی، و ئەو دەمەش تاکتیك؛ با زۆریش نەگۆڕابێ، یان لەم بەرو ئەوبەردا کاتێکی زۆری پێ نەچووبێ، لەگەڵ ئەوەشدا هەر لە خزمەتی "ستراتیژ"دا نەماوە و تۆش لەم دۆخەدا لە "ستراتیژ"ی خۆت لات داوە.

ڕاستییەکەی ئەم وێنەیەی لەسەرە بە ماتماتیك پێشان درا؛ نەك هەر لە ڕێ ڕۆیشتن و جۆگرافیادا ڕاستە؛ بەڵکو لە زانستی کۆمەڵگە و سیاسەتیشدا هەروایە. تا تاکتیك لە خزمەتی ستراتیژدا بێ، هەر چەندێکیش بگۆڕێ، یان کاتێکی کەم یان زۆری پێ بوێ بۆ گەیشتنە ئامانج؛ ئەوا تۆ لە بیروباوەڕ لات نەداوە و هەلپەرستیت نەنواندووە. خۆ کە تاکتیك لە خزمەتی ستراتیژدا نەما؛ ئەوا تۆ لە بیروباوەڕ لات داوە و بوویتە هەلپەرست، یان بارپەرست، یان کوڕی ڕۆژ. بۆ نموونە و پتر ئاشکراکردنی ئەم قسەیە با بڵێین ئەم ئێسکەی تەنیشت کە بازنەیەك (دائرة) پێشان دەدا؛ بیروباوەڕێکی سیاسی دەنوێنێ. (ن) بریتییە لە "ستراتیژ"ی بیروباوەڕەکەو وا لە کرۆکی (مرکز)ی بازنەکەدایە.



پنتی (ل) و (م)و (س)و (ت)و (پ)و (ڤ)و (چ) تاکتیکی جۆرجۆر دەنوێنن کە هەموویان وان لەسەر کەوە (محیط)ی بازنەکە. کەوەی بازنەکە لێرەدا ڕێڕوو (مسار)ی بزووتنەوە سیاسییەکە دەنوێنێ.

لێرەدا دەبینیت کە دووریی تاکتیك لە هەموو بارێکدا، لە ستراتیژەوە هەر وەك یەکە و ئەوەندەی نێوە ئەشکێڵ (نصف قطر)ێکە. بۆ وێنە: دووریی

تاکتیکی (ل) له ستراتیژی (ن)ەوە هەروەك دووریی تاکتیکی (م)ە له ستراتیژی (ن)ەوە و هەر وەك دووریی تاکتیکی (س)ە له ستراتیژی (ن)ەوە و..هتد، ئەو دووریەش لێرەدا بەنێوە ئەشکێڵی بازنەکە دەدرێتە قەڵەم؛ واتە: ل ن=م ن=س ن=ت ن=پ ن=ڤ ن=ج ن. جا هەتا شوێنی تاکتیکی سیاسی لە کاتی بزووتنەوەی سیاسیدا بەرەو ئامانج؛ لەسەر کەوەی بازنەکە بمێنێ؛ با جێیەکەشی بگۆڕێ، ئەوا هەر بە دەوری کرۆکی (مرکز) بازنەکەدا دەسووڕێتەوە کە ستراتیژی بزووتنەوەکەیە. خۆ ئەگەر شوێنی تاکتیك لەسەر کەوەی بازنەکە لاچوو؛ ئەوا بە دەوری کرۆکی بازنەکەدا ناسووڕێتەوە و لە خزمەتی ستراتیژدا نامێنێ. هەر لەبەر ئەمەشە کە بە هەیڤ و زەوی و چەند ئەستێرەیەك دەگوترێ **"کۆمەڵەی خۆر"** چۆنکە هەموو بە دەوری خۆردا دەسووڕێنەوە، خۆ ئەگەر بێتو بە دەوری خۆردا نەسووڕێنەوە؛ ئەوا دیارە کەوتوونەتە نێوچەی راکێشانی خۆرێکی دی، یان تەنێکی ئاسمانیی دی و پێیان ناگوترێ **"کۆمەڵەی خۆر"**.

جا ئێستە بۆ ئەوەی بزانین کام بیروباوەڕی سیاسییە کە دەتوانێ تاکتیکی بزووتنەوەکەی لە خزمەتی ستراتیژیدا بهێڵێتەوە و کام بیروباوەڕی سیاسییەکە ناتوانێ تا بزووتنەوەکە لە خزمەتی ستراتیژدا بهێڵێتەوە، قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم دوو جۆرە بزووتنەوە لەیەك جیا دەکاتەوە:

١- **بزووتنەوەی رەسەن.**

٢- **بزووتنەوەی نارەسەن.**

١- **بزووتنەوەی رەسەن:** بزووتنەوەی رەسەن ئەو بزووتنەوەیە کە بابەتانە بێ؛ واتە لە بیروباوەڕێکی بابەتانەوە هەڵ قوڵابێ. بە کورتی دەبێ کەرەسەی ئەو بیروباوەڕە کۆمەڵگەکە خۆی بێ. بزووتنەوەی نارەسەنیش ئەوەیە کە بابەتانە نەبێ، واتە لە بیروباوەڕێکی نابابەتانەوە هەڵقوڵابێ؛ مانای کەرەسەی ئەو بیروباوەڕە کۆمەڵگە خۆی نەبێ؛ بەڵکو کۆمەڵگەیەکی دیکە بێ. بیروباوەڕی رەسەن چۆنکە لە کەرەسەکە خۆیەوە وەرگیراوە؛ دووریی‌یەکانی (ابعاد) بیروباوەڕەکە پڕ بە پێستی دووریەکانی کەرەسەکەیە. هەر لەبەر ئەوەشە کە دەتوانێ بزووتنەوەیەکی رەسەن بهێنێتە کایەوە. بیروباوەڕی نارەسەنیش چۆنکە لە کەرەسەکە خۆیەوە هەڵ نەقوڵاوە؛ دیارە دووریی‌یەکانی پڕ بە پێستی دووریی‌یەکانی کەرەسەکە نییە و هەر لەبەر ئەوەشە کە ناتوانێ بزووتنەوەیەکی رەسەن بهێنێتە کایەوە.

لێرەدا ئەگەر کۆمەڵگەی ئادەمزاد بە کەرەسەی بیروباوەڕی سیاسی دابنێین؛ دەبێ بزانین کە کۆمەڵگەی ئادەمزاد لە هەموو کاتێك و لە هەموو جێیەکدا و لە ژێر هەموو بارو دۆخێکدا وەك یەك نین و لە یەك ناچن و دوورییە ژیارییەکانیان (الابعاد الحیاتیة) لە هی یەکدی جیاوازن. لەبەر ئەوە تۆ هەر کۆمەڵگەیەکی ئادەمزاد بگریت؛ دەبینیت لە جۆرە "کەرەسە"یەك پێك هاتووەکە یان لە گەلێك، یان لە هێندێك رووەوە، لە هی کۆمەڵگەکانی دی ناچێ. هەر بەم جۆرە، هەریەکەیان؛ بزووتنەوەیەکی سیاسیی، زۆر یان کەم جیاواز لەوی دی دێنێتە کایەوە. لەبەر ئەوە ئەگەر هاتو ویستت لە کۆمەڵگەیەکی دیاری کراودا بزووتنەوەیەکی رەسەن بهێنیتە کایەوە؛ دەبێ لە پێشەوە لە واقیعی ژیاریی (الواقع الحیاتي) ئەو کۆمەڵگەیەوە دەست پێ بکەیت و درێژی و پانی و قووڵی و سەردەمی ئەو واقیعە بخەیتە بەرچاوت. خۆ ئەگەر ئەمەت نەخستە بەر چاوت؛ ئەوا بزووتنەوەکەت هەر لەسەرەتاوە ناڕەسەن دەردەچێ.

جا ئەمە مانای وانییە کە خاوەنانی ئەم بیرە دەبێژن مرۆڤ بە هیچ جۆرێك نابێ لە سنووری کۆمەڵگەی خۆی دەربچێ و نابێ بە هیچ جۆرێك چاوێك بگێڕێت بە کۆمەڵگەکانی دیکەی ئادەمزاددا. نەخێر. وایان نەگوتووە و واش ناڵێن.

بەڵکو دەبێژن کە کۆمەڵگە جۆرجۆرەکانی ئادەمزاد، هێندێ سروشتی وەك یەکیان تێدایە و بێجگە لەوەش بەسەرهات و تاقیکردنەوەکانیان لە رێی بەراوردکارییەوە بۆ یەکدی بە سوودن. لەبەر ئەوە دەبێ ئەوە بڵێین کە سوود وەرگرتن لە تاقیکردنەوە و زادەی بیری کۆمەڵگەیەکی دی، لەگەڵ ئەو راستییەدا کە بریتییە لە لە "واقیعی خۆ دەرچوون" و دوورکەوتنەوە لە ماکی کۆمەڵگە، واتە ناڕەسەن کردنی بیروباوەڕ و بزووتنەوە، دوو شتن لە یەکدی زۆر جیاوازن. راستییەکەی ئێمە لێرەدا ناچارین کە باسی یەکێك لەو کوێرەوەرییە هەرە گەورانە بکەین کە تووشی کۆمەڵگەی ئادەمزاد بووە، کە ئەوەش چاو لێکەری؛ واتە دوواکەوتنی مۆدەیە. ئەوەش بە وێنەیەکی کوێرانەو بەتایبەتی لە نێو ئەوانەدا باوە کە تاقەتی بیرکردنەوە و شی کردنەوە و هوردبوونەوە و لێکۆڵینەوە و بەراوردکردنیان نییە و لام سەرلایی دێنە دەست. جا ئەم چاو لێکەری و دوواکەوتنی مۆدەیە وەنەبێ هەر لە ژیانی کۆنسوومی، واتە لە لەبەرکردنی جلوبەرگێکی تایبەتی، یان کێشانی جگەرەیەکی تایبەتی، یان نۆشینی خواردنەوەیەکی تایبەتی و کڕینی جۆرە پایسکل یان ئۆتۆمۆبێل یان

تەلەفزیۆنێكی تایبەتی‌دا بێ؛ نەخێر، بەڵكو لە سیاسەت و بزووتنەوەی سیاسیشدا هەر وایەو "مۆدە" دەورێكی گرنگ دەگێری. جا ئەم سروشتی چاولێكەری‌یە و "مۆدە پەرستی"یە؛ بەتایبەتی لە نێو چینی هوردە بۆرژوازی‌دا، زۆر بە ئاووتاون. هوردە بۆرژوا، بە تایبەتی هوردە بۆرژوای ئەو وڵاتانەی ژێردەستە و داگیركراون، یان نیوە ژێردەستە و پێبەندی ئیمپریالیزمی بێگانەن و لە پیشەسازی و تەكنیكدا دواكەوتوون، وەك ئەدی و بدی وانە؛ كاتێك دەچنە نێو گەلانی وڵاتە داگیركەرەكانەوە، یان دەستیان دەگاتە وڵاتە پیشەسازی‌یە سەرمایەدارەكانی ئەوروپا؛ هەست بە ناتەواوی و خۆ كەم بینینێكی یەكجار زۆر دەكەن و هەوڵی چاولێكردنێكی كوێرانەیان دەدەن. جا ئەم چاولێكەری‌یە هەر لە جلو بەرگ و شێوەی خواردن و خواردنەوەو ماڵ رازاندنەوە و هەڵسوكەوتدا نی‌یە؛ بەڵكو هەوڵ دەدەن لە جۆری بیركردنەوەشدا هەر خۆیان لەوان بچوێنن. دیارە كە بیانەوێ مامەڵە لەگەڵ كۆمەڵگەكەی خۆیان بكەن؛ دێن بەرهەمی بیرو واقیعی ژیاری و سیستەمی ژیانی كۆمەڵایەتیی كۆمەڵگەكەی خۆیان بە تەرازوو و پێوانەی كۆمەڵگەیەكی دی دەكێشن و دەپێون، لەبەر ئەوە ئەو بزووتنەوانەی كە لەم جۆرە بیرە نارەسەنانەوە دێنە دەرەوە هەر نارەسەن دەبن. ئەو دەمەش تاكتیك لە خزمەتی "ستراتیژ"دا نابێ؛ بەڵكو "ستراتیژ" لە خزمەتی "تاكتیكدا" دەبێ. چۆنكە "ستراتیژ" هەردەمە بە پێیدەسكەوتی كاتی و بەرژەوەندیی هەلپەرستانەی ئەوانەی خەریكی سیاسیەتن دێتە گۆڕین. ئەگەر تەماشایەكی پرۆگرام و پێڕۆی گەلێك لە حیزبە كوردی‌یەكان و رۆژهەڵاتی‌یەكان بكەیت؛ دەبینیت لە هەردەورێكدا جۆرێك بووە و جیاوازیی نێوان دەورێك و دەورێكی دی جیاوازیی ئەرزو ئاسمان بووە لەیەكەوە. ئەمەش نەك لەبەر ئەوەی ئەمانە لە ماوەیەكی تایبەتی‌دا باوەڕیان بەسەرەتایەكی ئیدیۆلۆژیی تایبەتی بووە، و لە ماوەیەكی تایبەتیی دی‌دا باوەڕیان پێی نەماوە. نەخێر، بیروباوەڕ خۆی لە خۆی‌دا نارەسەن بووە و لەگەڵ كۆمەڵگە نەگونجاوە، لەبەر ئەوە، هەر دەمە بە پێی كات و رۆژ و هەلومەرج و دەسكەوتە كاتی‌یەكان و پێویستی‌یە رووالەتەكانی ئەو سەردەمە و بەرژەوەندیی تایبەتیی سەركردایەتیی ئەو حیزبانە؛ پرۆگرام و پێڕۆیەكی تازە سەپێندراوە بەسەر ئەندامان و لایەنگیراندا و ئەمەش لە بنەڕەتدا هەمووی (مساومە) بووە لەگەڵ بێگانەی داگیركەر یان زۆرداری بەدەسەڵاتدا، لەسەر حسێبی رەشوڕووتی بەشخوراوی هەڵخەڵەتێنراوی لە گوێی گادا نوستوو.

ئێستە دێینە سەر پرسیارەکەی پێشوومان و درێژە دەدەین پێی و دەڵێین:
ئایە بیرو باوەڕێکی ڕەسەن کە سیاسەتێکی بنچینەگری ڕەسەن دێنێتە بوون، هەڵوێستی بەرامبەر بە ڕێکەوتن لەگەڵ بزووتنەوەکانی دا چی‌یە؟

بە پێی قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم سیاسەتی ڕەسەن ئەوە نی‌یە کە مرۆڤ بە هیچ جۆرێك بار و دۆخی خۆو نێوخۆ و دەرەوەو هێزەکانی دی لێك نەداتەوە و، هەموو کاتێك بە هیشکوبرنگی ملی ڕێ بگرێ و ئەگەر هاتو ڕێ پڕ لە مەترسیش بوو؛ ئەوا ئەو هەر ملی پێوە بنێ و بە هەموو جۆرێك هەر لە (س)ەوە بچێ بۆ (ن). نەخێر. وانی‌یە. لەسیاسەتدا نەرمونیانی و دان بەخۆدا گرتن و ئارام گرتن و چاوەڕوان کردن زۆر پێویستە. بۆ وێنە کە تۆ لە (س)ەوە بتەوێ بچیت بۆ (ن)؛ پێویست ناکا هەموو کاتێك هەر یەکسەر و بە کورتترین ڕێ‌دا؛ واتە بە (س ن)دا بگەیتە (ن)؛ ئەگەر هاتو مەترسیی ڕێ زۆر گەورەبوو؛ بەڵکو دەتوانیت لە (س–م–ت–ج)ەوە بچیتە (ن) و لە هەر پنتێکدا لەسەر ئەو هێڵە ماوەیەك وچان بگریت و بمێنیتەوە، بەڵام بە مەرجێ ئامانجت هەر (ن) بێ، نەك جێ‌یەکی دی بێ. ئەمەش بە مەرجێکە کە تۆ بەڕاستی دەسەڵاتی یەکسەر چوونە (ن)ت نەبێ و لە هەموو کاتێکدا ئامانجت هەر چوونە (ن) بێ. ئەگەر وابوو، ئەوا هیچ جۆرە لادان و هەلپەرستی‌یەك ڕووی نەداوە لێت، و ئەم کارەت تاکتیکێکی ڕەوایە؛ چۆنکە لە خزمەتی **"ستراتیژ"** دایە.

جا لەم ڕێ‌یەدا کە هێندێ جار دووروودرێژ دەبێتەوە وەك ڕێی (س–م–ت–ج)؛ هی وات تووش دەبن کە ناچن بۆ (ن)، بەڵکو تا (م) یان (ت) دەچن و لە (م) و (ت) وە لە تۆ جیادەبنەوە و دەچن بۆ (ز) یان (ش). تۆ دەتوانیت لەگەڵ ئەمانە بکەویتە ڕێ و پێکەوە هاوکاری بکەن و خۆتان لە چەتە و جەردە و ڕێگر بپارێزن. بەڵام دەبێ ئەوەت لە بیر نەچێ کە ئەوانە نایانەوێ بگەنە (ن)؛ چۆنکە ئامانجیان (ن) نی‌یە، لەبەر ئەوە دوور نی‌یە کە گەیشتنە ئامانجی خۆیان، لە تۆ هەڵبگەڕێنەوە و بچنە سەر لایەکی دی، یان لە پڕ بەجێت بهێڵن بۆ ڕێگرو جەردەی سەرەڕێ. لەبەر ئەوە دەبێ تۆ هەر لە پێشەوە حسێبی ئەمانەت کردبێ. چۆنکە ئەوانەی بوونەتە هاوڕێی سەفەرەکەت، هەرچەندە لە تەنیشتەوە دەڕۆن؛ بەڵام دەبێ ئەوە بزانیت کە ئەوانە بۆیە لەگەڵ تۆ نین کە لە ڕێی خودێ‌دا تۆ بەهێز بکەن، ئەوانەش دەیانەوێ بگەنە ئامانجی خۆیان، بەڵام شتێکە بەڕێکەوت جارێ لەسەر ئەو ڕێ‌یەن کە تۆ لەسەری دەڕۆیت و دەیانەوێ مەترسیی ڕێ و بان لە خۆیان دوور بخەنەوە بە پشتی تۆ. بە کورتی: ئەمانە

هاوڕێتن، هاوبیرت نین. بەڵام لێرەدا دەبێ تۆش دوو جۆرە هاوڕێ لە یەك جیا بکەیتەوە. ئەوی بەڕاستی وەك تۆ ئیدیالێکی سیاسی هەیە، با ئیدیالەکەشی لە هی تۆ نەچێ، و ئەوی هیچ ئیدیالی سیاسی نییە؛ بەڵکو دەیەوێ خزمەتی خۆی بکا. هەرچی تاقمی دوومە، مرۆڤ دەبێ هەمیشە لێی بەگومان بێ و هێندێ جاری وا هەیە باشتر ئەوەیە مرۆڤ بە تەنیا بکەوێتە رێ وەك لەوەی لە یەك کارواندا لەگەڵ هەلپەرست و کوڕی رۆژ و خۆبژێن بێت. هەروەها چوونە بەرەی نیشتمانییەوە لەگەڵ حیزب و کۆمەڵە سیاسییە جۆرجۆرەکاندا دەبێ لەسەر ئەم بنچینە بێ. جا ئەگەر هاتو لەگەڵ کۆمەڵێکی سیاسیی بەرهەڵستکاردا چوویتە بەرەیەکەوە؛ دەبێ بەتەواوی بزانیت بۆچی ئەو کۆمەڵە سیاسییە لەگەڵ حکوومەتی ئەو وڵاتەدا ناکۆکە. دەبێ بەتەواوی بزانیت ستراتیژی ئەو کۆمەڵەیە لە کوێیە و ئەو رێیانە چین کە پێیاندا دەڕوا بۆ گەیشتنە سرتاتیژەکەی، و بە تەواوی بزانیت چەند کیلۆمەتری ئەو رێیە لەگەڵ رێی تۆدا یەك دەگرنەوە و لە کوێدا دەوەستێ، یان لادەدا، یان بادەداتەوە!

بە کورتی ئەگەر تۆ-وەك کوردێك- ئامانجت؛ واتە "**ستراتیژ**"ت "**کوردستانێکی ئازاد**" و "**گەلێکی یەکسان**" بوو، واتە ویستت لە کوردستانێکی ئازاد دا ماف بڕیاری چارەنووسی کورد بەخۆی بێ. و لە کۆمەڵگەیەکی یەکساندا بژی کە چینایەتیی ئابووری و بیرۆکراتی تێدا نەمێنێ، دەبێ بزانیت کە ئەم دوو ستراتیژە مەزنە پێویستییان بەو تاکتیکە ژیرانەیەیە کە هەمیشە لە خزمەتی ئەم دوو ستراتیژەدان. جا ئەگەر هاتوو توانیت لە هەلومەرجێکی تایبەتیدا، بابڵێین ئۆتۆنۆمییەك بۆ بەشێکی کوردستان، یان چەند بەشێکی، یان هەمووی، وەربگریت، یان بە هێندێ ماف ناسیۆنال بگەیت؛ نابێ لە دژی بوەستیت و بیدەیتە دواوە، ئەگەر هاتوو ئەوە زیانی بە ستراتیژی دوورت؛ واتە "**کوردستانێکی ئازاد**" نەگەیاند. بە پێچەوانەوە؛ ئەوکاتە دەتوانیت پلەی ئۆتۆنۆمی وەك وێستگەیەك بەکار بهێنیت بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ کەوتنە ڕێ بەرەو ستراتیژی دوورت. بەڵام ئەگەر هاتو زانیت ئەو ئۆتۆنۆمییە، یان ئەو جۆرە مافە ناسیۆنالە؛ زیان دەگەیەنن بە ستراتیژی دوورت، دەبێ ئەو دەمە بێ یەکو دوو لە دژی بوەستیت. چۆنکە ئەو پلەیە ستراتیژی تۆ نییە، وەك چۆن پنتی (م)و (ت)و (ج) ستراتیژی تۆ نین، بەڵکو لەسەرە رێی تۆدان بەرەو (ن). هەروەها ئۆتۆنۆمیش ستراتیژی تۆ نییە، بەڵکو قۆناغێکە بەرەو ئامانجێك،

لەبەر ئەوە نابێ ڕێ بدەیت لات بدەن بەرەو ئامانجێکی دی کە ئامانجی تۆ نەبێ، تۆ هیچ کاتێك نابێ بە فشە مافێك ڕازی بیت کە ماف ڕاستەقینە پووچ بکاتەوە.

بۆ وێنە: ئەگەر حیزبێکی کوردیی هوردە بۆرژوازی گوتی **"کورد دەبێ مافە ناسیۆنالەکانی خۆی دەست بکەوێ"** و داوای ئۆتۆنۆمی بۆ بەشێکی کوردستان، یان هەموو کوردستان کرد، ئەوا هاوبیرانی قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم پشتی دەگرن، هەرچەندە ئامانجی وان ئۆتۆنۆمی نییە. خۆ ئەگەر ئەو حیزبە گوتی؛ ئامانجی نەتەوەی کورد تەنێ ئۆتۆنۆمییە و سوور بوو لەسەر ئەوە، یان هاتو بەربەرەکانێی مافی چارەنووسی نەتەوەی کوردی کرد؛ ئەوا هاوبیران پشتی داخوازییەکەی ناگرن و کردەوەکانیشی بە خزمەتی ستراتیژی خۆیان نازانن. چونکە ستراتیژی هاوبیران لە پلەی ئۆتۆنۆمیدا ناوەستێ و هەر بەوە تەواو نابێ. هەروەها ئەگەر حیزبێکی کۆمۆنیست یان **"مارکسیست"** هات و ڕاستبێژانە باسی مافی کرێکاری کرد و لە دژی چەوساندنەوەو رووتاندنەوەی زەحمەتکێشان هاتە قسە؛ ئەوا هاوبیرانی سۆسیالیست پشتی دەگرن. تەنانەت ئەگەر گوتی فابریقەیەکی تایبەتی، یان کارگەیەکی تایبەتی دەبێ لە سەرمایەداران بسێنرێتەوە و بدرێتە دەست کرێکاران. هاوبیران لەوەشدا پشتی دەگرن، بەمەرجێ کرێکارەکان نەبنە سەرمایەداری تازە لە جێی سەرمایەدارە کۆنەکان. بەڵام ئەگەر هاتو ئەو حیزبە کۆمۆنیستە گوتی: چینی کرێکار دەبێ بەتەنێ و **"وەك چینێك"** بە زۆر بێتە سەرکارو **"دیکتاتۆرێتیی پرۆلیتاریا"** دابمەزرێنێ و ئەو دیکتاتۆرێتییەش حیزبی کۆمۆنیست نوێنەرێتی، ئەوا هاوبیران لەمەدا پشتی ناگرن. چونکە هاوبیران لە بنەڕەتەوە باوەڕیان بە کۆمەڵگەی چینایەتی نییە. ئەوان چینایەتی بە نەخۆشیی کۆمەڵگە دادەنێن. کۆمەڵگەیەك کە لە چەند چینێك دروست بووبێ؛ بەلای هاوبیرانەوە، هەستی یەکێتی و پێکەوە نووسان و کولتووری نێو کۆیی (مشترك)ی ئەو کۆمەڵگەیە کەم دەکاتەوە. لەبەر ئەوە هاوبیران لەو باوەڕەدان کە هیچ گەلێك نابێتە نەتەوەیەکی یەك توخم (هاوئاهەنگ) تا جیاوازیی چینایەتیی ئابووری و ڕۆشنبیری لە نێودا بمێنێ. جا کە هاوبیران بۆ کۆمەڵگەیەکی یەکسانی بێ چین هەوڵ دەدەن؛ دیارە بە دیکتاتۆرێتیی هیچ چینێك و هیچ تاکێك و هیچ جۆرە دیکتاتۆرێتییەك ڕازی نابن. هاوبیران باوەڕیان بە ئازادییە و لە ئازادییەوە

دێنــە دەرەوەو دەس پــێ دەکــەن؛ لەبــەر ئــەوە لــە دژی هــەموو جــۆرە دیکتاتۆرێتی‌یەکن.
هــەروەها ئەگــەر حکوومــەتێک یــان حــیزبێک هــەوڵی دا بۆ (تــأمیم) کردنــی سەرمایەکانی وڵات؛ ئەوا هاوبیران پشتی دەگرن بەو مەرجەی کە **"حکوومــەت"** نەبێتــە خــاوەن مڵــک. بەڵکو **"کۆمەڵگــە"** ببێتــە خــاوەن مڵــک. چۆنکــە ئەگــەر حکوومەت بوو بە خاوەنی سەرمایە؛ ئەوە مانای وایە؛ ئەوانەی کە نوێنــەرو کاربەدەستی ئەو حکوومەتەن؛ دەسەڵاتیان بەسەر هۆی بەرهەم هێنان و جۆری دابەشکردنی کــارو دەزگــەی بیرۆکراتیی بەڕێوەبــەرێتیی ســەرمایەدا دەبــێ، و ئەمەش هیچ جیاوازی‌یەکی نابێ لەگەڵ ئەوەی هۆی بەرهــەم هێنــان و دەزگەی بیرۆکراتی بەڕێوەبەرێتی بەدەست چەند سەرمایەدارێکی ئەهلی‌یەوە بێ، لەبەر ئەوە دەبێ سەرمایە ملکی هیچ تاک و هیچ چینێک و هیچ حکوومەتێک نەبێ؛ بەڵکو مڵکی کۆمەڵگە بێ و کۆمەڵگەیەکی یەکسان. بۆ ئەوەی ئەم مەبەستە رون بکەینەوە با بێژین لە وڵاتێکدا حیزبێک یان لەرێی کودەتایەکەوە یان لــەرێی هەڵبژاردنــەوە دێتــە ســەرکارو حکوومــەت دادەمــەزرێنێ و خــۆی نێــو دەنــێ **"سۆســیالیت"** و **"پێشــڕەو"** و هــەموو حیزبەکانی دی رێبــەند دەکات، یــان رێــی چالاکیی راستەقینە دەگرێ لێیان و دەست دەکا بە **"تــــأمیم"**ی بانکــەکان و فابریقەکان و پرۆژە گەورەکان و نەخۆشخانەکان و قوتابخانەکان و بازرگــانیی دەرەوەو ..هتد واتە هەمووی دەکاتە موڵکی حکوومەت و سەرمایەداری گەروە بەجارێ لە نێو دەبات. ئەوسا هەموو ئەوانەی لە پرۆژەکاندا کاردەکەن لەباتی ئــەوەی ببنــە فەرمانبــەر و مووچــە خــۆری ســەرمایەدارێکی ئــەهلی، دەبنــە فەرمانبــەرو مووچــە خــۆری میری. ئــەم سیســتەمە جیــاوازیی چی‌یــە لەگــەڵ سیســتەمی ســەرمایەدارێتیی ئــەهلی؟ سیســتەمی ســەرمایەدارێتیی ئــەهلی هێندەی ئەم سیستەمی سەرمایەدارێتیی حکوومەتی‌یە خراپ نی‌یە. چۆنکە کە بــازار ئــازاد بــوو؛ خــۆی لەخۆیــەوە لــە نێــو ســەرمایەدارەکاندا پێشــبڕکێ و رکەبەرایــەتی دروست دەبێ، و لەوانەیە تــا هەندازەیــەک کرێکــارو مووچــەخۆر بتوانن سووت لەم پێشبڕکێ و رکەبەرایەتی‌یە وەربگرن و هێندێ جاریش بتوانن شــکاتی خۆیــان بگەیەننــە مــیری. بــەڵام لــە سیســتەمی ســەرمایەدارێتیی حکوومەتدا، پێشبڕکێ و رکەبەرایەتیی نامێنێ و شکات کردنیش لە دەست حکوومــەت بەتایبــەتی لــە وڵاتــی یــەک حــیزبی و دیکتــاتۆر و تۆتــالیتێردا زۆر زەحمەتە. جا ئەوسا ئەگەر هاتو کارکەرێک یان فەرمانبەرێک مانی گرت، یان

داوای ماف خۆی کرد، ئەوا بە زۆری، یان بە "**یاخی بوو**" یان بە "**سەرکێش**" دەدرێتە قەڵەم و سزا دەدرێ، یان بێ کاردەمێنێتەوەو دەبێ بمرێ لە برساندا. ئەوەی ئاشکرایە لە ساڵەکانی پەنجاکانەوە تا ئێستە لەو وڵاتانەدا کە پێیان دەگوترێ "**وڵاتی رووبە پێشکەوتن**" و لەرێی حکوومەتە دیکتاتۆری و سوپایی‌یەکانی‌یانەوە کە بە کودەتا هاتوونەتە سەرکار، گەلێك پرۆژەی گەورە و فابریقەی مەزن و بانك و... هتد کراون بە موڵکی حکوومەت، عێراق نموونەیەکی باشە بۆ ئەوە، ئەو حکوومەتانە لەرێی ئەم جۆرە (تأمیم)ەوە توانیویانە خۆیان بکەنە سەرمایەدارێکی دەست بەسەر هەموو سەرمایەیەکدا گرتوو، و بەتایبەتی پاش (تأمیم)ی نەوت؛ توانیان جێ پێی خۆیان باش قایم بکەن و گەورەترین زیان بە زەحمەت کێشان و بیروباوەڕی سۆسیالیزم بگەیەنن بە نێوی سۆسیالیزمەوە.

ئەوەی راستی بێ قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم ماڵی خەڵك کردن بە مڵکی حکوومەت و سەندنەوەی فابریقەیەك لە سەرمایەدارێك و کردنی بە مڵکی حکوومەت؛ بە سۆسیالیزم دانانێ؛ بەڵکو بەدیکتاتۆرێتیی تاکی، یان حیزبی، یان دەستەیی دادەنێ. قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم دەبێژێ: "**خاوەن ماڵێتیی تایبەتی**" واتە "**موڵکیەتی فەردی**" "**هی خۆیی**" دەبێ بگۆڕێ بە "**خاوەن ماڵێتیی گشتی**" واتە "**موڵکیەتی کۆمەڵگە**" "**هی کۆمەڵگە**". جا کاتێك کە هەموو هۆیەکی بەرهەم هێنان و هەموو سەرمایەیەك بوو بە "هی کۆمەڵگە"؛ ئەوا ئەودەمە هەموو تاکێکی ئەو کۆمەڵگەیە؛ مافی ئەوەی دەبێ ئەو شتەی پێویستێتی بۆ تێرکردن و دابین کردنی پێویستی‌یەکانی ژیانی خۆی بەدەستی‌یەوە بێ، نەك ببێتە موڵکی. "**بەدەستەوە بوون**" (الاستحواذ) موڵکایەتی (التملك) (هی خۆیی) نی‌یە، "**بەدەستەبوون**" ئەوەیە سووت لەو شتە وەربگریت و لەبەرەکەی بخۆیت و کەس لێت نەسێنێتەوە؛ بەڵام لە هەمان کاتدا نەتوانیت بیفرۆشیت و بیکریت و لەم رێیەوە خەڵکی دی برووتێنیتەوە. ئێمە دەبێ لێرەدا ئەوەش بڵێین کە لەو دەوڵەتەدا کە هاوبیرانی ئەم قوتابخانە کوردی‌یە هەوڵ دەدەن بۆی؛ "**حکوومەت**" و "**کۆمەڵگە**" دوو دەزگەی جیاواز نین لە یەکدی بەڵکو "**حکوومەت**" "**کۆمەڵگە**" خۆیەتی و "**کۆمەڵگە**"ش "**حکوومەت**" خۆیەتی. دووری‌یە ژیاری‌یەکانی "**حکوومەت**" و "**کۆمەڵگە**" وەك یەکن و دەچەسپێنە سەر یەکدی. بۆ ئەمەش ئەو دەمە لە هەموو گوند و شارێك و بگرە گەڕەکێکدا لیژنەیەك لەلایەن خەڵکی ئەو جێیە خۆیانەوە دەست نیشان دەکرێ بۆ

بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیان بە دەستی خۆیان. ئەوانە هەر خۆیان "**گەل**" و هەر خۆشیان "**حکوومەت**"ن. هێزی تەواوی "**کۆمەڵگە**" بریتییە لە هێزی تاکە تاکەی ئەوانە.

بەم وێنانەی سەرەوەردا بۆمان دەرکەوت کە قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم بۆ دوو ستراتیژی بنچینەیی تێ دەکۆشێ کە هەردووکیان بەرابەریەك و هاوکێش و هاوسەنگی یەك و تەواوکەری یەکن: "**کوردستانێکی ئازاد**" و "**گەلێکی یەکسان**".

"**کوردستانێکی ئازاد**" تەنێ بە "**گەلێکی یەکسان**" دەبرێ بەڕێوە، و "**گەلێکی یەکسان**"یش دەبێ لە "**کوردستانێکی ئازاد**"دا بژێ و ناتوانێ لە "**کوردستانێکی دیل**"دا هەڵ بکا. لەبەر ئەوە "**ئازادی**" و "**یەکسانی**" بەلای هاوبیرانی ئەم قوتابخانەیەوە هاوکێش" و "**تەواوکەر**"ی یەکن، واتە تای تەرازووی ماف ئێتنی ناسیۆنالی و ماف کۆمەڵایەتی جووت بەرامبەری یەکن و پێکەوە چارەسەری دەردەکانی کۆمەڵگە دەکەن. ئەوانەی ئازادن و لە وڵاتێکی ئازاد دا دەژین؛ ناتوانن بە جیاوازیی نێوان خۆیان رازی بن، چۆنکە هەموو جۆرە جیاوازییەکی چینایەتی (چ ئابووری و چ رۆشنبیری) مانای نا ئازادییە. هەموو کۆمەڵگەیەکی یەکسانیش دەبێ ئازادبێ، چۆنکە یەکسانی لە ئازادییەوە هەڵ دەقولێ و تەواوکەری ئازادییە. بە کورتی ئەم سۆسیالیزمە باری ئێتنی ناسیۆنالی و باری کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە وەك تەواوکەری یەك و هاوکێشی یەك دەبینێت و پێکەوە چارەسەریان دەکات.

لە کۆتایی ئەم باسەدا پێویستە ئەوەش بخەینە ڕوو کە چۆن هاوبیرانی ئەم قوتابخانە کوردییە ناتوانن "**ستراتیژ**" بکەنە قوربانی "**تاکتیك**"، دیارە هەروەهاش ناتوانن بیروباوەڕو بنچینە فەلسەفییەکانیش بکەنە قوربانی تاکتیکی رۆژانەی سیاسەت. ئەم قوربانییە -بەلای وانەوە- تەنانەت نابێ بەڕووالەتیش روو بدات. بۆ وێنە هاوبیران دەبێژن: ئێمە کە خاوەنی بیروباوەڕی قوتابخانەی کوردیی سۆسیالزمین، دیارە هێندێ لایەنی نێو کۆییمان لەگەڵ مارکسیستەکان و کۆمۆنیستەکان و هێندێ بەرەی دیدا هەیە. بەڵام ئێمە نە مارکسیستین و نە کۆمۆنیستین. جا ئێمە هەرچەند رێزی هەموو خاوەن بیروباوەڕێك دەگرین، لەوانەش کۆمۆنیست و مارکسیستەکان، بەڵام نابێ ئێمە هێندێ لەو سەرەتایانەیان بۆ بسەلمێنین کە باوەڕمان پێی نییە؛ وەك "**دیکتاتۆرێتیی پرۆلیتاریا**" و "**نوێنەرێتیی تاکو تەنیای پارتی کۆمۆنیست بۆ چینی**

کرێکار" و..هتد. ئەمەش هیچ ڕێیەك لەوە ناگرێ کە هێندێ جارپێکەوە کاربکەین بۆ هێنانەدی هێندێ ئامانج کە لای هەردووکمان وەك یەکە.

وێنەیەکی دی ئەوەیە کە ئەم قوتابخانە کوردی‌یە بە پێچەوانەی ماددە پەرستەکانەوە، باوەڕی بەوە نی‌یە کە ماددە خۆی لە خۆی‌دا؛ سەرەتایەکی هێنەرە بووی ژیان و مرۆڤ و گەردوونە. بەڵام ئەمە مانای وانی‌یە کە هاوبیرانی ئەم قوتابخانەیە لەگەڵ ئاینێکی تایبەتی‌دان و سەر بە ئاینێکی تایبەتین و جۆری هێنانە بەرچاویان بۆ هێنەرە بوو (خالق)، پڕبە پێستی ئاینێکی تایبەتی‌یە و ئەو ئاینە هەرچی‌یەك بێژێ باوەڕ دەکەن پێی. هاوبیرانی ئەم قوتابخانەیە دبێژن: گەلێك لە لایەنگیرانی ئاینە ئاسمانی‌یەکان؛ هێنەرە بوو (خالق) وا باس دەکەن وەك خۆیان پێیان خۆشە. ئێمە باوەڕمان بە هێنەرە بوویەکە کە مرۆڤ و هەموو گەردوونی دروست کردووە، نەك بە هێنەرە بوویەك کە خەیاڵ و (تصورات)ی مرۆڤ دروستی کردووە.

لەبەر ئەوە ئەگەر هاتوو -یان بۆ نموونە بڵێین- لەگەڵ بەرەیەکی دیانی (مسیحی) لەسەر کارێك ڕێکەوتین، ئێمە خۆمان لەگەڵ ئاینی دیانێتی‌دا جووت ناکەین، هەرچەندە لە باری سەرنجی ئاشتی خوازی‌یەوە، ئێمەش وەك دیانێکی ڕاستەقینە ئاشتی خوازین و داوای ئاشتی دەکەین؛ بەڵام ئەمە مانای ئەوە نی‌یە کە باری سەرنجی ئێمە بەرامبەر بە ئاشتی وەك باری سەرنجی کابرایەکی دیانە. بۆ وێنە: بەپێی ئاینی دیانی؛ ئەگەر هاتوو یەکێك زللەیەکی لە پەنا گوێی ڕاستتدا، دەبێ گورج پەنا گوێی چەپت ڕابگری بۆی؛ تا زللەیەکی دی لێبدا. دە ئێمە باوەڕمان بەم سەرەتایە نی‌یە. ئێمە پێمان وایە هەموو زۆردارێك دەبێ وای لێ بکرێ کە نەتوانێ زۆر لە کەس بکات، یان ئەگەر دیانێك گوتی لە ئینجیلدا نووسراوە ژن لە بنەڕەتدا لە پەراسووی لای چەپی پیاو دروست بووە، ئێمە ئەمە ناسەلمێنین بۆی؛ چۆنکە باوەڕمان بە یەکسانیی ژن و پیاو هەیە، و پێشمان وانی‌یە کە خوایەکی دادپەروەری بێ هاوتا ژن بەکەمتر بزانێ لە پیاو.

بە کورتی تاکتیکمان بەرامبەر هەموو خاوەن بیروباوەڕێك دەبێ وابێ کە موویەك لەسەرەتا بنچینەیی‌یەکانی بیروباوەڕەکەی خۆمان لارنەکاتەوە. ئێمە ڕێزی هەموو لایەك دەگرین کە ڕێزمان بگرێ و بیەوێ بە شێوەیەکی ئاشتی خوازانە دەمەتەقێ بکات لەگەڵمان. بەڵام ئێمە هیچ کاتێك بیروباوەڕی خۆمان و ستراتیژەکانی خۆمان ناکەینە قوربانی دۆستایەتیی هیچ لایەك و دوو ستراتیژە نەگۆڕەکەمان ناکەینە قوربانی هیچ جۆرە دەسکەوتێکی کاتی نابنچینەیی.

جەنگی واتەوات و بەرەنگاربوونی

دوژمنانی ئازادی و یەکسانیی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، واتە "هەموو ئەو هێزە تاریکی پەرستانەی کە بەرووتاندنەوەی زەحمەتکێشان؛ کە زۆربەی هەرە زۆری ئادەمزادن لە جیهاندا؛ خۆیان دەژێنن، بۆ دەمکوتکردن و تێکشکاندنی بەرەی چەوساوە و ژێر دەست و بەشخوراو، دوو ڕێی سەرەکی دەگرن: یەکێکیان بەکارهێنانی زۆر و دەست وەشاندن و لە نێو بردنی ئەو کەسانە و ئەو کۆمەڵانەیە کە بەرەنگاریان دەکەن و لە ڕوویاندا وەردەگرێنەوە و مل بۆ زوڵمو زۆریان کەچ ناکەن. ئەمەش هێندێ جار بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆیە و بە زۆری بەرگێکی شەرعی و قانوونی دەکرێ بە بەردا، وەك ئەوەی تاقمێك دزوجەردەی سیاسی بکەونە یەك و دەست بگرن بەسەر دەزگەی فەرمانڕەواییی وڵاتێکدا؛ سا یان لەڕێی کودەتایەکەوە، یان لەڕێی قەڵپ کردنی هەڵبژاردنێکی گشتیی‌یەوە، یان لە ڕێی هەڵتەکاندنی ڕای گشتیی گەلێکەوە، و ئەوجا کە هاتنە سەرکار؛ حکوومەتێکی سوپاییی دیکتاتۆری، یان تاك حیزبیی دیکتاتۆری، یان تۆتالیتێری یان ئێتاتیستی یان ئۆتۆکراتی کە دیارە وەك دەبینین؛ پاش دامەزراندنی، زوو یان درەنگ، لەلایەن هەموو دەوڵەتەکانی جیهانەوە بە ڕەسمیی‌یەت دەناسرێ و، دوای ئەوە بکەونە دەرکردنی قانون و نەریتنامە و فەرمانی فاشیستانە، و بە هەر جۆرێك کە خۆیان بیانەوێ، ڕێ لە ئازادیی کۆمەڵگە بگرن و دەنگی ئازادیخوازان کپ بکەن. هێندێ جاریش هەر ئەم حکوومەتانە خۆیان، کە بەرەسمی لەلایەن کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دانیان پێدانراوە و بەڕەسمی ناسراون و بوونەتە فەرمانڕەوای تاکو تەنیا، دەچن بەنهێنی چەند دەستەیەك بکوژ و خوێنڕێژ دروست دەکەن و دەست دەکەن بە کوشتن و بڕینی ڕەخنەگران و بەرهەڵست کەرانی سیاسی؛ بۆ ئەوەی بە کوشتنیان بەجارێ لە نێویان ببەن. لێرەدا پێویستە بڵێین کە زۆربەی زۆری دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و "**جیهانی سێیەم**"ی ئەمڕۆ نموونەی پڕ بە پێستی ئەم قسەیەی سەرەوەن.

ڕێی دووەم: ڕێی پەنابردنە بەر درۆ و دەلەسەیە. ڕاستیی‌یەکەی چەکی درۆ و دەلەسە بۆ بێ دەنگ کردن و شکاندنی بەرەی بەرهەڵست کەران و ڕەخنەگران و نەیاران؛ شتێکی تازە بابەت نییە؛ بەڵکو لە کۆنەوە هەر بووە و لە هەموو جیهاندا باو بووە، و بە تایبەتی لەم ڕۆژهەڵاتەی ئێمەدا. ئەوەتا یەکێك لە

(تــەعالیم)ەکــانی ئــاینی زەردەشــتی بەربــەرەکانیٚکردنی "درۆ"یــە؛ وەك سروشتێکی بنچینەیی "دێـو و درنـج". تەنانەت وشەی "درنج" کە لە زمانی کوردیدا هاومانای "دێـو"ە؛ لە بنەڕەتدا دەچێتەوە سەر وشەی "درۆژ" کە بە زمانە ئێرانییە کۆنەکان هەر "درۆ" دەگرێتەوە. "درۆزن" لـە نێـو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا بە پەنددەکرێ و لە نێو کوردەواریشدا بە "دوژمنی خودێ" دادەنرێ و دەگوترێ "درۆزن دوژمنی خوایە".

هەروەها چەکی درۆ بە چەکێکی کورت هاوێژ دەدرێتە قەڵەم و دەگوترێ: "دەستی درۆ کورتە" یان "درۆزن هەر جارێ ناشتا دەکات" و..هتد. بەڵام وادیارە چارەسەر کردنێکی بنج بڕی درۆ، جارێ لە وزەی ئادەمزاددا نییە.

"درۆکردن" مانای "دەستکاری کردن و گۆڕینی ڕاستییە بە ئەنقەست" واتە "بۆ مەبەستێکی تایبەتی".

دوژمنانی ئازادی و یەکسانیی مرۆڤ و گشت بەرەی ئیمپریالیزم و دیکتاتۆرێتی و هەموو خوێنمژان و داگیرکەرانی وڵاتان؛ هاتوون لەم چەکە کۆنەی درۆ؛ چەکێکی مۆدێرنی ترسناکیان دروست کردووە؛ کە پێی دەگوترێ "پرۆپاگەند"ە و لە نێو کوردەواریدا بە "پڕۆپاڵانتە" نێوی رۆیوە و "دەست بڕین" و "فریـودان" دەگەیەنێ. بەهۆی ئەم چەکەوە دەتوانن مێشکی خەڵکی تێك بدەن و ڕێبازی بیرکردنەوەیان تا ماوەیەك بگۆڕن و لە ڕێی ڕاست لایان بدەن و چەواشەیان بکەن و لەم ڕێیەشەوە بچنە مەیدانی جەنگێکەوە کە چەکی وەك تۆپ و فڕۆکەی تێدا بەکار ناهێنرێ؛ بەڵکو چەکی "قاوداخستن" و "قسەو قسەلۆك" و "درۆ هەڵبەستن" و "بەیتوباڵۆرە" کاری خۆی دەکا، و بەم جەنگەش دەگوترێ "جەنگی واتەوات" (حرب الاشاعات).

"بەرەی تاریکیی جیهان" کە بریتییە لە هەموو خوێنمژان و رووتێنەرەوەکانی مرۆڤایەتی و چەوسێنەرەوەکانی گەلانی ژێر دەستەو کەنەفت کەرانی ژنان؛ بۆ ئەم جەنگە نامەردانەیە بە ملیارد پارە دەبەشنەوە و هەزاران نۆکەرو چڵکاو خۆر و کاسە لێس رادەگرن لەوانەی کە ویژدانیان مردووە و ئامادەن هەر بە پارە خۆیان بە هەموو کەسێك بفرۆشن. جا ئەم نۆکەرو بەکرێ گیراوانە، بەتایبەتی هەڵبژاردەن و لەوانەن کە زۆرتر قسەزان و لەبەر سەروزمانی شیرینیان لە نێو خەڵکدا خۆشەویستن و هێندێ جاریش ئەمانە لە نێوان ئەوانەدا هەڵدەبژێردرێن کە لە رابوردوودا فشە خەباتێکیان کردووە بۆ ڕێیەکی سیاسی و ئێستە کۆڵیان داوە و رابوردوو ئێق دەکەنەوە و دەیفرۆشن. یان لە

نێو ئەوانەدا وەردەگیرێن کە پێوەندی‌یان بە ژمارەیەکی زۆر خەڵکەوە هەیە؛ بەتایبەتی خەڵکی ساویلکە و دڵپاك. جا ئەمانە هەموو بە نهێنی؛ هەریەکە دەورێکی تایبەتی پێ دەسپێردرێ و لە کات و جێی تایبەتی‌دا دەنێردرێتە نێو کۆمەڵانی خەڵکەوە بۆچوونە نێو "**جەنگی واتەوات**" و "**قاوادخستن**" و "**کارکردنە سەر بیری خەڵك**" و "**رێ پێ هەڵەکردن**" و "**چەواشەکردن**"یان.

گەورەترین پەلاماری "**بەرەی تاریکی**" لە مەیدانی "**جەنگی واتەوات**"دا بۆ سەر ئەو خاوەن بیروباوەڕ و رێکخراو و کەسایەتی‌یە سیاسی‌یانەیە کە رێ و شوێنی سەربەخۆی خۆیان لە ژیاندا دۆزیوەتەوە و بە پارە و پارووی چەور و قسەی خۆش و دەم شیرین کردن (ارشاء) لە خشتە نابرێن و پشتیان بە خۆیان و کۆمەڵگەی خۆیان و مرۆڤایەتیی زەحمەتکێشی چەوساوەی هۆشیاری خەباتکار قایمەو پارەو پایە و کەشوفشی دنیا کار ناکاتە سەریان و لە هەڕەشەو گوڕەشەش چاویان ناترسێ. نۆکەرە چەپەڵە چڵکاو خۆرەکانی "**بەرەی تاریکی**"؛ بەتایبەتی تیروتوانج دەگرنە ئەم جۆرە کەسانە و بە چرپەچرپ و فسکەفسك و جرتوفرت؛ ژاری درۆ و دەلەسەی خۆیان بڵاو دەکەنەوە بۆ کارکردنە سەر ساویلکە و دڵپاك و لە گوێی گادا نوستوو و لە راستی نائاگا.

بۆ "**بەرەنگاربوون**"ی "**جەنگی واتەوات**"؛ دەبێ مرۆڤ بەر لە هەموو شتێك بزانێت کە درۆزن دوو سروشتی سەرەکی هەیە؛ یەکەمیان: ترسنۆکی، دووەمیان: شت بیرچوونەوە. هەموو درۆزنێك؛ چۆنکە باوەڕی بە قسەکانی خۆی نی‌یە و دەزانێ درۆی کردووە، هەمیشە دەترسێ "**راستی**"ی دەربکەوێ و دەستەکەی بکەوێتە ڕوو و ئێدی نەتوانێ ناشتا بکا، لەبەر ئەوە وەك هەموو درۆزنێك؛ ئازایانە سنگ نایەنێتە پێشەوە. جا لەبەر ئەوەی قسەکانی بێ بناخەن و روویان نەداوە، بەڵکو هەڵبەستراون، ئەوا لەبیریدا نەچەسپاون و شتەکان پاش ماوەیەك یان بەجارێ لە یادی‌دا نامێنن، یان وەك خۆی نامێننەوەو هەرجارە جۆرێکی دەڵێ. کەواتە درۆزن هەر چەندێك خۆی بهێنێ و بباو خۆی بەهێز پێشان بدا؛ وەك ئەو سەرخۆشە وایە کە قسەی زل زل دەکات و دەست بە هەڕەشەو گوڕەشە دەکات و تۆش لە سەرەتاوە پێت وایە ئەمە رۆستەمی زاڵە، کەچی هەر ئەوەندە پاڵێکت پێوەنا، لە هەزار مەتر بەولاوە رەت دەبات. ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی دی‌یەوە؛ دەبێ مرۆڤ بزانێ کە ئەو درۆزنە بەکرێ گیراوانەی وەك دەسکەلا لە "**جەنگی واتەوات**"دا بەکار دەهێنرێن، بەزۆری

خۆیان بە "**بێ لایەن**" و "**خێرخواز**" و "**دۆستی هەموو لایەك**" دەدەنە قەڵەم. چۆنکە خەڵکی ساویلکەو دڵپاك، بەزۆری، پێیان وایە ئەوەی "**بێ لایەن**" بوو، یان "**بێ لایەن**" خۆی راگرت ئەوا هەمیشە هەر "**قسەی هەق**" دەکات، کە ئەمەش راست نی‌یە (بگەڕێرەوە بۆ وتاری "**ئازادی و دەسەلات**").

جا لەبەر ئەوە کاتێك ئەم بە کرێ گیراو و نۆکەرانە کەوتنە درۆهەڵبەستن بۆ بەرەی ئازادی و یەکسانی، یان کەوتنە "**بوختان کردن**" بە یەکێك کە سەر بەو بەرەیە بوو؛ نابێ هاوبیرانی ئەو بەرەیەو مرۆڤی بەشەرەف هەروەك "**گوێگر**" دابنیشن و قسەکەی لێ وەربگرن و دەنگ نەکەن و بێژن "**قەی ناکا، با نامافوڵی خۆی بکات**" یان لە وەرامی ئەو درۆ و بوختانانەدا تەنێ پێ‌ی بێژن "**ئەمە درۆ**"یەو بێ دەنگ بن. هەروەها ناشبێ تووڕەبن و لێبدەن بڕۆن. نەخێر. کە درۆزنێکی بەکرێ گیراوی پڕۆپالانتەکەر قسەیەکی گێڕایەوە، و مرۆڤ بە تەواوی زانی ئەمە هەڵبەستراوەو بوختانە؛ دەبێ دەستبەجێ بەو کابرایە بگوترێ "**چۆنت زانی کە ئەمە وایە؟**" جا ئەگەر گوتی "**خۆم دەیزانم و دیومە**"، ئەوا دەبێ داوای ئیسپات بکرێ لێی، و ئەگەر "**ئیسپات**"ی پێشاندا دەبێ "**ئیسپات**"ەکانی ژیرانە شی بکرێنەوە و هورد بکرێنەوە؛ تا درۆکانی دەردەکەون. ئەوجا نابێ بە هیچ جۆرێك بەرۆکی بەربدرێ، تا لەبەر چاوی خەڵکی و چەند جارێك لەسەریەك بەدرۆ دەخرێتەوە.

بەڵام وەك بەتاقی کردنەوە دەرکەوتووە، ئەم درۆزنە بەکرێگیراوانە، بە زۆری، ناوێرن بێژن، "**خۆمان دەیزانین و دیومانە**" یان "**خۆمان ئاگامان لە باسەکەیە**"، بەڵکو دەبێژن "**بیستوومانە**" یان "**وادەڵێن**". لەبەر ئەوە مرۆڤ نابێ واز بهێنێ لێیان، بەڵکو دەبێ دەستبەجێ بڵێ: "**باشە! لەکێ بیستت؟**" و نێوی ئەوانە داوا بکرێن لێی کە گوایە لێی بیستوون. جا ئەگەر نێوی چەند کەسێکی برد، ئەوا زوو بە زوو لەگەڵ ئەوانەدا بەرەو رووبکرێتەوەو بزانرێ ئەوانە چی‌یان گوتووە. هەروەها بشزانرێ ئەوانە کێن و سەر بە چ بەرەیەکن و ئایە ئەوانە خۆیان ئەو باسەیان دیوەو زانیوە یان ئەوانیش هەر بیستوویانەو لە کێش بیستوویانە، و بەم جۆرە ئەم رێ‌یە بگیرێ؛ تا راستیی قسەکە، بەتایبەتی درۆکە، دەردەکەوێ، خۆ ئەگەر کابرا گوتی "**نازانم کێ گوتی، خەڵك گوتیان**" دەبێ پێی بگوترێ "**یان دەبێ بڵێیت کێ گوتی، یان بە ئاشکرا دەڵێین: درۆ دەکەیت و فێرکراویت وا بڵێیت. لەبەر ئەوە تکایە پێمان بڵێ بۆ چ لایەك کار دەکەیت**". ئا بەم جۆرە، بەڵام لە پێش چاوی خەڵك، چەند جارێك و یەك لە دوای یەك تەریق

بکرێتەوەو بهێنرێتە ژەنگ و ژارو هەموو جارێك پێی بگوترێ **"درۆزن"**. ئەوسا مرۆڤ دەبینێ؛ ئەوانەی کە بوونەتە جاشی ئەم لەشکرە؛ چەکەکە لە دەستیان دەکەوێتە خوارێ. ئەوەی راستی بێ؛ چەکی پڕۆپالانتەو قاوداخستن؛ بۆیە بە زۆری دەتوانن کاری خۆیان بکەن؛ چۆنکە خەڵکەکە کە هەواڵێك دەبیستن؛ هەروا وەك پارەیەکی نەختینە وەری دەگرن و دەیخەنە گیرفانیان و ناچنە بنج و بناوانی، و کە لە ئەنجامدا هەواڵەکە بە درۆ دەرچوو، ئەو کاتەش نایدەنەوە بەڕووی ئەوانەدا کە لێیان بیستوون. جا چۆنکە قسەکە هێندە دەماو دەم دەکەوێ و دەکەوێ و دەستبەجێ بنچینەکەی دەست نیشان ناکرێ، ئەوا سەرچاوەی درۆکە هەر لە سەرەتاوە ون دەبێ و کە پاشە جاریش درۆکە دەرکەوت؛ ئەوا کەس نازانێ کێ کردوویەتی، و خەڵکی هوردە هوردە بیریان دەچێتەوە.

کەواتە؛ باشترین و کاریگەرترین شێوەی بەرەنگاریی درۆژنی بەکرێ گیراو؛ دەمەتەقێیەکی دەست بەجێیی ژێربێژانەی بابەتانەیە لەگەڵی، و ئەگەر کرا شایەت گرتنە لێی و دانەوەی قسەکەی خۆی دووجار و سێ جار و چەند جار بەڕوویدا و لە نێو خەڵکدا. بە کورتی واز لێ نەهێنانێتی هەتا درۆکەی دەردەکەوێ. لەم رووەوە مرۆڤی خاوەن باوەڕ نابێ گوێ بداتە ماندوویەتی و کات بەخت کردن.

جا وەك گوتمان، چۆنکە درۆژن، بە زۆری، ترسنۆکە، دیارە لە کاتی دەمەتەقێی بابەتانەدا دەشڵەژێ و زمانی تەتەڵە دەکات و قڕی دەردەکەوێ و لەبەر ئەوەی درۆژن بە زۆری؛ درۆکەی خۆی بەو جۆرەی گوتوویەتی لە بیری نامێنێ؛ ئەوا هەرجارە درۆکە بە جۆرێکی دی دەڵێتەوە. کورد بە خۆڕایی نەیگوتووە **"ئەگەر درۆزن بوویت دەبێ بیرت تیژبێت"**، جا لەم رووەوە دەبێ مرۆڤ بەتەواوی دەقی قسەکانی چەند جارەی پێشووی درۆژنی بیرنەچێتەوە و بە بەراوردکارییەوە بیداتەوە بە چاویدا و لە پێش چاوی خەڵك و بەشایەتەوە.

درۆژنی بەکرێ گیراو؛ گەلێك جار کەڵك لە رووداوێکی بچووك کەجێی رەخنەبێ، یان هەڵەیەکی سووکەڵە کە باسکردن بهێنێ، یان کردەوەی یەکێکی سەر بە بەرەی ئازادیخوازان کە شایانی سەرکۆنە بێ، وەردەگرێ بۆ هەڵمەت بردنە سەر ئەو بەرەیە، یان پەلاماردانی ئەو کەسە و ئەوجا تاوانبار کردن و کافرکردنی هەموویان. جا ئەو درۆژنە بەکرێ گیراوە؛ ناچێ باسەکە، یان هەڵەکە، یان کردەوەکە، وەك خۆی بێ دەستکاری بخاتە ڕوو، بەڵکو دەچێ

سەروبۆری بۆ دەکا و کلکوگوێی دەکا و مێشێك دەکاتە گامێشێك و ریسێك دەکاتە گوریسێك. لەبەر ئەوە دەبێ هاوبیری **"بەرەی ئازادی و یەکسانی"** ئەوە بخاتە بەرچاو کە هیچ مرۆڤێکی ئەم جیهانە فریشتە نەبووە و نی‌یە و نابێ، تەنانەت پەیامبەرەکان کە دەڵێن پەیام هەڵگری خودێ بوون و مرۆڤی زۆر بەرز و پاك بوون، هێشتا ئەوانیش **"بێگەرد نەبوون"** و نەشیان گوتووە **"ئێمە فریشتەین"**. هەموو کەسێك خەوش و ناتەواوی و هەڵە و بەسەرچوونی هەیە، و هەموو مرۆڤێك لایەنی بێ هێزی و لاوازی تێدایە و هیچ هاوبیرێکی بەرەی ئازادی و یەکسانی لاف خوایەتی و فریشتەیەتی و بێ گەردی و بێ خەوشی لێ نەداوە و ناشتوانێ لێی بدا. لەبەر ئەوە ئەگەر هاتوو درۆژنی بەکرێ گیراو، ناتەواوی‌یەکی دۆزی‌یەوە لە هاوبیرێك، یان لەبەرەکە هەمووی؛ ئەوا ئەو دەمە مرۆڤی بەشەرەف و خاوەن باوەڕ، ئەگەر زانی ئەو ناتەواوی‌یە، یان ئەو هەڵەیە هەیە، ئەوا نابێ داکۆکی بۆ ئەو ناتەواوی‌یە، یان ئەو هەڵەیە بکات، یان بیکا بە ژێر لێوەوە؛ بەڵکو ئەو بەشەی کە راستە لەو بەشەی کە پێوەنراوە جیابکاتەوە و هوردی بکاتەوە و ئەوجا بە درۆژنی بەکرێ گیراو بڵێ **"تۆ تا ئەم هەندازەیە راست دەکەیت، بەڵام پێم بڵێ کێ تەواوە و بێ خەوشە لەم جیهانەدا؟ ئایا تۆ خۆت فریشتەیت؟"**. "ئێمە لەباس کردن و رەخنە گرتن لە ناتەواویی خۆمان ناترسین؛ بەڵکو پێمان خۆشە باسی بکەین، چۆنکە دەزانین کە ناتەواوی و هەڵەکردن لەگەڵ خراپەکاری و نۆکەری و چڵکاوخۆری و خۆفرۆشتن و دوژمنایەتی کردنی مرۆڤایەتی و تاوان کردن، ئەرز و ئاسمان جیاوازن. ئێمە هەوڵ دەدەین تا بتوانین خۆمان لە هەڵە دووربخەینەوە و لە هەڵە پاك بکەینەوە. بەڵام تۆ مەبەستت لەم باسە دەستکاری کراوە راست کردنەوە نی‌یە، بەڵکو وەك عەرەبەکە دەڵێ **"كلمة حق أريد بها باطل"**ە.

جا بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێ لەسەر ئەو ناتەواوی‌یە، ئەگەر هەبوو، دەمەتەقێ بکات؛ دەبێ هەمیشە ئاگای لە هەموو کەینوبەینێکی نێو بەرەی ئازادی و یەکسانی و رێکخراوەکانی بێت و هەوڵ بدات هەموو شتێك بزانێت، خۆ ئەگەر باسی شتێك کراو هاوبیرێك یان مرۆڤێکی بەناموس ئاگای لێی نەبوو، نابێ لە خۆیەوە هەڵ بداتێ و قسە بکات لەسەری بەڵکو دەبێ بڵێت: **"ئاگام لەمە نی‌یە"** بەڵام زوو بپرسێ و لە کورتترین کاتدا مەسەلەکە لەگەڵ کابرای درۆژنی بەکرێ گیراودا رۆن بکاتەوە و بیبرێتەوە لەگەڵی و لەبەردەمی خەڵکدا باسی بکات. لەبەر ئەوە؛ ئەوەی هاوبیری بەرەی ئازادی و یەکسانییە؛ دەبێ بەرەکەی خۆی

زۆر باش بناسێت و شارەزای هەموو کەلوقوژبنێکی بێت. بەڵام دەبێ بزانین کە خۆناسین بە تەنیا بەس نییە، بەڵکو ئەوانەی کە پێوەندییان بە بەرەی ئازادی و یەکسانییەوە هەیە، بەدۆست و نەیارەوە؛ بە قووڵی بناسێ. بەبێ ئەم ناسینە قووڵە هیچ هاوبیرێك ناتوانێ هەڵوێستی خۆی ساخ بکاتەوە بەرامبەر دڕۆژنێکی بەکرێ گیراوی وا کە باش دەرزیدا درابێ و شارەزاییەکی زۆری هەبێ لەکاروباردا و زمانی درێژ و تەڕ و پاراوبێ. چۆنکە خەڵکی بەگشتی، بەتایبەتی ساویلکە؛ گوێ بۆ ئەوانە رادەگرن کە شتیان زۆر لەبەرە و زۆر دەزانن و شارەزایی پێشان دەدەن و وەك کوردەکە دەڵێ "**مەلابەزێنن**" و ئاگاداری ئەم لاو ئەولان، ئەمە بێ ئەوەی راستی و درۆی نێوەڕۆکی قسەکانیان شی بکەنەوە.

شایانی باسە کە ئەم درۆژنە بەکرێ گیراوانە؛ هەر لە نێو یەك دەستەی تایبەتی، یان کۆمەڵی تایبەتیدا، ناکەونە "**جەنگی واتەوات**"؛ بەڵکو دەچنە نێو هەموو دەستەو کۆمەڵێکەوە و خۆیان بە درۆ دەکەنە هاوڕێ و دۆست و بگرە برای هەموو لایەك و هێندێ جاریش دەوری "**ریش سپی**" و "**راوێژکەر**" و "**نێوبژی کەر**" دەگێڕن و لە رێی ئەو "**بێ لایەنی**"یە درۆژنەیەوە کە باسمان کرد؛ دەتوانن لە نێو هەر دەستە و کۆمەڵێکدا جێی خۆیان بکەنەوە، و هەر لە سەرەتاوە هەوڵ دەدەن کە لە بیروکردەوەی هەموو ئەو دەستەو کۆمەڵانە بگەن و بزانن ئەمانە چی کار دەکاتە سەریان، بەچی دڵیان خۆش دەبێ و لە چی تووڕە و دڵتەنگ دەبن، ئەوجا دەچن بەو پێیە دەست بەدرۆ دەکەن بۆیان و هانیان دەدەن و تیژیان دەکەن و لە هەمان کاتدا دەیانهێننە قسەو قسەکانیان دەچننەوە و بەجۆرێکی دەستکاریکراو بۆ دەستەو کۆمەڵەکانی دی باس دەکەن و بەمە ناکۆکی دەخەنە نێوانیانەوە. خۆ کە کەوتنە "**جەنگی وات وات**" دژی کۆمەڵێکی سەر بە بەرەی ئازادی و یەکسانی؛ ئەوا لە نێو هەر کۆمەڵێك یان دەستەیەکی دیدا جۆرە درۆ و بوختانێك رێك دەخەن بۆیان، بۆ وێنە: <u>ئەگەر چوونە نێو تاقمێك موسوڵمانی نوێژ کەرو رۆژوو گرەوە؛ پێیان دەڵێن: "**ئەوانە کافرن و باوەڕیان بە ئیسلام نییە**". خۆ ئەگەر چوونە نێو دەرەبەگ و دەوڵەمەند و سەرمایەدارەکانەوە؛ دەڵێن "**بابە ئەمانە سۆسیالیستن**" و سوسیالیزمیشیان واتێ دەگەیەنن کە ئەگەر سبەی رۆژێ سۆسیالیستەکان هاتنە سەر کار؛ ملك و زەوی و پارە لە هەمووان دەسێننەوە و دەیبەن بۆ خۆیان واتە ئەوان دەکەنە هەژار و خۆشیان دەوڵەمەند لە جێی ئەوان. خۆ ئەگەر چوونە نێو تاقمێك عەرەب و ترك و فارسی شۆڤینی و کۆنەپەرستەوە؛ دەڵێن:</u>

"ئەمانە رقیان لە عەرەب و ترك و فارسە، و دەیانەوێ کوردستانێکی سەربەخۆ دروست بکەن و جیابوونەوە خوازن".

خۆ ئەگەر چوونە نێو مرۆڤی فاشیست و نازی و دیکتاتۆرەوە؛ دەڵێن "ئەمانە کۆمۆنیستن کە رۆژێ هاتنە سەرکار ئەشکەوت لە هەر کەسێك کە کۆمۆنیست نەبێ دەکەنە کونە مشك".

خۆ ئەگەر چوونە نێو دەستەیەك لەلایەنگیرانی دیمۆکراسی‌یەوە؛ دەڵێن "ئەمانە نازین. ئەوە نی‌یە سۆسیالیزمەکەیان نێو ناوە قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم". خۆ ئەگەر چوونە نێودیان و جوولەکەوە دەڵێن "ئەمانە موسوڵمانی تەنگە تیلکەن؛ ئەوە نی‌یە دەڵێن: باوەڕمان بە ماددە نی‌یە وەك سەرچاوەیەك بۆ بزواندنی هەموو چالاکی‌یەکی مرۆڤ و ئەمەشیان لە قورئانەوە وەرگرتووە". خۆ ئەگەر چوونە نێو کۆمەڵێك پیاوی کۆنەپەرستی دواکەوتووی دژ بە ئازادیی ژنانەوە؛ دەڵێن "ئەمانە باوەڕیان بە یەکسانیی ژن و پیاوە. لەبەر ئەوە ئەگەر دەستیان بوو؛ هیچ ژنێك نامێنێ کە حەوت مێردی نەبێ". بە کورتی: بۆ بەرگری لەم بوختانە جۆرجۆرانە؛ دەبێ هاوبیری بەرەی ئازادی و یەکسانی؛ پێوەندیی بە هەموو چین و دەستەو کۆمەڵ و تاقمێکی کۆمەڵگەوە هەبێ، و بەرە بەرەو لەسەرخۆ هۆشیاریان بکاتەوە و هەر کاتێك شتێکی لەم جۆرەی بیست؛ دەمودەست بیباتەوە سەر بنچینەی خۆی و لە نێو جەماوەردا بە درۆی بخاتەوە و بە پەندی بکات.

راستی‌یەکەی زۆرتر چوونە نێو جەماوەر، لەم رووەوە سووتێکی دیشی هەیە؛ ئەو سووتەش لە کاتێکدا دەردەکەوێ کە بەرەی تاریکی لە رێی نۆکەرە درۆژنە بە کرێ گیراوەکانی‌یەوە هەر لە نێو تاکە تاکەی خەڵکدا نەکەوێتە کار؛ بەڵکو بە نووسینی وتاری رۆژنامە و چاپکردنی بلاڤۆك و لێدوانی رادوێ و تەلەفزوێن و لە سنوورێکی نێوچەیی یان جیهانی‌دا بکەوێتە کار.

ئەوجا بەرەی ئازادی و یەکسانی، چۆنکە لەم رۆژەدا دەسەڵاتی ئەوەی نی‌یە -وەك ئەوان- دەستاوێژ (وسیلة)ی تەکنیکی مۆدێرن بخاتە کار، دیارە لەم حاڵەدا پێوەندیی بەستن بە جەماوەری وڵاتی خۆبێگانەوە، و بەتایبەتی بە جەماوەری زەحمەتکێش و رۆناکبیری ئازادیخوازی وڵاتانەوەو بەو کۆمەڵانەوە کە ئازادیخوازن لە جیهاندا و لە هێندێ رووەوە هاوکێشن لەگەڵ "بەرەی ئازادی و یەکسانیی کورد"؛ دەبێتە هۆی زاڵ بوون بەسەر پرۆپاگانتەی هەڵگیرسێنەرانی "جەنگی وات وات"دا، یان هیچ نەبێ کزکردنی هێزی واتەواتیان.

لێرەدا پێویستە دەست بۆ راستی‌یەکی زۆر گرنگ رابکێشین؛ کە ئەوەش ئەوەیە؛ ئەو کۆمەڵەو دەستانەی سەر بە "**بەرەی ئازادی و یەکسانین**"، بە زۆری، ناتوانن لە هەموو کات و لە هەموو جێ‌یەکدا بە ئاشکراو سەربەست بێنە پێشەوەو رەئی خۆیان ئازادانە و بێ ترس بڵێن و لەسەر خۆیان بکەنەوە و بەرەنگاری درۆو بوختانی "**بەرەی تاریکی**" بن. چۆنکە ئەم کۆمەڵ و دەستانە، بە زۆری، لەلایەن ئەو دەوڵەت و فەرمانڕەوایی و هێزانەوە کە سەر بە بەرەی تاریکین رێبەندکراون و رێبەند دەکرێن و رێی کارکردنی ئاشکرایان لێ گیراوە و لێ دەگیرێ و ناچار بوون و ناچارن بەنهێنی و دزێتی‌یەوە کاربکەن. جا ئەو دەسەڵاتە کەمەو ئەو ماوە تەنگەی هێزێکی بەنهێنی کارکردوو بۆ دەربڕینی دەنگی خۆی هەیەتی؛ بەراورد ناکرێ لەگەڵ دەسەڵاتی یەکجار گەورەی دەوڵەتێك یان هێزێکی فەرمانڕەوای بە ئاشکرا کار کردوو. لەبەر ئەوە "**بەرەی تاریکی**"، بەشێوەیەکی گشتی؛ کەڵك لەم حاڵە وەردەگرێ و دەکەوێتە بوختان و درۆو دەلەسە و خۆشکردنی "**جەنگی واتەوات**" لە دژی بەرەی ئازادیخوازی نهێنی کارکردن بەسەردا سەپاو. شتێکی خۆیایە (واضح) کە درۆ هەڵبەستن و بوختان کردن بەوانەی بەنهێنی کاردەکەن و پڕۆ پالانتە کردن لە دژیان گەلێك هاسانترو کاریگەرترە، لە نێو خەڵکدا، لە درۆ هەڵبەستن و بوختان کردن بەوانەی بە ئاشکرا کاردەکەن. ئەمەش لە مێژووی گەلەژێردەستەکاندا. و بەتایبەتی لە مێژووی گەلی کورددا؛ زۆر بە چاکی دیارە. بۆ وێنە: لە کاتێکدا کە خەلیفە ترکەکانی دەوڵەتی عوسمانی ئاینە کوردی‌یە کۆنەکانی وەك ئاینی کاکەیی و ئاینی ئێزدی و ئاینی عەلەوی و ئاینی هەقەیان رێبەند دەکرد و هەر کەسێك بە ئاشکرا خۆی بە لایەنگری ئەو ئاینانە بزانیایە؛ بە نێوی ئەوەوە کە کافرە؛ خوێنیان حەڵاڵ دەکرد و هەر ساتەناساتێ بە لەشکرەوە پەلاماری ئەو نێوچە و هۆزانەیان دەدا کە سەر بەو ئاینانە بوون؛ دەچوون لە نێو خەڵکی ساویلکەدا "**جەنگی واتەوات**"یان دژی ئەم ئاینانە و لایەنگرەکانی هەڵ دەگیرساند. بۆ وێنە؛ وایان بلاودەکردەوە کە گوایە ئێزدی‌یەکان "**شەیتان پەرستن**"، ئەمە لە کاتێکدا ئەوانەی باش شارەزای ئاینی ئێزدین؛ دەزانن کە ئێزدی‌یەکان لە بنەڕەتەوە هەر باوەڕیان بە بوونی "**شەیتان**" نی‌یە بەو شێوەیەی کە موسوڵمانان بۆی دەچن. جا کەسێك کە باوەڕی بە بوونی شتێك نەبێ؛ چۆن ئەو شتە دەپەرستێ؟ هەروەها کاکەیی‌یەکانیش هەر لەسەتەی رابوردووەوە و بگرە زووتریش ئەو بوختانە کراوە پێیان کە گوایە ئەمانە هەموو ساڵێك

شەوێکیان هەیە کە نێوی "**شەوەڕەش**" یان "**چراپف**"ە، و لەو شەوەدا ژنان و پیاوانیان کۆدەبنەوە و چرادەکوژێننەوەو هەریەکە بەردەبێتە ئەوی دەستی بیگاتێ. ئەم قاوە، نەك تەنێ لەلایەن ترکە عوسمانییە خوێنمژەکانەوە داخراوە بۆ بەد نێو کردنی کاکەیی؛ بەڵکو شان بە شانی ئەوانیش هێندێ لەو ئەورووپاییانەی نۆکەر و جاسووسی بەرەی کۆلۆنیالیستەکان بوون؛ وەك (مۆریتزڤاگنەر) و (فردریك میلینگن) هەمان بەیتو باڵوەریان لێ داوە.

بێگومان ئەم بوختان و واتە واتە؛ کاری کردووەتە سەر خەڵکی ساویلکە و بگرە خوێندەواریش. ئەوەتە کابرایەکی ژیرەکی زۆرزانی وەك شێخ رەزای تاڵەبانی ئەم درۆ و بوختانە بەرامبەر کاکەییەکان دووبارە دەکاتەوەو دەڵێ:

هەتانە، هەر وەکو بیستوومە بەزمێ

لە ساڵێکا شەوێ یارانی دیندار

ئێستە ئەگەر سەرنج بدەینە شەکرە شکێنراوەکانی شێخ رەزا؛ دەبینین کاتێك ئەو ئەم هەموو بوختان و درۆیانە دەگێڕێتەوە؛ هەر لەسەرەتاوە دەڵێ "**بیستوومە**" و ناڵێ "**دیومە**". جا نەك هەر شێخ رەزا، بەڵکو هیچ کەسێکی دیی ئەم جیهانە؛ نە "**شەوەڕەش**"ی دیوە و نە "**شەوەڕەش**"یش هەیە. بەڵام وەك چۆن ئێزدییەکان نەیانوێراوە خۆیان ئاشکرا بکەن و بڵێن: "**ئێمە ئێزدین و ئەمە ئاینەکەی ئێمەیە و ئێمە شەیتان پەرست نین و ئەوانە شەیتان پەرستن کە خوێنی ئێمە بەناڕەوا دەرژێنن و ئەمە هەموو بوختانە بە ئێمە دەکرێ**"، هەروەها کاکەییەکانیش نەیانوێراوە بە ئاشکرا بێنە پێشەوە و بڵێن "**بابە ئێمە کاکەیین و ئەوە ئاینەکەمانە و وایەو وایە و شەوەڕەش بوختانە و پێمان دەکرێ**". چۆنکە ئەوان ئەگەر وا بە ئاشکرا بهاتنایە پێشەوە، ئەوسا دەبوو ئێزدێتی و کاکەیەتی خۆیان بەجارێ دەربخستایە وئەو دەمە دووچاری مەترسیی مەرگ و لەنێوبردن دەبوون و خوێنی خۆیان حەڵاڵ دەکرد بە دەستی ئەو سەختگیرە کوێرانەی لە هیچ جۆرە خوێنرێژییەك ناپرنگێنەوە (بگەڕێرەوە بۆ وتاری "سەختگیریی کوێرانەو سەختگیریی بینایانە). جا ئەمڕۆش مەسەلەی کۆمەڵ و پارتە سیاسییە ئازادیخوازەکانی کوردستان و هەموو بەرەی ئازادیخوازانی جیهان وەك مەسەلەی ئێزدی و کاکەیی و هەققە و عەلەوییەکان وایە. لەلایەکەوە رێیان نادرێ ئازادانە و بێ ترس و بە ئاشکرا باسی بیروباوەڕو رێی خۆیان بکەن، و لە لایەکی دیکەشەوە چۆنکە ناچارن بەنهێنی کاربکەن؛ هەزاران درۆ و دەلەسەو بوختان رێك دەخرێ بۆیان، ئەوانیش چۆنکە ناچارن بەنهێنێتی

بمێيننەوە، چۆنكە لە ترسی كوشتن و بڕين ناتوانن خۆيان دەربخەن و بە ئاشكرا قسەكانی دوژمنان و نۆكەرانی بەرەی تاريكی بە درۆبخەنەوە، ئەوا لە وێستاوێكی زۆر نالەباردان.

ڕێكخراوی "**كاژيك**"، نموونەيەكی زيندووە بۆ ئەم راستی‌يە. ئەوەبوو "**كاژيك**" هەر لەسەرەتای هاتنەكايەوە؛ لە هەموو كوردستاندا و لەلايەن هەموو هەلپەرست و هەڵمەتەكاسەيەكی سياسەتەوە بەوپەڕی توندوتيژی و بەنێوی ئەوەوە كە "**جيابوونەوە خوازە**" بەربەرەكانی كرا. ورێی كاركردنی لێ دەگيرا و ئەوی كاژيكيش بوو لە ترسی كوشتن و بڕين و ماڵوێرانی؛ نەی دەتوانی بە ئاشكرا بێژێ "**كاژيكم**" چۆنكە بوونە كاژيك باسی سەربوو؛ لە هەمان كاتدا دەستی رەشی بەرەی تاريكی دەيگوت "**بابە كاژيك كوا هەن؛ هەموو دووكەس و لەتێكن، فەرموو ئەگەر هەن بۆ نايەنە پێشێ**"؛ كەچی هەر ئەوانەی دوێنێ پێيان بە سێبەری هەموو هاوبيرێكی كاژيك دادەنا؛ ئەمڕۆ قسەكانی چارەكە چەرخێك لەمەوبەری كاژيك -بەلام بە كاڵوكرچی- دەجوون و دەجوونەوە و لە خراپەكاری خۆشيان هەروازيان نەهێناوە.

بۆ بەرەنگاربوونی ئەم بارە نالەبارە؛ پێويستە بەرەی ئازادی و يەكسانی و هەموو ئەوانەی ئازاديخوازو دێموكرات و مرۆڤ دۆستن، و هەموو ئەوانەی ئازاديی كۆمەڵگە بەلايانەوە بەنرخە؛ بكەونە خۆيان و ئەوانيش خۆيان بۆ "**جەنگێكی دژواتەوات**" ئامادە بكەن. هاوبيرانی "**بەرەی ئازادی و يەكسانی**" و لێرەشدا مەبەستم لە هيچ ڕێكخراوێكی تايبەتی نی‌يە، بەڵكو مەبەستم لەوانەيە كە سەر بەو بيرو ڕێيەن، دەبێ هەوڵ بدەن بەر لە هەموو شتێك "**بەرەی تاريكی**" زۆر باش بناسن و بەتايبەتی لە دوولاوە: لەباری ئيديۆلۆژی و لەباری جۆری لايەنگيرەكانی‌يەوە؛ واتە لايەنی بەهێزی و لاوازی‌يانەوە. بۆ ئەمە پێويستە هەموو بنەڕەتە بيری‌يەكانی (الاسس الفكرية) "**بەرەی تاريكی**" بەشێوەيەكی زانستانە شی بكرێنەوە و ناتەواوی و كەموكورتی‌يەكانی، بەتايبەتی ئەو لايەنانەی كە دژی مرۆڤايەتين، لێك بدرێنەوە و بە جەمسەری كردەوە خراپەكانيانەوە پێشكێش بە كۆمەڵانی خەڵكی بكرێ؛ بەلام ديارە ئەمەش لە كات و شوێنی خۆی‌دا، و لەم رووەوە هيچ چاوپۆشی‌يەك نەكرێ.

لێرەدا دەبێ ئەوە بڵێين كە شێوەی "**جەنگی دژواتەوات**"؛ نابێ ئەو شێوەيە بگرێ كە بەرەی تاريكی گرتوويەتی؛ واتە نابێ لە درۆ و دەلەسە و بوختان بۆ هەڵبەستن و پێوەنان پێك هاتبێ. بەرەی ئازادی و يەكسانی بەرەی ڕۆناكييەو

ئەو ڕێیە چەوتە چەوێڵە چەپەڵەی بەرەی تاریکی ناگرێتە بەر؛ چۆنکە ئەو مێتۆدە لەگەڵ سروشتی ڕۆناك و پاکی‌دا ڕێك ناکەوێ. بێجگە لەوەش پێویستی بە درۆ هەڵبەستن و بوختان کردن نی‌یە؛ چۆنکە بەرەی تاریکی هێندە پیسی و گوناە و تاوانی زۆرە، کە پێویست بە شت دروست کردن نەکات بۆی. بە کورتی دەبێ "**جەنگی دژواتە وات**" تەنێ ڕێی ڕاستیی خستنەڕوو و لایەنی ڕاستی بگرێ. بەڵام دەبێ باش بزانرێ کە ئەو ڕاستییە کەینێ و لە کوێ و چۆن و بە چ شێوەیەك دەگوترێ و دەردەبڕرێ.

ئەمەش هونەرێکە بە مرۆڤی دەست ڕەنگینی خۆی نەبێ؛ بە هەموو کەسێك ناکرێ؛ با ئەو کەسە زیرەك و زۆرزان و دڵپاکیش بێ. دەبێ ئەوەمان هەمیشە لەبەر چاوبێ؛ کە مرۆڤێکی ئازادیخوازی یەکسانی ویستی ئاشتی پەروەری دڵپاك، ناتوانێ هەموو کاتێك بەرامبەر بە دوژمنێکی پڕ چەکی بێ ویژدانی بێ ئابڕووی دەست وەشێنی درۆژنی بوختانکەری پشت پێ نەبەستراو؛ ڕووی ئازادیخوازانە و دڵی پاك و نیازی چاکی خۆی پێشان بدات. بۆ وێنە: بەرامبەر زەلامێك کە لە تاریکی‌دا وەستاوە و بەرد دەگرێتە سەروچاوت و دەیەوێ کوێرت بکات، تۆ ناتوانیت و نابێت هەر لە ڕۆناکی‌دا بوەستیت و دەموچاوی خۆتی پێشان بدەیت و بڵێیت "**فەرموو وەرە پێشەوە با بەرامبەر یەك بوەستین و سوارچاکانە شەڕەشێر بکەین، کێ بردی‌یەوە، ئەوە شێرو ڕۆستەمی مەیدانە**". چۆنکە ئەو نایەتە بەر ڕۆناکی‌یەکە و ڕووبەڕووی تۆ ناوەستێ و لەبەرد هاویشتنی خۆی ناکەوێ. خۆ ئەگەر وابوایە ئەویش مەردێك دەبوو وەکو تۆ و سەر بە بەرەی ڕۆناکی دەبوو و ئەم شەڕ و هەڵایەی لەگەڵ تۆ نەدەکرد. لەبەر ئەوە بەرەی ئازادی و یەکسانی؛ بۆ پاراستنی خۆی؛ بۆی هەیە، بە پێی پێویست، شتی وا بڵێت و قاوی وا دابخات کە سەر لە بەرەی تاریکی تێك بدات. <u>ڕۆستەمی و سوارچاکی بەرامبەر کەسانێك، یان کۆمەڵانێك دەخرێتە کار، کە ئەو کەسانەش یان ئەو کۆمەڵانەش خۆیان لە بەرەی ڕۆستەمی و سوارچاکی دابن، یان هیچ نەبێ قەدری ڕۆستەمی و سوارچاکی بزانن و بگرن.</u>

ئەو خوێنمژانەی گەلە چەوساوەکانی ئەم جیهانە دەڕووتێننەوە، و ئەو فەرمانڕەوایانەی هێزو دەسەڵاتی خۆیان بەهۆی دیل کردنی مرۆڤی بەشخوراوی ئەم جیهانەوە دەسکەوتووە؛ هەروەها ئەوانەی کوردستانیان داگیرکردووە و هەموو مافێکی گەلی کوردیان پێشێل کردووە؛ هیچ کاتێك نەرۆستەم بوون و نە بەڕۆستەمی و ئازایەتی گەیشتوونەتە ئەوە. لەبەر ئەوە

ئەگەر هاتوو بە کریٚ گیراویٚکی درۆزن شتیٚکی پرسی لیٚت؛ بۆ ئەوەی زمانت بدزیٚ یان قسە دابکیٚشیٚ لە سەرت؛ تۆ پیٚویستە شتیٚکی وا بلیٚیت پیٚی، کە دوودلی بکەیت و سەری لیٚ تیٚک بدەیت بە چەشنیٚك کە زانیاری‌یەکی وا بباتەوە بۆ ئاغاکانی بە هیچ جۆریٚك سووت نەبینن لیٚی. هەروەها ئەگەر نۆکەریٚکی بەرەی تاریکی هات و خۆی بە بیٚ لایەن دایە قەلەم و دەستی کرد بە بوختان کردن و خستنەرووی کەموکورتی‌یەکانی بەرەی ئازادی و یەکسانیی بە جۆریٚکی دوژمنانە و ناراست و نا بابەتانە؛ بۆ ئەوەی دەماری هاوبیریٚکی بەرەی ئازادی و یەکسانی بگریٚ کە هیٚشتا دەرنەکەوتووە بۆی، هاوبیری بەرەی ئازادی و یەکسانی نابیٚ یەکسەر بپژیٚتەوە بەچاوی‌دا؛ بەلکو دەبیٚ جاریٚ زۆر بە وریایی هەول بدا بزانیٚ ئەو نۆکەرە **"بیٚلایەنە"** درۆزنە سەر بە چ لایەکە، و ئەوجا لە نیٚو خەلکدا کەموکورتی و خراپەکاریی ئەو لایەنە لە پیٚش چاوی ئەو نۆکەرە بخاتە روو؛ بەلام وەك گوترا بە شیٚوەیەکی بابەتانەو بە جۆریٚك کە ئەو خەلکەی دەوروپشت تیٚی بگەن و لیٚی بگەن. ئەوسا مرۆڤ دەبینیٚت کە ئەو نۆکەرە بەکریٚ گیراوەی خۆی بە درۆ بیٚلایەن پیٚشان دەدات؛ بەزۆری، خۆی ناگریٚ و کە گویٚی لە رەخنە لیٚ گرتنی لایەنەکەی خۆی و ئاغاکانی بوو؛ دەست بەجیٚ لەسەریان دەکاتەوە؛ ئەوجا مرۆڤ دەبیٚ وەستایانە وتوویٚژی لەگەل بکا و بۆ خەلکەکەی ساخ بکاتەوە کە ئەو نۆکەرە سەر بەو لایەنەیە و بیٚ لایەن نی‌یەو درۆزن و بەکریٚ گیراوە و بەمە دەستەکەی بخاتە روو و بەرامبەر بە پیٚکهیٚنانی دەورەکەی خۆی دوودلی بکات.

<u>دوودل کردن و خستنە گومان؛ هەموو کاتیٚك بیٚ هیٚزی و سەرلیٚ تیٚکچوون و نەهیٚشتنی دەسەلاتی بریاردانی لەدووایە.</u>

<u>**"بەرەی تاریکی و لایەنگرەکانی"** پیٚویستە هەموو کاتیٚك لە **"جەنگی دژ واتەوات"**دا وا دوودل بکریٚن و بەجۆریٚك بخریٚنە گومان کردنەوە لە خۆیان؛ کە هیچ بریاریٚك نەتوانن بدەن یان لەسەر هیچ بریاریٚك نەتوانن بمیٚننەوە.</u>

بە کورتی: ئەم **"جەنگی واتەوات"**ە؛ جەنگیٚکی یەکجار سەختە لەنیٚوان دوو بەرەدا: **"بەرەی تاریکی"** کە بریتی‌یە لە دزو درۆزن و نۆکەر و چلکاوخۆر و ویژدان مردوو و دەستبرو دیکتاتۆر و ملهور و فاشست و ئیمپریالیست و تۆتالیتاریست و کۆلۆنیالیست و چەوسیٚنەرەوەی گەلان و رووتیٚنەرەوەی زەحمەتکیٚشان و کەنەفتکەری ژنان و، **"بەرەی رۆناکی"** یش هەموو مرۆڤ

دۆستان و ئازادیخوازانی یەکسانی خوازان و دیمۆکراتی راستەقینەو دڵپاک و سەرراست و بە ویژدان و خێرخواز دەگرێتەوە.

پێویستە لایەنگیرانی بەرەی رۆناکی واتە هاوبیرانی بەرەی ئازادی و یەکسانی بە هیچ جۆرێك رێ نەدەن نا هومێدی و بێ هیوایی رێ بدۆزێتەوە بۆ دڵ و دەروونیان و باوەڕیان بە خۆیان و بەرەکەیان؛ بە هیچ گۆڕانێکی دەوروپشتیان، لە جێی خۆی نەلەقێ، و باش بزانن کە پەنابردنی بەرەی تاریکی بەدرۆ و دەلەسە هەڵبەستن و بوختان کردن و ناڕەوایی سەپاندن؛ تەنێ نیشانەی بێ هێزی و هیچ لەباردانەبوویی و ترس و لەرزی ئەم بەرە تاریکە نووتەکەیە لە بەرەی رۆناکی و لە رۆژی رۆناکی رەخشان و ئەمەش بەڵگەیەکی بنج بڕە بۆ هەوڵوتەقەلای خۆڕزگارکردنی ئەم بەرەتاریکە لەمەرگی سەخت و تاڵ (الموت الزؤام). بێجگە لەوەش مرۆڤ دەبێ لە **"دێوو درنج"** چاوەڕوانی چی بێ؟ لە پەلاماردان و مرۆڤ خواردن و خوێنڕشتن و تەلیسم لێدان و مووهەڵ کزاندن و جادوو و فێڵ و کەڵەك و پاشقول گرتن زێتر؟

جا هەرچەندە بەرەی تاریکی لەسەر ناهەق و بەرەی رۆناکی لەسەر هەقە، بەڵام سەرکەوتن و زاڵ بوونی هەق بەسەر ناهەقدا لە کاتێکی تایبەتی و جێیەکی تایبەتیدا، لەسەر راددەی تێکۆشانی بێ وچان و خەباتی بێ پسانی لایەنگیرانی هەق وەستاوە؛ تێکۆشانێك کە بیروباوەڕی ئازادیخوازانەی یەکسانانەی لە چوارچێوەی دەزگەیەکی سیاسیی پتەودا رێك خستبێ و هەمیشە لە کاردا بێ و بەرەو ئامانج بەڕێوە بێ و بە هیچ پڕوپاڵانتە و واتەواتێك پشتی ساردنەبێتەوە.

بەرەی ئازادی و یەکسانی؛ واتە بەرەی رۆناکی کە لە دەزگەیەکی سیاسیی پڕ بە پێستی شایانی خۆیدا رێك خرا و کەوتە تێکۆشان و جەماوەریش پشتی گرت؛ ئەوا دەتوانێ سەربکەوێ.

بەرەی ئازادی و یەکسانی دەبێ هەر سەربکەوێ. چۆنکە ژێرکەوتنی بەرەی ئازادی و یەکسانی مانای سەرکەوتنی بەرەی تاریکییە و ئەمەش مانای زاڵ بوون و فەرمانڕەوایی و دەست رۆیشتنی زۆرداری و نالەباری و چەوسانەوە و ژێردەستەیی و دیلی و نائازادی و نایەکسانییە و تف لەو رۆژە.

سەختگیریی کوێرانەو سەختگیریی بینایانە

"سەختگیری" کە بە زمانی عەرەبی و فارسی "تعصُب" و بە زمانە ئەوروپایی‌یەکان "فەناتیزم"ی پێ دەڵێن؛ دیارەدە (ظاهرة)یەکی کۆمەڵایەتی‌یە کە لە ژیانی ڕۆژانەدا "واتەیەکی نەرێتی" (مفهوم سلبی) دەگەیەنێ. هەر کاتێك کە باسی "سەختگیری" بکرێ؛ خەڵکی "لایەنگیری و داکۆکی‌یەکی بێ سنوورو بێ چەند و چۆن و بێ لێکۆڵینەوە و هوردکردنەوە"ی بیرێك یان ئاینێك یان کۆمەڵێکی سیاسی یان کەسایەتی (شخصیة)یەك دێتە بەرچاویان. سەختگیریی مرۆڤ لە لایەنگیری شتێکدا؛ بە زۆری، ئەوە پیشان دەدا کە ئەو کەسەی سەختگیرە، لە "کانی دڵی‌یەوە" باوەڕی بە پایە بەرزی و بێ خەوشی و بێ هاوتایی و بێ گەردیی ئەو شتە هەیەو لەبەر ئەوەیە "دڵ"ی بەتەواوی بەو شتەدا چووە و "خۆشەویستی"ی خۆی پێشکێش کردووە. "دڵ چوون" بە شتێکدا و "خۆشویستنی"ی ئەو شتە، لەوانەیە "هەڵەو ناتەواوی و خەوش"ی ئەوشتە لەبەر چاوی مرۆڤ کاڵ بکاتەوە، و هەتا دڵ پێداچوون و "خۆشەویستی" بەهێزتربن؛ لەوانەیە هوردە هوردە چاوی ئەو کەسە لە ئاستی ناتەواوی‌یەکانی ئەو شتەدا بەرەو "کوێری" بباو "هێزی بینایی"ی نەهێڵێ و بەمە سەختگیری‌یەکە بگاتە پلەی "سەختگیری‌یەکی کوێرانە" (التعصب الاعمی). ڕاستی‌یەکەی هەموو سەختگیری‌یەك بۆ بیرێك (فەلسەفی رووت بێ، یان ئاینی)، لە بنچینەدا، لەسەر ئەوە بەندەکە ئەو سەختگیرە؛ ئەو بیرە بە "پیرۆز" (مقدس) و "نەتەکێن" (مصُون) دەزانێ، واتە جۆرە خۆماڵ (خاصیة)یێکی ئێزدانی پێ ڕەوا دەبینێ؛ لەبەر ئەوەیە دڵی بڕوایی نادا هەڵمەت بریێتە سەری و پەلاماری بدرێ. هەر لەبەر ئەمەشە وشەی ئینگلیزی fanatic (مُتعصب) لە وشەی لاتینی fanaticusەوە وەرگیراوە کە ماناکەی ئەوە دەگەیەنێ "کەسێك کە لە دەسەڵاتی خوایەتی‌یەکەوە خرابێتە سەر پەلوپێ وشبر و شەیدا کرابێ"، و هەر لەمەشەوە وشەی Fanum پەیدا بووە کە بە مانای "جێیەکی پیرۆز" دێ کە کرابێ بە "شوێنی پەرستنی ئێزدان" واتە "پەرستگەی خودێ".

باوەڕکردنی مرۆڤێکی عاتیفی بە "پیرۆزی" و "بێ هاوتایی" و "بێگەردی"ی باوەڕێك بە جۆرێکی وا کە کاربکاتە سەر هەست و دەروون و گیانی ئەو مرۆڤە و لە دڵی‌دا شێتگیرانە جێی خۆی بکاتەوە؛ دەبێتە هۆی خڕداخستنی مێشکی ئەو مرۆڤە و سڕکردنی هێزی بیرکردنەوە و نەهێشتنی توانستی ڕەخنەگرتن

لەو باوەڕە و لایەنگرانی ئەوباوەرەو هێندێ جاریش وا لەو کەسە دەکات کە هۆشی خۆی بە جارێ ون بکات و سۆزی دەروونی بگاتە هەندازەی سۆزی ئەو پەپوولەیەی کە لە شەوێکی تاریکی ئەنگوستە چاودا ئەوەندە بە دەوری تیشکی چرایەکی داگیرساودا دێتو دەچێ؛ تا باڵی خۆی بەجارێ دەسووتێنێ، یان وەك ئەو دەروێشەی لێ دەکات کە حاڵ دەیگرێ و خۆی دەداتە بەر زەرگ و خەنجەر و چەقۆ و باکیشی نییە.

هەموو سەختیگرییەکی ئاوا کوێرانە؛ بنچینەکەی "**هەر دڵ پێدا چوون و شبر و شەیدا بوون**"ە و لێرەدا "**بیرکردنەوە**" و "**هوردکردنەوە**" و "**توێژینەوە**" و "**مێشك گوشین**" هیچ دەورێك ناگێڕن. جا لە شوێنێکدا کە تەنێ "**هەستی دەروون**" و "**ئارەزووی دڵ**" و "**خۆشەویستیی رووت**" فەرمانڕەوابن؛ "**مێشك**" و "**هۆش**" لەو جێیە دەتۆرێن و باردەکەن و دۆ و دۆشاو تێکەڵ یەك دەبن و تەرازووی ژیربێژانە (منطقي) دەشکێ و لە ئەنجامدا "**راستی**" ون دەبێ.

بەڵێ لە تەڤگەری "**سەختگیریی کوێرانە**" دا "**راستی**" ون دەبێ. چۆنکە پەیدابوونی ئەم "**باوەر**"ە لەلای ئەو "**سەختگیرە کوێر**"ە لە ئەنجامی بیرکردنەوە و مێشك خستنە کارو لێکۆڵینەوە و بەراوردکردنی بیرە جۆرجۆرەکان و رەخنە لێ گرتن و تاوتۆکردنیانەوە پەیدا نەبووە؛ بەڵکو تەنێ کەفوکوڵی دڵ و دەروونە؛ لەبەر ئەوە ئەو کەسە؛ ئەو بیرە بە پارچەیەکی لە جیاکردنەوە نەهاتووی گیانی خۆی (نەك بیری خۆی) دەزانێ و وەك دایکێکی دڵ پڕبەزەیی چۆن زارۆی خۆی بەجگەرگۆشەی خۆی دەزانێ و هەزار هارە بەتانێ بکات؛ رێ نادات بە کەس بە خراپ نێوی ببات، یان پەنجەی تێوەر بدات، یان رەخنە بگرێ لێی، ئەوا ئەو سەختگیرە کوێرەش باوەڕەکەی خۆی بە کوڵ و دڵ دەوێ و رێ بە هیچ رەخنەیەك نادات لێی بگیرێ، و لەبەر ئەوەش "**ماف**" دەداتە دەست خۆی کە بەربەرەکانێی هەموو ئەوبیرانە بکات کە هی ئەو نین و بە "**ناراست**"یان دەزانێ، و هێندێ جاریش ئەم بەرەبەرکانێیە وا خەست دەکاتەوە تا دەیگەیەنێتە پلەی لەنێوبردنی ئەوانەی باوەڕیان بە باوەڕەکەی ئەو نییە، بێ ئەوەی دڵی بسووتێ پێیان، چۆنکە "**دڵی وی**" جێی گرتنی هیچ جۆرە شتێکی دی تێدا نەماوەتەوە، و مێشکیشی هیچ دەورێك نابینێ. ئەم جۆرە کەسانە مەترسییەکی گەورە پێك دێنن لە دژی ئازادیی کۆمەڵگە و بە زۆری دەبنە کوتەکی دەستی زۆرداران و ملهوڕانی زۆرزان و فێڵباز.

لێرەدا دەبێ بزانین کە **"سەختگیریی کوێرانە"** بە **"سەختگیریی کوێرانە"** نادرێتە قەڵەم لەبەر ئەوەی خاوەنەکەی، یان بە وتەیەکی دی دەروێشەکەی، هەر خۆی بە **"راست"** دەزانێ و **"راستی"**یەکەی خۆی بە رووت (مجرد) دەزانێ و دوای **"راستیی رووت"** (الحقیقة المجردة) دەکەوێ.

دواکەوتنی **"راستیی رووت"**ی بابەتانە لەگەڵ **"سەختگیریی کوێرانە"**دا بۆ سەرنجێکی لایەنگرانەی نابابەتانە، جیاوازن و یەك نین. چۆنکە **"راستی"** شتێك نی‌یە کە مرۆڤ بڵێ **"بەشێوەیەکی رووتی رێژەیی"** (بصورة مجردة نسبیة) هەر نی‌یە، و هەموو کاتێك **"راستی"** هەر **"نسیبی"**یە: واتە تۆ بێیت بێژیت **"ئەوەی بەلای تۆوە راستە؛ دوور نی‌یە بەلای منەوە ناڕاستبێ؛ وئەوەی بەلای تۆ و منەوە ناڕاستە؛ دوور نی‌یە بەلای یەکێکی دیەوە راست بێ"**" و لەمە واتێ بگەیت کە **"راستیی رووت"** لە چاو (بەنیسبەت) هیچ بابەتێکدا و لە هیچ کوێیەك و لە هیچ کاتێکدا هەر نی‌یە. نەخێر. مەسەلە وانی‌یە. کە تۆ و ئەز شتێك **"بەڕاست"** بزانین؛ مەرج نی‌یە **"ئەو شتە لە خۆیدا"** (الشئ في ذاته) **"نا ڕاست"** بێ، یان ئەز و تۆ شتێك **"بە ناڕاست"** بزانین؛ مەرج نی‌یە **"ئەو شتە لە خۆیدا"** **"راست"** بێ.

"راستی" و **"ناڕاستی"**ی بیرێك یان سەرنجێك لە جێیەکی تایبەتی و لە کاتێکی تایبەتی و لە هەلومەرجێکی تایبەتی‌دا؛ بە سەرنج یان باوەڕ یان هەڵوێستی من و تۆ (تەڤ یان دژ) دیاری ناکرێ و نایەتە گۆڕان. کە کراسێکی شین پێشانی کابرایەکی رەنگ کوێر (اعمی الالوان) بدەیت؛ رەنگەکە بە شین نایەتە بەرچاوی، بەلام سەرنجی ئەو کابرایە و چۆنێتی هاتنە بەرچاوی کراسەکە، رەنگی راستەقینەی کراسەکە ناگۆڕێ. خۆ ئەگەر کابرا گوتی رەنگی کراسەکە شین نی‌یە؛ ناتوانین بڵێین **"راست ناکا"**. دەبێ بڵێین **"راست دەکا کراسەکە لای وی شین نی‌یە، بەلام "کراسەکە لە خۆیدا شینە"**.

کە چەند بیرێکیش دێنە کایەوە لە کۆمەڵگەیەکی تایبەتی و لە کاتێکی تایبەتی و لە هەلومەرجێکی تایبەتی‌دا؛ دیارە هەر بیرێکیان لەلایەن لایەنگیرانی ئەو بیرەوە **"بەڕاست"** دەبینرێ؛ بەلام لەگەڵ ئەوەشدا و لە چاو بابەتی بیرەکەدا؛ یان هیچیان راست نین، یان هەریەکێکیان راستە، چۆنکە ئەگەر دووانیان یان زێتریان یان هەریەکەیان **"لە خۆیدا راست"** بێ، ئەوا نابنە دوو بیر یان چەند بیرێکی جیاوازی راست؛ بەڵکو دەبنە یەك بیری راست. ئەمجا **"بیر"**یش هەریەك سروشت (صفة) هەڵ دەگرێ؛ سا یان "ڕاست"ە یان "نا ڕاست"ە. چۆنکە ئەگەر بیرێك **"لە خۆیدا راست"** نەبوو یان **"لە خۆیدا ناڕاست"** نەبوو؛ دیارە دەبێ

لە هەمان کاتدا ئەو بیرە راستیش بێ ناراستیش بێ و ئەمەش ژێر بێژانە (منطقي) و بەجێ (معقول) نییە. بیر وەك مرۆڤی نێرەمووك نییە؛ دوو سروشتی جیاواز و دژ بەیەك هەڵ بگرێ.

جا وەك چۆن هەڵوێستی من و تۆ لە سروشتی "**راستی و ناڕاستی**"ی "**بیرێك لە خۆیدا**" لە "**کاتێکی تایبەتی و جێیەکی تایبەتی و لە هەلومەرجێکی تایبەتی**"دا ناگۆڕێ، هەروەهاش "**راستی و ناڕاستی**" و "**هەقێتی و ناهەقێتی**" بیرێك، یان سەرنجێك، یان رێ یەك؛ بە "**زۆروکەمی**" و "**ژمارەی لایەنگران و نەیاران**"ی ئەو بیرو سەرنج و رێیە نییە. هێندێك بیرو سەرنج و رێ هەن راستیشن و کەچی لایەنگرشیان یەکجار کەمە، و هێندێك بیرو سەرنج و رێش هەن کە ناڕاستیشن و کەچی لایەنگریشیان لە ژمارە نایەت.

"**بیری راست**" بەلای هاوبیرانی قوتابخانەی کوردیی سۆسیالزمەوە ئەو بیرەیە کە "**بابەتانە**" (موضوعي) بێ؛ واتە لە بابەتەکە (الموضوع) خۆیەوە هەڵ هێنجرابێ و هەڵقولابێ کە بەمەش دەڵێن "**بیری رەسەن**". "**بیری ناڕاست**"یش؛ ئەو بیرەیە کە "**بابەتانە**" نەبێ، واتە لە بابەتەکە خۆیەوە هەڵ نەهێنجرابێ و هەڵ نەقولابێ و بە کورتی "**بێگانە بێ بە بابەتەکە**"، کە بەمەش دەڵێن "**بیری ناڕەسەن**". جا لەم رووەوە هاوبیرانی ئەم قوتابخانە کوردییە دەبێژن: لەبەر ئەوەی ئێمە بیرەکەی خۆمانمان لە واقیعی بابەتەکەوە (واتە کۆمەڵگە کە)وە دەرهێناوە و بە (عاتیفە) وەرمان نەگرتووە. دیارە ئێمە کوێرانە دوای نەکەوتووین، بۆیە ئێمە بیری خۆمان لە چاو بابەتەکەدا "**بەڕاست**" دەزانین. هەروەها بیرەکانی دیکە کە نابابەتانەبن "**بەڕاست**" نازانین. چۆنکە ئەگەر ئەو بیرانەمان بەڕاست بزانیایە، دەبووینە لایەنگری یەکێك لەو بیرانە. ئەمجا لەبەر ئەوەی ئێمە ئەم رێیەی خۆمان بەڕاست دەزانین، دیارە رێ بەخۆمان دەدەین و "**هەق**" بە خۆمان رەوا دەبینین کە بۆ بیری خۆمان "**سەختگیر**" بین. مەبەستیشمان لەم "**سەختگیرییە**"ی خۆمان ئەوەیە، کە ئێمە سوورین لەسەر ئەوەی "**هەل و ماوە**"مان بە دەستەوە بێ تا بیری خۆمان ئازادانە دەرببڕین و هاوبیرانی نوێ بدۆزینەوە بۆی و بیرەکەمان بخەینە مەیدانی کارەوەو کەسیش نەبێ رێ بگرێ لێمان. بەڵام ئەم سەختگیرییەی ئێمە "**کوێرانە**" نییە. چۆنکە وەك گوتمان ئێمە بە "**عاتیفە**" و "**هەوا و هەوەس**" و "**کەفوکوڵی دەروون**" ئەم رێیەمان نەگرتووە. ئێمە هاتووینەتە سەر ئەم راستییە لە ئەنجامی بەراورد کردن و لێکۆڵینەوە و بیرکردنەوەو شی کردنەوەی کۆمەڵگەکەمانەوە بە

مێشکێکی بابەتانەی سەر بە واقیعەکە خۆی؛ بە هەموو درێژایی و پانایی و قووڵایی‌یەکی ژیاری (حیاتی)یەوە. دیارە ئەو ئەنجامەی لە دووای بیرکردنەوەیەکی سەر بەواقیعی بابەتەکە خۆیەوە وەرگیرابێ؛ سروشتی (طبیعي)یە و راستە، بە پێچەوانەی ئەو ئەنجامەوە کە لە دووای بیرکردنەوەیەکی سەر بە واقیعی بابەتەکە خۆیەوە وەرنەگیرابێ؛ کە دیارە ناسروشتی (غیر طبیعي) و ناڕاستە. لەبەر ئەوە کە ئێمە **"سەختگیر"**ین لە مەیدانی هەوڵداندا بۆ دەسکەوتنی ماف دەربڕینی ئازادانەی ئەو بیرەو پشتگیری کردنی؛ ئەوا ئەم **"سەختگیری"**یەمان **"سەختگیری‌یەکی کوێرانە"** نی‌یە؛ بەڵکو **"سەختگیری‌یەکی بینایانە"**یە. بۆ وێنە ئەگەر هاتوو گوتت "هەموو گیان لەبەرێك پێویستی بە ئاوو هەتاوە بۆ ژیانی و لەسەر ئەم قسەیەت سۆر بوویت و سەختگیرانە هەڵت دایە لەسەری و لەبەرپەچ دانەوە و هەڕەشەو گوڕەشەی مرۆڤی نەزان و نەفام و ساویلکە نەترسایت و پاشگەز نەبوویتەوە و نەتگوت **"خەم ناکا! رەنی ئەوانەی دەڵێن ئاو و هەتاو بۆ هەموو گیان لەبەرێك پێویست نی‌یە، ئەوەش هەر راستە"**؛ ئەوا سەختگیری‌یەکەت کوێرانە نی‌یە؛ چۆنکە ئەوەی تۆ دەیلێیت "راستی"یەکە لە واقیعی سروشتەوە هاتووە و زانستانەیەو تاقی کراوەیە و لەبەر ئەوە سۆربوون لەسەری **"سەختگیری بینایانە"**یە. زانستیش هەر بریتی‌یە لە لایەنگیری‌یەکی بابەتانە.

بە کورتی باوەڕکردن بە بیرێکی بابەتانە و پشتگیری کردنی ئەو بیرە لە سنوورێکی بابەتانەدا؛ لەگەڵ **"سەختگیریی کوێرانە"** جیاوازە. چۆنکە مرۆڤ ئەگەر باوەڕی بەکارێك نەبێ. بە ئارەزووی دڵی خۆی دەست ناکا پێی. ئەو خوێندکارەی دەست دەکات بە خوێندنی ماتماتیك؛ باوەڕی بەوە هەیە کە دەتوانێ ماتماتیك بخوێنێ؛ خۆ ئەگەر بزانی سەتی سەت سەرناگرێ بۆی، دیارە دەست ناکات بە خوێندنی. ئەوانەی هەزاران جۆر دەرمانی سەیر سەیر و داهێنراوی وەك فڕۆکە و تەلەفۆن و رادوێ و ئەمانەیان دروست کردووە، و هەزاران کەس گاڵتەیان کردووە پێیان؛ کەچی هەر لەسەر کاری خۆیان بەردەوام بوون؛ هۆی ئەوە بووە کە باوەڕیان بەراستیی رێی خۆیان و ناڕاستیی رێی ئەوانی دی بووە. ئەگەنا هەر زوو پشتیان ساردەبووەوە وازیان دەهێنا. کەواتە باوەڕکردنی بابەتانەو زانستانەو ژیرانە لەگەڵ باوەڕکردنی ناڕانستانە و نابابەتانەو ناژیرانە جیاوازە. لەبەر ئەوە ئەوانەی دەڵێن هەموو باوەڕێك هەر **"رێژەیی"**یەو دەکەونە سەفسەتەکاری و؛ لەسەر هەق نین. ئەو کەسەی کە رۆژێ

لە رۆژان پێی وابووە دەتوانێ پارچە ئاسنێك ببات بە ئاسماندا و بیكا بە فڕۆكە؛ دەركەوت كە بیری ئەو راست بوو؛ نەك بیری هەزاران كە باوەڕیان وابووە ئاسن نابڕێ بە ئاسماندا. لەمەدا وادەردەكەوێ كە هیچ كارێك بەبێ بوونی باوەڕكردن بەو كارە و ئەنجامی ئەو كارە و پشتگیریی ئەو كارە ناچێتە سەر. ئەگەر ویستت لە كارێكدا سەربكەوی دەبێ لە بنچینەوە باوەڕێكی بابەتانەت بەو كارە هەبێ. كە ئێمە بەو باوەڕە بابەتانەیە دەڵێین "**سەختگیریی بینایانە**" (التعصب الواعی).

لەبەر ئەوە كە ئێمە دەڵێین "**كۆمەڵگەی ئادەمزاد دەبێ ئازادو یەكسان بێ**" و سەختگیرانە لەسەر ئەو رەئییە سوورین و لێی پاشگەز نابینەوە، ئەوا ئەم سەختگیرییەمان كوێرانە نییە؛ بەڵكو بینایانەیە. چۆنكە ئەگەر "**بیرێكی دیكە**"ش هەر بەڕاست بزانین و ئەم "**بیرەی خۆمان**" شلو شۆڵ بگرین؛ مانای وایە "**نا ئازادی و نایەكسانیی كۆمەڵگە**"ش هەر بەڕاست دەزانین، و ئەمەش دیارە دژی "**سروشتی مرۆڤایەتی**" و "**مافی مرۆڤایەتی**"یە. لەبەر ئەوە ئێمە جارێكی دیش دووپاتی دەكەینەوە بەم سەختگیرییەی خۆمان دەڵێین "**سەختیگریی بینایانە**".

ئەمەی لە سەرەوە باسكرا ئەوە دەگەیەنێ كە ئێمە "**راستی و ناڕاستی**"ی "**بیرێك لە خۆی دا**" بە دۆخێك (وضعیة) دەزانین كە پێوەندیی بە دیوی نێوەوەی بابەتی سەرچاوەی ئەو بیرەوە هەبێ؛ نەك بەدیوی دەرەوەی. جا چۆن هەر شتێك كە بریسكەی لێوە هات زێڕ نییە، هەموو بیرێكیش كە وشەدار دەركەوت و قەڵەباڵغی لەدەوروپشت كۆبووە؛ راست نییە. هەر بیرێكیش كە جوان و دووركوژ دیار نەبوو، یان خەڵكێكی زۆر لە دەوری كۆ نەبوو؛ مانای وانییە كە ناڕاستە. "**بیری راست**" واتە "**بیری رەسەن**"، وەك زێڕی تیزاب و ایە؛ فڕێش بدرێتە قوڕەوە و دەرەكەشی ژەنگی هەڵ هێنابێ، لە زێڕێتیی خۆی هەر ناكەوێ. "**بیری ناڕاستیش**"؛ واتە "**بیری نا ڕەسەن**"، وەك مسێكی ژەنگ گرتووی زاخاو دراو وایە، هەر توێكێكی لێ لاچوو، رەشی دەردەكەوێ. لەبەر ئەوەی ئێمە پێمان وایە كە "**بیری نا ڕاست**" ناتوانێ هەتا سەر لە مەیدانی پێشبڕكەو بۆڕ بۆڕێندا سەر بكەوێ و بەرگەی "**بیری راست**" ناگرێ. واتە ئێمە لەو باوەڕەداین كە "**بیری راست**" هەر سەردەكەوێ، شتێكە سەركەوتنەكەی درەنگ و زوویی كەوتووە، بەمەرجێ رێی بدرێ ئازادانە بچێتە مەیدانی دەنگ دەربڕین و خستنە كارەوە.

جا هەر لەبەر ئەوەشە کە ئێمە لە هیچ "**بیرێکی ناڕاست**" سڵ ناکەینەوە و ناترسین و ڕێزی هەموو بیرێك دەگرین و لە ڕەخنە لێ گرتن و شی کردنەوە بەو لاوە؛ بە هیچ جۆرێك پەلاماری خۆی و لایەنگیرانی نادەین چۆنکە دەزانین ئەو بیرە ناڕاستە ناڕەسەنە، ڕۆژێ لە ڕۆژان جێی خۆی لە کۆمەڵگەدا بۆ بیروباوەڕی ڕاست و ڕەسەنی ئێمە چۆڵ دەکات. هەر لەمەشەوەیە کە ئێمە باوەڕمان بە بەکارهێنانی "زۆر" نی‌یە دژی ئەو بیروباوەڕانەی کە وەك بیروباوەڕی ئێمە نین و بەم پێ‌یە ئێمە هەمیشە لەبەرەی ئاشتیخوازانی ڕاستەقینەداین.

جا بۆ ئەوەی "**سەختگیریی کوێرانە**" دەسەڵاتی ئەوەی نەمێنێ هەتا سەر کۆمەڵگەی ئادەمزاد دیل و ژێردەستە بکات، بوون و پاراستنی "**سەختگیریی بینایانە**" زۆر پێویستە، ئەمجا بۆ ئەوەی "**سەختگیریی بینایانە**" بەسەر "**سەختگیریی کوێرانە**"دا سەرکەوێ؛ "**ئازادیی دەربڕینی بیروباوەڕ**" و "**بوونی کات**" زۆر پێویستن، تا "**بیری ڕاستی ڕەسەن**" بتوانێ جێ بە "**بیری ناڕاستی ناڕەسەن**" لێژ بکات. هەر لەبەر ئەوەشە هەڵگرانی بیری ناڕاست ڕێ لە دەربڕینی ئازادانەی دەنگی بیرو باوەڕی ڕەسەنی ڕاست دەترسن، و ڕێ لە ئازادانە هاتنە مەیدانی هەڵگرانی بیری ڕەسەنی ڕاست دەگرن و گەلێك جار لە ڕێی بەکارهێنانی زۆر و دەست وەشاندن و خوێن ڕشتن و دژ بیر لە نێوبردنەوە؛ بیری ڕاستی ڕەسەن تاماوە یەك دەمکوت دەکەن و ئەم کردەوەیەشیان، لە بنەڕەتدا؛ لە ترسەوە دێ، و بۆیەش وادەکەن تاکو بیری ڕاست لە نێو کۆمەڵگەدا ماوەی جووڵانەوەو کارکردنی نەبێ و بەجەماوەرەوە پێوەندیی نەمێنێ و نە پەرژێتە سەر ئەوەی گەرابخات و هەر زوو لە نێو ببرێ و تەفرو توونا بکرێ. بۆ ئەمەش بیری ڕاست پێویستی بەوەیە هەلو مەرج و بارودۆخێك دروست بکات کە بتوانێ لە ژێر باڵی ئاسایشدا بە ئازادی بکەوێتە کار، بە جۆرێ ئەوانەی سەر بە بەرەی سەختگیریی کوێرانەن؛ پێ‌یان نەکرێ دەست درێژی بکەن و دەست بوەشێنن. هەرچی لایەنگرانی بەرەی سەختگیریی کوێرانەشن؛ ئەوا بۆ سەپاندنی بیری ناڕاستی ناڕەسەنی خۆیان بەسەر کۆمەڵگەدا؛ دەیانەوێ "**ئازادی**" بە تەنیا بخەنە دەست خۆیان و ڕێی ئازادی لە کۆمەڵگە (مجتمع) بگرن و لە ڕێی بەکارهێنانی زۆر و ترساندن و لێدان و کوشتن و بڕینەوە خۆیان بە زۆری زۆردارەکی بەسەر گەلدا بسەپێنن. هەر لەبەر ئەوەشە ئەمانە هەموو کاتێك لەبەرەی شەڕخوازان و دەست وەشێنەران و فاشیست و دیکتاتۆر و ملهوڕان و درۆزناندا دەبینرێن. جا وەك گوتمان؛ ئەم

دەست وەشاندن و خەڵك تۆقاندنەشیان هەر لە ترسەوە دێ. واتە لە ترسی بەرەنگاربوونیان لەگەڵ بیروباوەڕی راستی رەسەن و کۆتایی هاتنیان بەنابووتی، لەبەر ئەوە، ژیانی خۆیان لە نەمانی خەڵکی دیدا دەبینن، بۆیە لە لەنێوبردنی هەموو رەخنەگرێك و بەرهەڵستکەرێك ناسڵەمێنەوە و ناپرنگێنەوە..

هەروەها هاوبیرانی ئەم قوتابخانە کوردی‌یە دیسانەوە دەبێژن: (ئەمڕۆ دوو لەشکرگە بەرامبەر یەك وەستاون؛ یەکەمیان: لەشکرگەی سەختگیریی کوێرانەیە کە چەکی دەستی بریتی‌یە لە هەڕەشە و گوڕەشە و درۆ و دەلەسە و دەستبڕینی ساویلکە و خوێنڕشتنی بێگوناهان و خۆبەستن بە ملهوڕو داگیرکەران و دوژمنانی گەلانی ژێردەستەوە و؛ بەم جۆرە دەیەوێ جێی خۆی لە کۆمەڵگەدا بکاتەوە و هەموو تروسکەیەکی ئازادیی بیروباوەڕ و سەرنج دەرخستن و رادەربڕین بکوژێنێتەوە، و خۆی بکاتە میری سەربڕ و کەڵەگای کۆمەڵگە و دووەمیشیان: لەشکرگەی سەختگیریی بینایانەیە؛ کە دەیەوێ لە رێی دابین کردن (اقناع) و پێ سەلماندن و وتووێژ و رەخنەگرتن و لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوە و نموونە پێشاندانەوە بە ئاشتی‌یانە بەڵام پێ داگرانەو کۆڵ نەدەرانە کاری خۆی بکا و جێ بە سەختگیریی کوێرانە لێژبکات و شوێنی خۆی لە کۆمەڵگەدا بکاتەوە).

ئەمجا ئێستە ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ: ئایا ئەوانەی دەڵێن **"ئێمە بابەتانە و زانستانە بیردەکەینە"** و **"داوای ئازادی دەکەین بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی"**، دەبێ جێی خۆیان لە کام لەشکرگەدا بدۆزنەوە؟

با خۆیان وەرامی ئەم پرسیارە بدەنەوە.

بێ لایەنی لە نێوان لانەگرتنی بابەتانە و بێ هەڵوێستیی هەلپەرستانەدا -زانست هەڵوێستە

لە ژیانی ڕۆژانەدا، زۆر کەس دەبینین کە خۆیان "بێ لایـەن" دەدەنە قەڵـەم؛ بێلایـەن بەرامبـەر هـەموو، یـان هێندێـك لـە ڕووداوەکـانی جیـهان، هـەر لـە ڕووداوێکی گچکەوە بیگرە هەتا دەگاتە کارەساتێکی یەکجار مەزن. ئەمانە لە بارەی ئەو ڕووداوانەوە، یان هێندێك لەو ڕووداوانـەوە، هیچ ڕایەك دەرنـابڕن، و پاکانە کردنیشیان بۆ خۆیان ئەوەیە، گوایە نایانەوێ **"حیزبایـەتی"** بکەن، یان ببنە پێبەندی هیچ جۆرە **"کۆمەڵەیەکی تایبەتی"**، یان **"ڕێبازێکی سیاسیی دیـاری کـراو"**، و بەمەش دەیانـەوێ بـاری سەرشـانی خۆیـان سـووك بکـەن و خۆیـان لووسوباریك لە بواری بەرپرسیاری بپەڕێننەوە. زۆریش لەمانە پێیان وایە **"بێ لایەن وەستان"** بەرامبەر بە دووبیری لە یەك نەچوو، یان دووکرداری جیاواز، یان دوو سیستەمی پێچەوانە بە یەك، مانای **"زانستانە وەسـتان"**ە بەرامبـەر بەو دوو بـیرو کـردار و سیسـتەمە. چۆنکـە لایـەنگیری بەلایـەنی وانـەوە، لـە هـەموو دۆخێکدا، هـەر **"حیزبایـەتی"**و **"بـەرچاو تـەنگی"** دەگەیـەنێ، و ئەمـەش بـە هەڵوێستێکی **"نازانستانە"** دەزانن..

لێرەدا دەبێ جارێ دووشتی بنچینەیی لەیەك جیابکەینەوە؛ واتە: **"سەرەتای دەست پێ کردن بە لانەگرتنی بابەتانە"** لەگەڵ **"مانەوەی تاسەر بەبێ لایـەنیی بـێ هەڵوێستانە"** نەکەین بەیەك شت. بێگومان، ئەو کەسەی دێ و سەرنج دەدات لە دوو بیری جیاوازی دەربڕاو بەرامبـەر بە ڕووداوێك، لـە شـوێنێکی تایبـەتی و کاتێکی تایبەتیدا، ئەوا، ئەگەر ویستی سەرنجەکەی بابەتانە بێ، دەبـێ بەر لـە هـەموو شـتێك؛ هـەر لـە پێشـەوە و لەبـەر بـوورە؛ خـۆی نـەکات بـە خـاوەنی یەکێکیان، بەڵکو لـە هەر دوو بیرەکە بە یـەك چـاوبنواڕێ و بەیـەك **"سـەنگ و تـەرازوو"** هـەردووکیان بکێشـێ، کە ئـەو سەنگ و تـەرازووەش دەبـێ سـەنگ و تەرازوویەکی **"ئازادی مرۆڤ دۆسـتانە"** بـێ، واتە تەرازوویـەك بێ؛ کە **"ئـازادیی مـرۆڤ"**ی کردبێتـە **"پێوانـە"**ی خـۆی، و لـە پێشـەوە بـەلای هیـچ کامێکیـاندا دانەتاشێ، هەتا هەردووکیان بە تەواوی شی دەکاتەوە، و بێ لایەنگری، لەگـەڵ یەك بەراوردیان دەکات، بەپێی ئەو شوێن و کاتە تایبەتیيە. بەڵام ئەو کەسەی

ئەم کارە دەکات، وەك گوتمان، دەبێ "**سەنگ و تەرازوو**"یەکی هەبێ، ئەوجا بکەوێتە کار، چۆنکە بەبێ "**سەنگ و تەرازوو**" هیچ شتێك ناپێورێ. ئەمجا ئەو کەسەی ئەم کارە دەکات، بۆیەکی دەکات کە بگاتە ئەنجامێك، خۆ ئەگەر مەبەست گەیشتنە ئەنجامێك نەبێ، ئەوا هەموو زەحمەتکێشان و خۆخەریك کردنێك بێ سووت و کات بە فیڕۆدانە. بەڵام هەر کە ئەنجامەکە بەو شێوازەی سەرەوە کەوتە دەست، مانای وایە قورسی و سووکی و خۆماڵە تایبەتی‌یەکانی دیکەی هەردوولا؛ دەرکەوتووە، و ئەمەش لێکۆڵەرەوە ناچار دەکات کە رایەك دەربڕی بەرامبەریان. خۆ ئەگەر هیچ رایەك دەرنەبڕێ، ئەوا دیارە لەبەر پرسیاری رادەکات. هەموو راکردوویەکیش لەبەر پرسیاری، هەڵپەرستە و ترسنۆك. لەبەر ئەوە مرۆڤی بەرپرسیار دەبێ خاوەن بیرورابێ، ئەوجا ئەو بیرورایە بە سووتی چ لایەك دەبێ، ئەوە مەسەلەیەکی دی‌یە و گرنگ نی‌یە. گرنگ ئەوەیە رایەکە بابەتانە بووە. جا ئەو کەسەی کە ئەم را بابەتانەیە دەردەبڕێ، ئەوا بەو کردەوەیەی خۆی، بیەوێ و نەیەوێ، لایەنێك دەگرێ. مەرجیش نی‌یە ئەو لایەن گرتنەی بە سووتی هیچ بەرەیەك لەو بەرانە بێ کە لە مەیدان دان. سروشتی مرۆڤی زانستکار (عالم) ئەوەیە، ئەو لایەنەی کە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی بابەتانەدا، لە شوێن و کاتێکی تایبەتی‌دا، راست دەرکەوتووە؛ دەست بەجێ بیکاتە لایەنی خۆی و دەست بدات بە مێزدا بۆی. جا کە ئەوەشی کرد، ئەوا ئەو کەسە، خۆشی بێ و ترشی بێ، لایەنگرە، چۆنکە "**هەموو هەڵوێستێك لایەنگری‌یە**" جا لەبەر ئەوەی زانست بریتی‌یە لە هەڵوێستێکی بابەتانە، دیارە هەموو مرۆڤێکی بێ هەڵوێست، نازانستانە دەکەوێتە کردار. هەموو بێ هەڵوێستی‌یەکیش ئەنجامی "**بێلایەنی**"یە. کەواتە "**مرۆڤی بێلایەن**"؛ بەشێوەیەکی نازانستانە بیردەکاتەوەو نازانستانەش دەکەوێتە کار.

زاناو بیرکەرەوەکانی بەرەی سەر بە جیهانی سەرمایەداریی ئەهلی "**گەورە بۆرژوا و هوردە بۆرژوا**"، واتە گوایە "**جیهانی ئازاد**"، لاف ئەوە لێ دەدەن کە "**زانست بێلایەن**"ە، و "**زانست دەبێ بێلایەن**" بێ. هەروەها دەبێژن؛ لاگرتن، لەسەرەتاوە، دژی مێتۆدی زانستانەی بابەتانەیە. ئەم قسەیە تا ئێرە هێندێك راستیی تێدایە، بەتایبەتی ئەوەی کە دەبێژێ "**لاگرتن، لەسەرەتاوە، دژی مێتودی زانستانەی بابەتانەیە**". بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە "**لانەگرتن لەسەرەتاوە**" مانای "**بێ سەنگ و تەرازوویی**" نی‌یە، و "**لاگرتنیش لەسەرەتاوە**" نابێ بکرێتە

سەرپۆشێك بۆ شاردنەوەی لاگیریی خۆ بە هەڵبژاردنی سەنگ و تەرازوویەك بە نێو "**ئازاد**"؛ بەڵام بە کردەوە دژی مافی ئازادیی مرۆڤ و دژی مافی یەکسانیی مرۆڤ، بە بیانووی "**میتـۆدی زانسـتانە**"ەوە. چۆنکە زانست خۆی بەشێکە لە بیرکردنـەوەی ئادەمزاد و بەرهـەمی بیرکردنـەوەی ئـادەمزادە، و دەبـێ هـەر لـە خزمـەتی ئـازادیی ئـادەمزاد دابـێ، و لێکۆڵینـەوەی زانسـتانەش دەبـێ بـە تەرازوویـەکی ئازاد بێ و تـەرازووی ئازادیش ئەوەیە کە دژی ئـازادی نـەبێ و هـەموو قورسـی و سووکی‌یەکیش هەر بە پێوانەی ئازادیی مرۆڤ بکێشـێ، و ئەوەش ئەنجامەکەی لە کۆتایی‌دا بە هەڵوێستێك تەواو دەبێ؛ کە مەسەلەی بێ لایـەنیی زانسـت، بـەمانای نـەبوونی پێوانـە لەسـەرەتاوە، بـە تـەواوی بـە درۆدەخاتەوە.

ئەمـەوا، و هـەرچی مارکسیستەکانیشن، ئەوا بە پێڕەوی کردنـی سـەرنجی "**مەتریالیزمی دیالەکتیکی**"ی خۆیان، کە دێنە سەر باسی زانست، پێیان وایە کـە زانسـت بـە شـێوەیەکی بێ‌لایـەن نـەبووەو نی‌یـە، بـەڵکو زانسـت هـەر لەسـەرەتاوەو بە هەموو جۆرە لکەکانی‌یەوە لایـەنگرە و بریتی‌یـە لەلایـەنگری. ئەمەشیان تائێرە راستە، بەڵام ئەوە هەیە ئەوان مەبەستیان لەلایەنگری، هەر لایـەنگریی چینایەتی‌یەو بەس، واتـە بـەلای وانـەوە، زانسـتی سـەر بـە چینی دەرەبەگ هەیە، و زانستی سەر بە چینی بۆرژوا هەیە، و زانستی سەر بە چینی پرۆلیتاریا هەیەو..هتد. زانستێك کە هەر "**مـرۆڤ دۆسـتانە**" بێ و سەر بە هیچ چینێکی تایبەتی نەبێ، ئەوە هەر نی‌یە. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا دەبێژن "**راستیی تەواو**" وا بەلای "**چیـنی پرۆلیتاریـا**"وە، چۆنکە تـەنێ چینی پرۆلیتاریایە کە بەرژەوەندیی لە "**بێ چین کردنی کۆمەڵگـە**"دا هەیـە. جا ئەگەر ئێمـە لێرەدا مافی ئەوەیان نەدەینێ کە ئەوان زانست لە بنەڕەتەوە بەشتێکی چینایـەتی بزانن، و لەباری سەرنجی چینێکەوە دەست پـێ بکەن، و هەر لەسەرەتاوە بە سەنگ و تـەرازووی ئەو چینە بکەونە پێوان، ئەوا دەبێ مافی ئـەوەیان پـێ بدەیـن، کـە لـەوەدا راست دەکەن، کاتێك "**زانسـت بـە هەڵویسـتێك**" دەزانـن، ئەگـەرچی لـە میتۆدی لێکۆڵینەوەیاندا بۆ گەیشتنە ئەو هەڵوێستە، بە "**شێوەیەکی نابابەتانە**" دەکەونە کار. چۆنکە زانست راستە هەڵوێستە، بەڵام هەڵوێستێکی بابەتانەیە. بۆ گەیشتنە ئـەو هەڵوێسـتە بابەتانەیـەش دەبـێ لێکۆڵـەرەوە لەسـەرەتاوە بـە سەنگ و تەرازووی لەوە پێش دروستکراوی هیچ چین و دەستە و کۆمەڵەیەك نەکەوێتە کێشانی بابەتەکە، بەڵکو بە سەنگ و تەرازوویەکی ئازاد بکەوێتە کار،

تا دەگاتە ئەنجام. سەنگ و تەرازوویەکیش کاتێك ئازاد دەبێ؛ کە یەکسانیی چینایەتیی ئابووری و رۆشنبیریی کردبێتە پێوانەی خۆی و هەر لەوەشەوە دەست پێ بکات. ئەمە لە کاتێکدا کە مارکسیستەکان باوەڕیان بەم سەنگ و تەرازووە ئازادە نییە، و لە سەنگ و تەرازوویەکی لەوە پێش ئامادەکراوی بەپێی لێکدانەوەی خۆیان- سەر بە **"چینی پرۆلیتاریا"** واتە: سەر بە چینێکی تایبەتییەوە، دێنە پێشەوە، کە ئەوەش **"نا بابەتیی مێتۆدەکەیان"** دیاری دەکات. چۆنکە مارکسیستەکان ئەوە لە بیر خۆیان دەبنەوە کە **"چینی پرۆلیتاریا"**، هەر ئەوەندە **"چینی پرۆلیتاریا"**یە؛ تا پێ خوستی سەرمایەو چەوساوەی دەستی سەرمایەدارە. بەڵام کاتێك کە **"چینی پرۆلیتاریا"** شۆڕشی کرد و دەزگەی فەرمانڕەواییی چینی سەرمایەداری شکاند و خۆی دەسەڵاتی گرتە دەست، ئەو دەمە لە **"چینی پرۆلیتاراییی ژێردەستە و بەشخوراو دەردەچی"**، و دەبێتە **"فەرمانڕەوا"** و **"نان بەدەست"** و خاوەن دەزگەی **"دەسەلات"** و تەنانەت **"دیکتاتۆر"** وەك مارکسیستەکان خۆیان دەبێژن – ئەوجا زۆر زەحمەت دێتە بەرچاو، کە ئەوانەی بە نێوی ئەم چینەوە قسە دەکەن و هاتوونەتە سەرکار، بە ئارەزووی خۆیان، واز لە **"دەسەڵات"** و **"فەرمانڕەوایی"**ی خۆیان بهێنن و کۆمەڵگە بکەن بە **"کۆمەڵگەیەکی بێ چین"**، واتە: ئەو دەسەڵاتەی هەیانە بەشی بکەن لە نێو هەمووانداǃ

بەڵام ئەوانەی سەر بە **"بیرو قوتابخانەی ئازادی و یەکسانین"**، ئەوا ئەمانە جاری ناتوانن **"بێ هەڵوێست"** بوەستن بەرامبەر هیچ رووداوێك، بەنێوی **"بێلایەنییەوە"**، چۆنکە ئەوانەی سەر بە **"بەرەی ئازادی و یەکسانیی مرۆڤ"**ن، لەو باوەڕەدان کە مەسەلەی مرۆڤایەتی؛ یەکەیەکی لە پسان نەهاتووی کەرت کەرت نەکراوە، و دەشزانن کە **"بێ لایەنی"**، چ لەسەرەتاو چ لە بنەتادا، درۆیەکی زەقەو هیچی دی، لەبەر ئەوە **"بێ هەڵوێستی"** بە **"هەلپەرستی"** دەزانن، و بۆ گەیشتنە هەڵوێستی خۆشیان لە **"سەنگ و تەرازووی ئازادیی مرۆڤ و یەکسانیی مرۆڤ"**ەوە دێنە دەرەوە. ئەم سەنگ و تەرازووەش، لە بنەڕەتەوە، سەنگ و تەرازوویەکی حیزبایەتی یان چینایەتی یان دەستایەتی یان بنەماڵەیەتی یان هۆزایەتی نییە، یا رێکخراوێك، یا چەند رێکخراوێکی تایبەتیش هەبن؛ کە ئەم سەنگ و تەرازووەیان کردبێ بە دەستاوێژی مێتۆدی لێکۆڵینەوەی خۆیان، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوە لە بنەمای مەسەلەکە ناگۆڕێ. مەسەلەی ئازادیی مرۆڤ و یەکسانیی مرۆڤ، نە شتێکی چینایەتییەو نە دەستەیەتی و نە بنەماڵەیەتی و

نــه هۆزایــەتی، و نــه حیزبایەتیشــه بــه مانــای تــەنگی خۆبــەخۆیی. بــەڵکو "**حیزبایــەتی**"یەکە بەمانای "**لایــەنگری یــەکی بابەتانــه**" و بە پێــی ســەنگ و تەرازوویەکی "**مرۆڤ دۆســتانه**" و سـەرنجێکی "**ئـازادانــەی یەکسـانانه**" و هیچی دی.

ئەمجا با وێنەیەك لەسەر ئەم بهێنینەوە:

ئەمە چەند سـاڵێکە، وڵاتێکـی بـە ژمـارەی دانیشـتووان گچکـەی، لـەبارەی پیشەسـازیيەوە دوواکــەوتووی، وەك ئەفغانســتان، لەلایــەن زلهــێزێکی بەدەسەڵاتی وەك "**یەکێتیی سۆڤێت**"ەوە بە لەشکرەوە پەلاماردراوە، و بەشێکی خەڵکەکەی ئەفغانستان بە چەکەوە راست بووەتـەوە دژی ئـەم زلهێزە و بووەتە شەڕو بەیەکادان و لەمەشەوە دوو هەڵوێستی سەرەکی دژ بە یەك لـە جیهاندا دروست بوون:

(١)-هەڵوێسـتێك کـە هەڵوێسـتی یـەکێتیی سـۆڤێت و بـەرەی رۆژهــەڵات و کۆمۆنیسـتەکانی سـەر بـە هێڵـی مۆسـکۆیە. ئەمانـە دەبێــژن: حکوومــەتی ئەفغانسـتان خـۆی داوای لـە لەشـکری سـۆڤێتی کـردووە، بـۆ ئـەوەی بـەپێی پەیمانێکی "**هاوڕێیەتی و یارمەتی**" کە لە نێوان ئەفغانستان و سۆڤێتدا هەیە، یارمـەتیی ئەفغانسـتان بدات و لەشـکری سـۆڤێت بـە رەزامـەندیی حکوومـەتی ئەفغانسـتان ئەمـەی کـردووە و لەبـەر خـاتری گـەلی ئەفغانسـتان، کـە لەلایـەن "**کۆنە پەرستان**" و "**نۆکەرانی ئیمپریالیزم**"ەوە هەڕەشە دەکریّ لێی.

(٢)-هەڵوێســـتێکی دی کــــە هەڵوێســــتی فــــەرمانڕەوایانی وڵاتـــــە سـەرمایەدارەکانی سـەر بـە بـەرەی رۆژاوایـە. ئەمانـە دەبێـژن: سـۆڤێت وڵاتـی ئەفغانسـتانی بە زۆر داگیرکردووە و هـێزێکی دەسـت درێژکـەرە و دەبیّ بچێتـە دەرەوە و گەلی ئەفغانستان دژی داگیرکەرانی وڵاتەکەیەتی.

جا ئەگەر سەرنجی هەڵوێستی یەکەم بدەین، دەبینین ئەفغانستان ئەندامی "**کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان**"ە و حکوومەتی کامیل بەبرەك بە رەسمی لەلایەن تەواوی دەوڵەتـەکانی جیهانـەوە ناسـراوە. ئەفغانستان دەمێکە لەگـەڵ سـۆڤێت پەیمانی "**هاوڕێیــەتی و یارمــەتی**" بەسـتووە، و ئـەوەش راسـتە کـە حکوومـەتی بەبرەك داوای لـە سـۆڤێت کـردووە لەشـکر بکێشـێتە ئەفغانسـتان. خـۆ ئەگـەر سەرنجی هەڵوێسـتی دووەم بدەیـن، دەبینیـن حکوومــەتی بـەبرەك حکوومـەتێك نیيە کە لەلایەن گەلی ئەفغانەوە هەڵ بژێررابیّ. بەڵکو لەڕێی کودەتاوە هاتووەتە سەرکارو، ئەو "**رەوایەتیيــە قــانوونی**"یـەی نیيـە کـە بـە نێـوی "**گــەل**"ەوە داوا

بكات رژێمەکەی بپارێزرێ. لەبەر ئەوە سۆڤێت مافی ئەوەی نی یە، بچێ بەقسەی رژێمێکی ناشەرعی دیکتاتۆر، سوپا بنێرێتە سەر ئەفغانستان، و لەبەر ئەوە سۆڤێت داگیرکەرە، و ئەم قسەیەش هەر راستە.

کەواتە، هەردوولا، هەر یەکەیان بەپێی سەنگ و تەرازووی خۆی، هەقی هەیە و قسەکەشی راستە و بەڵگەکەی بەجێیە.

ئەمجا با ئێمە لێرەدا واز لەوە بهێنین کە بەرەی رۆژاوا، ئەمرۆ حکوومەتی کامل بەبرەك بەشەرعی نازانێ، سەبارەت بەوە نی یە کە بەبرەك لەرێی کودەتاوە هاتووەتە سەرکارو بەهۆی هەڵبژاردنەوە نەبووەتە فەرمانڕەوا. راستی یەکەی ئەم هەڵوێستەی بەرەی رۆژاوا بە پێی سەنگ و تەرازووی بەرژەوەندیی خۆیەتی، نەك بەپێی تەرازوویەکی **"بێ لایەنانە"** چۆنکە ئەوەتە هەر ئەو بەرەی رۆژئاوایەیە؛ دۆست و هاوپەیمانی گەلێك لەو دیکتاتۆرە خوێنڕێژانەیە کە بە کودەتا هاتوونەتە سەرکار و گەل هەڵی نەبژاردوون، وەك ئێڤرەنی ترکیا و سەددامی عێراق و پینۆشێی و کێ و کێ. هەروەها با لەوەش بگەڕێین کە هاتنی لەشکری سۆڤێت بۆ ئەفغانستان بە **"داگیرکردنی ئەفغانستان"** دادەنێ، کەچی ئەوەتا لەشکری ترکیا دەکشێ بەسەر خوارووی کوردستان (کوردستانی عێراق)دا و بەرەی رۆژاوا نقەی لێوە نایەت، کە قسەش بکەیت دەبێژن **"حکوومەتی عێراق خۆی داوای یارمەتی لە ترکیا کردووە"**، و لەم رووەوە باسی ئەو پەیمانە دەکەن کە لە ساڵی ١٩٧٨دا لە نێوان عێراق و ترکیادا بەستراوە. بە کورتی؛ دەچن هەر ئەو بەڵگەیە بەکار دەهێنن کە لایەنگرەکانی سیاسەتی مۆسکۆ بۆ پاساوی پەلاماری سۆڤێت بۆ سەر ئەفغانستان، بەکاری دەهێنن، بەڵام بۆ پشتگریی هاوپەیمانەکانی خۆیان، نەك بۆ پشتگریی سۆڤێت کە هاوپەیمانیان نی یە. لەگەڵ ئەوەشدا، باس کردنی ئەم شتانە بۆ ئێمە زۆر گرنگ نین، و ئەم لایەنگری یەی هەردوولا، هەریەکە بە پێی بەرژەوەندیی خۆی، لە هەموو جیهاندا دەرکەوتووە، و ئێمە پێویستمان بە بەڵگەی پتر نی یە بۆ ئەمە. بەڵام ئەوەی بەلامانەوە گرنگە ئەمەی خوارەوەیە:

ئایە، ئەگەر هاتوو دیکتاتۆرێك یان ملهوڕێك بەرەئی زۆربەی زۆری گەلێك، یان تەواوی ئەو گەلە هەڵبژێردرا، ئایە ئەو دەمە **"رەوایەتی"** (الشرعية) دەدرێ بە فەرمانڕەوایی ئەو دیکتاتۆرە یان ئەو ملهوڕە؟

یـان، ئەگـەر گـەلێك بـە ئـارەزووی خـۆی رژێمێکـی تۆتـالیتێری بـۆ خـۆی هەڵبژارد، ئایە دەبێ ڕێزی ئەو بڕیارەی بگیرێ، و بگوترێ هەموو گەلێك مافی سەرەوریێتی (سیادة)ی هەیە؟

ئێمە ئەم پرسیارە دەکەین و بەلامانەوە گرنگە، چۆنکە دەزانین زۆرجـاری وابووە؛ کە دیکتـاتۆرێك توانیویێتی دڵـی زۆربەی هەرە زۆری گەلێك بـۆ خـۆی رابکێشـێ و وایان لێ بکات بە ئارەزووی دڵـی خۆیـان پشتی بگرن. زۆر جـاری واش بووە کە رژێمێکی تۆتـالیتێر هێنـدە کاری کردووەتـە سـەر زۆربـەی هـەرە زۆری گەلێك یان کۆمەڵگەیەك؛ تا وای کردووە لێیان؛ کە باوەڕیان پـێ هێنـاوە و دەنگیان داوە بۆی.

بەڵێ بەپێی رژێمی دیمۆکراتیی بۆرژوازی، مرۆڤ ناچارە "**ڕێـزی گـەل**" و "**ڕێزی زۆریێتی**" بگریت، با ئەو "**زۆریـێتی**"یە زۆربەشـی "**بـۆ ریـێتی**" بـێ. چۆنکە "**سەنگ**" لێرەدا هەر ژمارەی (زۆری و کەمی) دەخوێنێتەوە، بەڵام بە پێی سەنگ و تەرازووی بیری ئازادی و یەکسانی، هەموو بڕیارێك دەبێ لە ئازادی دا بدرێ و بۆ ئازادی بدرێ، و هەر بڕیارێکیش لە دژی ئـازادی بـوو، ئـەوا دیـارە ئـەو بڕیارە لە ئازادیدا نەدراوە. چۆنکە ئازادی هاومانای ژیرییە (عقل) و ژیرییش ناتوانێ دژی خۆی بێ. کەواتە ئەوانەی لە دژی ئازادیی خـەڵکێکی دی بڕیـار دەدەن، "لـەژێری"یـەوە ئـەو کـارە ناکـەن. واتـە بڕیارەکـەیان لـە ئازادییـەوە نەهاتووەتـە دەرێ، بۆیـە بـۆ ئـازادی نـەدراوە. لەبـەر ئـەوە ڕێزنـانرێ لێـی، و مەسەلەی ڕێزنان لە ئازادی بە "**زۆری و کەمی**" نییە، چۆنکە مەسەلەی "**ژیـری**" بە "**زۆرو کەمی**" و "**باوەڕ پێ بـوون**" نییە، و هـەموو جارێکیش "**ژیـری**" لەگەڵ "**باوەڕ**"دا یەك ناگرنەوە. لەبەر ئەوە هەر "**باوەڕێك**" لە دژی ئازادی بوو، ئەوا لە دژی "**ژیری**"یە، بۆیە هەر بڕیارێك لە رووی ئەو "**بـاوەڕ**"ەوە بدرێ؛ نابێ بایەخ بدرێ پێی. ئەوجا ئەو بڕیارە "**حکوومەتێکی شەرعی**" داوێتی، یان "**حکوومـەتێکی ناشـەرعی**" ئەوە هـەروەك یەکە. هیچ "**شـەرعیەتێك**" مـافی ئەوەی نییـە "**دژی ئـازادی**" بوەستێ؛ چۆنکـە هـەموو شـەرعیەتێکی کۆمەڵگـەی مرۆڤایـەتی لـە "**ئازادی**"یەوە دەست پێ دەکات.

لەبەر ئەوە کە مەسەلە دێتە سەر ئەفغانستان، مەسـەلە نـە مەسـەلەی ئەوەیـە کە ئایە حکوومەتی بەبرەك شەرعییە یان ناشەرعی، ئایا لەشکری سۆڤێت لـە خۆیـەوە چووەتـە ئەفغانستان یان بـانگ کـراوە، مەسـەلە ئەوەیـە ئایـە بوونـی

حکوومەتی بەبرەك و لەشکری سۆڤێت لە ئەفغانستاندا؛ لەگەڵ بنچینەی ئازادیی مرۆڤ رێك دەکەون، یان لێك دەکەن؟

جا "زانست" دەبێ لەم باری سەرنجەوە دەست بە پشکنین و لێکۆڵینەوە و توێژینەوە بکات و هەر لەبەر رۆناکیی ئەم باری سەرنجە بڕیار بدات، نەك لەبەر رۆناکایی "قانوونی نێو دەوڵەتان" و "دەقیی پەیماننامەی ئەفغانستان و سۆڤێت"، و لە ئەنجامدا دەبێ "هەڵوێستێك" پێشان بدات، بەڵام هەڵوێستێك کە لەگەڵ سەنگ و تەرازووی "ئازادی"دا جووت بەرامبەر بێ. ئەوانەی خۆیان دەدزنەوە لە پێشاندانی هەڵوێست؛ ئەوانە نەك تەنێ زانستانە بیر ناکەنەوە، و زانستانە کارناکەن، بەڵکو هەلپەرست و کوڕی رۆژن، و هەموو هەلپەرست و کوڕی رۆژێك ترسنۆکەو جێی باوەڕ نییە.

بەڵێ... زانست هەڵوێستە نەك بێ هەڵوێستی... هەڵوێستی زانستانەش ئەو هەڵوێستەیە کە لەسەر بنچینەی ئازادی و بۆ ئازادی دەگیرێت.